


ن: م. سەعیدی نوورسی
و: م. فارووق ڕەسووڵ یەحیا
faruq_r@hotmail.com


# موعجیزاتی ئەحمەدی

## ئاماژەی هەشتەم:

## (ئەم ئاماژەیە، بەشێك لەو موعجیزانە ڕوون دەکاتەوە کە پەیوەندییان بە «ئاو»ەوە هەیە)

پێشەکی:

ئەگەر ئەو ڕووداوانەی کە لە بەرچاوی خەڵکی و لە ناویاندا ڕوودەدەن، لە ڕێی «ئاحاد» واتە: یەکە یەکەوە، بە دەستمان بگەن و کەسیش بە درۆیان نەخستبنەوە، ئەوا ئەم بە درۆنەخستنەوەیە بەڵگەیە لەسەر ڕاستیی ڕوودانیان، چونکە سروشتی مرۆڤ وایە کە ئەگەر درۆ ببیستێت ئاشکرای دەکات و دەریدەخات. بە تایبەت ئەوانەی کە هەرگیز لە ئاستی درۆدا بێدەنگ نابن کە هاوەڵە بەڕێزەکانی پێغەمبەری سەرورمان (ﷺ) بە تایبەتیش کە ڕووداوەکان پەیوەندییان بە خودی پێغەمبەرەوە (ﷺ) بێت. هەروەها بە تایبەتی ئەگەر گێڕەرەوەی ڕووداوەکان لە هاوەڵە بەناوبانگەکان بن، لە کاتێکی وادا گێڕەرەوەی ڕووداوەکە وەک نوێنەری هەموو ئەوانە وایە کە بە چاوی خۆیان بینیویانە.

دەبێت ئەوەش بزانین کە هەریەك لە نموونەکانی ئەو موعجیزانەی پەیوەندییان بە «ئاو»ەوە هەیەو لەمەولا باسیان دەکەین، لە چەند ڕێیەکی جیاجیاو لە زۆر هاوەڵی پێغەمبەرەوە (ﷺ)، ڕیوایەت کراون. ئنجا ئیمامو زانایانی «تابعین» وەریانگرتووەو پاراستوونیان، هەموو یەکێك لە ڕیوایەتەکانی ئەو ڕووداوانەیان بەوپەڕی ئەمانەتەوە تەسلیمی کەسانی تری سەردەمی دوای خۆیان کردووە. پاشان چەرخو سەردەمەکەی دوای ئەوان، بەوپەڕی ئەمانەتو لێبڕانەوە وەریانگرتوون، ئنجا ئەوانیش تەسلیمی زانایانی سەردەمی دوای خۆیان کردوون.. بەمجۆرە، هەزاران زانا، لە هەموو سەردەمو چینێکی زانایان، یەك لە دوای یەك، ئەو ڕیوایەتانەیان هێناوە تا سەردەمی ئێستامان.

ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە چەندین کتێبی «صەحیح» هەر لە سەردەمی پێغەمبەرەوە (ﷺ) نووسراونەتەوە، دەستاودەست هاتوون تا کەوتوونەتە دەستی زانایانو پێشەوایانی فەرموودە، وەك ئیمامی بوخاریو موسلیم. ئەوانیش بە تەواوی لێیان تێگەیشتوون، پاشان هەموو ئەو ڕیوایەتانەیان بە گوێرەی پلەکانیان لە یەکتر جیا کردووەتەوە، هەرکامێکیان «صەحیح» بووەو هیچ جۆرە گومانێکی تێدا نەبووە، لە کتێبە صەحیحەکانیاندا تۆماریان کردوون.

بەم کارەشیان ئێمەیان بۆ فەرموودەو ڕووداوە ڕاستەکان ڕێنمایی کردووە، خوا پاداشتی چاکەیان بداتەوە.

نموونەیەك بۆ ئەمە: وەك هەڵقوڵانی ئاو لە نێوان پەنجەکانی پێغەمبەرەوە (ﷺ) و خواردنەوەی زۆر کەس لەو ئاوە. ئەمە ڕووداوێکی موتەواتیرە، کۆمەڵێکی زۆر لەوانەی کە هەرگیز ناگونجێ لەسەر درۆکردن یەکیانگرتبێت، بەڵکو هەر مەحاڵە درۆ بکەن، گێڕاویانەتەوە. کەواتە ئەم موعجیزەیە بێگومانو چەسپاوە. سەرەڕای ئەوەی کە سێ جار لە بەردەم سێ کۆمەڵی زۆر گەورەدا دووپات بووەتەوە.

ئەم ڕووداوە، کۆمەڵێك لە هاوەڵە بەناوبانگەکان، کە لە پێش هەموویانەوە «ئەنەس»ی خزمەتگوزاری پێغەمبەر (ﷺ) و «جابیر»و «ئیبن مەسعوود»ن، بە ڕیوایەتێکی صەحیح گێڕاویانەتەوە. پاشان لە چەند زنجیرە ڕێگایەکەوە پێشەوایانی فەرمووده وەك: ئیمامی بوخاریو موسلیمو ئیمامی مالیك ئیبن شوعەیبو قەتادە (خوایان لێ ڕازی بێت) گێڕاویانەتەوە.

لێرەدا تەنها (نۆ) نموونە باس دەکەین، لەو موعجیزانەی کە پەیوەندییان بە «ئاو»ەوە هەیە:

### نموونەی یەکەم:

لە صەحیحی بوخاریو موسلیمو غەیری ئەوانیشدا چەسپاوە کە: ئەنەسی کوڕی مالیك دەفەرموێ:

«جارێك لە کاتی نوێژی عەسردا خەڵك بۆ ئاوی دەستنوێژ دەگەڕانو دەستیان نەدەکەوت. چاوم لە پێغەمبەر بوو (ﷺ) ئاویان بۆ هێنا کە دەستنوێژی پێ بگرێت. لەو کاتەشدا لە بازاڕ لە لای «زەوراء»دا بوو. پێغەمبەر (ﷺ) دەستی خستە ناو ئاوەکەو فەرمانی بە خەڵکەکەدا بێن دەستنوێژی لێبگرن. ئەنەس دەفەرموێ: ئاو لە نێوان پەنجەکانی پێغەمبەرەوە (ﷺ)، هەڵدەقوڵاو ئەو هەموو خەڵکە دەستنوێژیان لەو ئاوە گرت.

قەتادە دەڵێت: لە ئەنەسم پرسی چەند کەس بوون؟ وتی: «سێ سەد، یان لەو نزیکەدا بووین (١)

دەبینیت ئەنەس (خوای لێ ڕازی بێت) کە ئەم ڕووداوە دەگێڕێتەوە، وەك نوێنەری ئەو سێ سەد کەسە وایە. چونکە ئایا دەگونجێ، لە ناوەڕۆکدا، ئەم سێ سەد کەسە بەشداریی گێڕانەوەی ئەم هەواڵە نەبن لەگەڵ ئەنەسدا؟ یان ئایا دەگونجێ، گەر ئەمە ڕووی نەدابێت، بە درۆی نەخەنەوە؟

بە پشتیوانی خودا لە ژمارەکانی داهاتوودا نموونەکانی دیکە باس دەکەین..

---

(١) صحيح، رواه البخاري ومسلم والنسائي والترمذي وأحمد.



# ئایا ڕاستە زانست بانگەشەی تەحەدای توانای خوا دەکات و کێی بوێت نەزۆکی دەکات؟

و: د. دیاری ئەحمەد ئیسماعیل
diaryismaeil@yahoo.com

هەندێك لە تانەدەران گومانێك بڵاودەكەنەوە، گوایە زانست تەحەدای ویستی خوایی كردووە لە گەردووندا —پاك و بێگەردی بۆ خوا-، بەتایبەتی لەو ئایەتەدا كە ئاماژەی بۆ توانای خوا لە نەزۆك كردنی هەندێك كەسدا كردووە ﴿ لِّلَّهِ مُلْكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ۚ يَخْلُقُ مَا يَشَآءُ ۚ يَهَبُ لِمَن يَشَآءُ إِنَٰثًا وَيَهَبُ لِمَن يَشَآءُ ٱلذُّكُورَ ﴿٤٩﴾ أَوْ يُزَوِّجُهُمْ ذُكْرَانًا وَإِنَٰثًا ۖ وَيَجْعَلُ مَن يَشَآءُ عَقِيمًا ۚ إِنَّهُۥ عَلِيمٌ قَدِيرٌ ﴿٥٠﴾ ﴾ الشورى، واتە: (هەر بۆ خوایە پاشایەتی ئاسمانەكان و زەوی، هەرچی بیەوێ بەدیدەهێنێ، بۆ هەر كەسێ بیەوێ كچی پێ دەبەخشێت و بۆ هەر كەس بیەوێ كوڕی پێ دەبەخشێت، یان كوڕ و كچ بەیەكەوە پێ دەبەخشێت و هەركەسی بوێ نەزۆكی دەكات. بەڕاستی خوا زانای دەسەڵاتدارە)[1].. ئەوان دەڵێن: (ئەو خوایەی دەنازێت بەوەی هەركەسی بوێ نەزۆكی دەكات، ئەوا بەهۆی پێشكەوتنی زانستەوە ئەو هێزەی ڕووی لە كزی كردووە، چونكە ئێستا بە هۆی منداڵی شووشە و سپێرمی بەرهەمهاتوو لە تاقیگەكانی (لە بری دایك)دا، دەتوانرێت ئەوەی كە خوا بە نەزۆكی دروستی كردووە بە ویستی خۆی منداڵ بخاتەوە)[2].. بەڵگەشیان ئەو نەخۆشانەن كە دووچاری حاڵەتی منداڵ نەبوون بوونەتەوە و پاشتر چارەسەركراون.

## ڕەواندنەوەی ئەم گومانە:

**یەكەم:** لە زانستی پزیشكییدا، جیاوازی لە نێوان دوو زاراوەدا هەیە، (sterility)كە بە مانای نەزۆكی (عقم) دێت، و (infertility)كە بە مانای كەمی پیتاندن (الخصوبة) یان نەبوونی پیتاندن دێت، بەكارهێنانی هەردوو زاراوەكە بە یەك مانا بە هەڵە دادەنرێت. زانایانی بواری پزیشكی سەبارەت بە بوونی چارەسەر بۆ نەزۆكی دەستەوەستانی خۆیان ڕاگەیاندووە، چونكە تا ئێستا زانستی پزیشكی چارەسەری سەركەوتووی بۆ نەزۆكی نەكردووە و تەنها توانیویەتی چارەسەری هەندێك حاڵەتی كەمی پیتاندن یان نەبوونی پیتاندن بكات، ئەمەش لەگەڵ ئەوەی زانایانی زمان و تەفسیر بڕیاریان لەسەر داوە بە تەواوی دەگونجێت، و ئەگەر زانست بشتوانێت نەزۆكی چارەسەر بكات لەوەدا هیچ لە ڕووداوەستانێكی خوای گەورە نییە.. بەڵكو ئایین خۆی هانمان دەدات كە بەدوای چارەسەركردندا بگەڕێین، و هیچ چارەسەرێكیش بە بێ بوونی ویستی خوای گەورە سوودی نابێت.

نەزۆكی (ytilirets) تا ئەم ساتەش چارەسەری تەواوی بۆ نەدۆزراوەتەوە، وەك نەخۆشی بۆماوەیی و سكماكی توند كە توشی كۆئەندامی زاووزێ دەبێت، بە تایبەتی ئەو ڕژێنانەی هۆرمۆنە سێكسییەكان دەردەكەن.. هەروەها دروست نەبوونی هێلكەكانی گون (sisenega)، یان پوكانەوەیان بە پلەیەكی توند، وەك لە نەخۆشی كۆنیشانەی كلینفلتەر (Klinfelter Syndrome)، یان دروست نەبوونی هێلكەدان (Ovarian agenesis)، یان خراپ دروست بوونیان (Ovarian dysgenesis)، یان كۆنیشانەی تیرنەر (Turner Syndrome) و تاد ...، كە گرفت لە كرۆمۆسۆمەكاندا دروست دەبێت، یان گرفتێكی گەورە لە كۆئەندامی زاووزێدا، بە هەر هۆكارێك بوو بێت، ئەمانە دەبنە هۆی نەزۆكی.

پێدەچێت بتوانرێت چارەسەری هەندێك لەو حاڵەتانەی سەرەوە بە چاندنی هێلكەگون یان هێلكەدان بكرێت! هەرچەندە ئەم جۆرە (چارەسەرە!) ئەگەر لە حاڵەتێكیشدا سەربكەوێت،

١- پوختەی تەفسیری قورئان، محمد مەلا صالح، چ ٨.

٢- ماذا ترك العلم لإله السماء، كامل النجار، www. gro.rawehA، گۆڤاری (الحوار المتمدن)، ژمارە ٦١٨٢.

چەندین کێشەی ئەخلاقی و دینی گەورەی لێ دەکەوێتەوە، و لەگەڵ ڕوحی ئیسلامدا یەکناگرنەوە، چونکە دەبێتە هۆی تێکەڵبوونی وەچەکان، لە ڕێی ئەو گلاندانە (هێلکەگون یان هێلکەدان) کە گوێزراوەتەوە –بەخشیوەتی بە نەخۆشەکە- کە هەڵگری سیفەتە بۆماوەییەکانە.

**بەڵام کەمی پیتاندن (infertility) گوزارشت لەو حاڵەتانە دەکات کە ئەگەری چارەسەریان هەیە، وەك:**

١- نەخۆشییە سێکسییە جۆراوجۆرەکانی وەك: سیفلس و گۆنۆریا و کلامیدیا و هێرپس. ٢- لە بارچوون و هۆکارەکانی. ٣- بەکارهێنانی لەولەب بۆ منداڵ نەبوون. ٤- هەوکردنی حەوز و زێ بە هۆی نەخۆشییە ناسێکسییەکانەوە. ٥- سیل. ٦- جووت بوون لە کاتی حەیزدا. ٧- خوێنبۆرییەگموڵی گون (دوالی الخصیە) ( varicocele) و ئاوبەندی گون (قیلە مائیە) (hydrocele). ٨- دواکەوتنی جووت بوون (ساڵی شووکردن). ٩- کار و وەرزشی قورسی ئافرەت ١٠- دووچار بوونی کۆئەندامی زاووزێ بۆ تیشك بە تایبەتی بە بڕێکی زۆر. ١١- بەکارهێنانی هەندێك دەرمان، هەروەها توتن (جگەرە) و کوحول. ١٢- بڕین یان گرێدانی بۆری فالوپ لە ئافرەتاندا و بۆری گونەوێلە (بربخ) (epididymis) لە پیاواندا بە نەشتەرگەری. ١٣- هەوکردنی ڤایرۆسیی وەك ملەخڕێ بە تایبەتی لە پیاواندا[3].

ڕای زانایان لە تەفسیری ئایەتی (..وَيَجۡعَلُ مَن يَشَآءُ عَقِيمًاۚ ):

پێشەوا (قورتوبی) لە تەفسیرەکەیدا دەڵێت: (واتە: منداڵی نابێت، ئەوترێت پیاوێکی نەزۆك (رجل عاقر) و ئافرەتێکی نەزۆك (إمرأة عاقر)، وەك چۆن دەوترێت: خاوەندارێتییەکی نەزۆك (مُلْك عقيم) کە تێیدا خزمەکان دەکوژرێن تا میراتگری نەبن.. دەوترێت بایەکی نەزۆك (ريح عقيم) واتە ئەو بایەی نابێتە هۆی پیتاندنی هەور یان درەخت، هەروەها بە ڕۆژی دوایی دەوترێت ڕۆژێکی نەزۆك (يوم عقيم) چونکە ڕۆژی بەدوادا نایەت[4]..)، هەروەها لە ڕاڤەی ئایەتی ﴿وَٱمۡرَأَتِي عَاقِرٞ ﴿٤٠﴾﴾ آل عمران دا دەفەرمووێت: (واتە: نەزۆکە و منداڵی نابێت. دەوترێت: پیاوێکی نەزۆك و ژنێکی نەزۆك، کە نەزۆکییەکەی ئاشکرا بێت.. وتراوە (عاقر) مەبەست پێی نەزۆکە لە لە سکماکەوە، چونکە ئەگەر مەبەست پێی لە کردارەکەدا نەزۆکە، دەیوت (عقرت: بە کردار) واتە: بە هۆی گەورەیی تەمەنییەوە منداڵی نابێت[5]).

هەروەها (ئیبن کەسیر)، لە ڕاڤەی ئایەتی (وَيَجۡعَلُ مَن يَشَآءُ عَقِيمًاۚ )دا دەڵێت: (واتە: منداڵی نابێت[6].. وە لە ڕاڤەی ئایەتی (وَٱمۡرَأَتِي عَاقِرٞ) دا دەڵێت، واتە: هەر لە سەرەتای تەمەنییەوەمنداڵی نەبووە[7]).

شایەنی باسە ئەگەر زانستی نوێ چارەسەری نەزۆکیش بکات (بە شێوەیەك دژایەتی نەبێت لەگەڵ بۆچوونی ئیسلامیدا- ئەوە هیچ دژایەتی لەگەڵ ویستی پەروەردگاردا ناکات، چونکە ئەوەی شیفای لە نەخۆشییەك بۆ بێت، هەر تووشی ئەوە هاتووە کە خوا بۆی نوسیوە، هەر چۆن ئەوەشی کە نەخۆشییەکەی چارەسەر ناکرێت هەر لەو حاڵەتەدایە کە خوا لەسەری نوسیوە.. ئیسلامیش هانی تەداوی کردنی داوە، کاتێك یەکێك پرسیار لە پێغەمبەر (ﷺ)دەکات، دەربارەی ئەوەی بە دوای چارەسەرکردندا بگەڕێت؟ (هل علينا جناح أن نتداوى؟) پێغەمبەر (ﷺ) پێی دەفەرمووێت: (تداوو عباد الله، فإن الله تعالى لم يضع داءً إلا وضع له شفاءً إلا الهرم)[8].

**دووەم:** منداڵبوون لە ڕێگەی (منداڵی شووشە)وە، بریتی نییە لە بەدیهێنان لە نەبوونەوە. ئەگەر بە شێوەیەکی ڕاستیش بەکاربێت لەگەڵ ئاییندا دژایەتی نییە. هەروەها سەرکەوتنیشی لە سەدادەد نییە، بەڵکو پەیوەستە بە ویستی خوداوەندەوە.

لەو کاتەوە کە ئەزموونەکانی پیتاندنی دەستکرد دەستی پێکردووە[9]، بە تایبەتی ئەزموونەکانی پیتاندنی دەستکردی دەرەکی، ئەوانەی بڕوایان بە بوونی خوا نییە، بانگەشەی ئەوە لێدەدەن کە گوایە زانست شوێنی خوای گرتۆتەوە لە دروستکردن (الخلق)دا، و دەتوانن دروستکراوی نوێ بەدیبهێنن.. ئەوە نییە مرۆڤ دروستدەکەن لە دەرەوەی بارودۆخە سروشتییەکەی خۆی! تەنانەت دەتوانن زیاتریش ئەنجام بدەن!



٣- الطبيب.. آدابه وفقهه، د. زهير السباعي ود. محمد علي البار، دار القلم، دمشق، ض١، ١٤١٣ك/ ١٩٩٣ز، ل ٣٣٠- ٣٣٦.

٤- الجامع لأحكام القرآن، القرطبي، دار إحياء التراث العربي، بيروت، ٥٠٤١ك/ ٥٨٩١ز، ج ٦١، ل ٨٤.

٥- هەمان سەرچاوە، ج ٤، ل ٩٧، ٠٨.

٦- تفسير القرآن العظيم، ابن كثير، دار المعرفة، بيروت، ١٤٠٠ك، ١٩٨٠ز، ج ٤، ل ١٢١.

٧- هەمان سەرچاوە، ج ٣، ل ٢٤٢.

٨- (٢/ ١١٣٧)، ژمارە (٣٤٣٦)، شێخ ئەلبانیش بە دروستی داناوە لە (صحيح وضعيف سنن ابن ماجة) بە ژمارە (٣٤٣٦).

٩- پیتاندنی دەستکرد (٢) جۆرە: ناوەکی و دەرەکی.. ناوەکی: بریتییە لە تێکەڵکردنی سپێرم بە هێلکۆکە لە سێیەکی سەرەوەی جۆگەی فالوپ.. لەم جۆرە پیتاندنەدا پێویست ناکات هێلکۆکە بهێنرێتە دەرەوەی جەستە، بەڵکو لە ڕێی دەرزییەوە دەخرێتە ناوەوەی منداڵدان.. دەرەکی: ئەویش بریتییە لە تێکەڵکردنی سپێرم بە هێلکۆکە، بەڵام لە دەرەوەی جەستە، لە ناو شووشەیەکی تاقیگەدا.. پاش تەواوبوونی پیتاندنی هێلکۆکەکە و گەشەکردنی، لە ماوەی (48 -72) کاتژمێر، لە ناو شووشەی تاقیگەکەدا، جارێکی تر دەگەڕێنرێتەوە بۆ جۆگەی فالوپ و لە منداڵداندا نوقم دەکرێت، تا گەشەی سروشتی خۆی بکات. (الموسوعة الفقهية للاجنة والإستنساخ البشري، د. سعيد منصور موفق، دار القمة، مصر، ٢٠٠٥ز، ج ١، ل 698).

لە ڕاستیدا ئەو کارانەی کە زانایان لە ئەزموون و توێژینەوە سەرکەوتووەکانیاندا لە پیتاندنی دەستکردا ئەنجامیان داوە، بە بەدیهێنانێك دانانرێت کە خوا دروستی نەکردبێت.. بۆیە ئەم بانگەشەیە لە هەردوو لایەنی زانستیی و شەرعییەوە نوقستانە:

- لە لایەنی زانستییەوە: بەدیهێنان (الخلق)، یەکێکە لە یاساکانی خوای گەورە کە هەموو دروستکراوەکانی لە بوونەوەردا لە نەبوونەوە بەدیهێناوە، پاش بەدیهێنانیشیان سیستمی منداڵبوون و وەچەنانەوەی بۆ داناون. بەڵام دروست کردن لە پرۆسەی پیتاندنی دەستکردا بریتی نییە لە بەدیهێنان لە نەبوونەوە، بەڵکو هەموو پێکهاتە سەرەکییەکانی ئامادەیە و خۆیان دروست کراون.. ئەو پیاو و ئافرەتەی کە سپێرم و هێلکۆکەکەیان لێ وەردەگیرێت ئامادەن و دروستکراون.. هەروەها سپێرم و هێلکۆکەکەش کە هەر دوو پێکهاتە سەرەکیەکەی ئەو کرداری دروستبوونەن و بێ ئەوان هیچ شتێك نایەتە کایەوە. کەواتە باسکردنی ئەوەی کە پیتاندنی دەرەکی و منداڵی شووشە بریتی بێت لە دروستکراوێکی نوێ لە ڕووی زانستییەوە قسەیەکی بێ مانایە. بەڵکو تەنها ئەوەیە کە بارودۆخێکی نوێ ڕەخساوە لە کرداری گەیاندنی پیتاندن بەرەو منداڵدان، ئەوەش تەنها ئەوەی لێ وەردەگیرێت کە جۆرێك بێت لە چارەسەرکردن. کەواتە زانایان و ئامێرەکانیان بریتین لە هۆکارێك بۆ جێبەجێبوونی ویستی خوای گەورە.

- لە لایەنی دەقەکانیشەوە: دەقەکان، ئەوە دەچەسپێنن کە جگە لە خوای گەورە هیچ هێزێك نییە بەدیهێنەر بێت: ﴿إِنَّهُۥ يَبۡدَؤُاْ ٱلۡخَلۡقَ ثُمَّ يُعِيدُهُۥ ﴿٤﴾﴾ یونس، ﴿قُلِ ٱللَّهُ يَبۡدَؤُاْ ٱلۡخَلۡقَ ثُمَّ يُعِيدُهُۥۖ فَأَنَّىٰ تُؤۡفَكُونَ ﴿٣٤﴾﴾ یونس، ﴿هَٰذَا خَلۡقُ ٱللَّهِ فَأَرُونِي مَاذَا خَلَقَ ٱلَّذِينَ مِن دُونِهِۦۚ ﴿١١﴾﴾ لقمان، ﴿خَلَقَ ٱلۡإِنسَٰنَ مِن نُّطۡفَةٖ فَإِذَا هُوَ خَصِيمٞ مُّبِينٞ ﴿٤﴾﴾ النحل..

باشترین بەڵگە لەسەر ئەوەی کە منداڵی شووشە بەدیهێنراوی خوایە، ئەوەیە کە لە هەمان پێکهاتە دروست بووە کە مرۆڤی لێ دروست کراوە. زانراویشە خوای گەورە ئادەمی لە قوڕ دروست کردووە ﴿إِذۡ قَالَ رَبُّكَ لِلۡمَلَٰٓئِكَةِ إِنِّي خَٰلِقُۢ بَشَرٗا مِّن طِينٖ ﴿٧١﴾ فَإِذَا سَوَّيۡتُهُۥ وَنَفَخۡتُ فِيهِ مِن رُّوحِي فَقَعُواْ لَهُۥ سَٰجِدِينَ ﴿٧٢﴾﴾ ص، ئەمەش زانست و واقیع دەیسەلمێنن.. ئەگەر مشتێك خۆڵ وەربگرین و پارچەیەکیش لە لاشەی مرۆڤ، و شیکردنەوەی کیمیاییان لەسەر ئەنجام بدەین، دەردەکەوێت ئەو پێکهاتانەی لەشی مرۆڤی لێ دروستبووە لەو پێکهاتانە وەرگیراوە کە خۆڵی لێ پێکهاتووە، لەگەڵ جیاوازی لە ڕێژەی پێکهاتەکاندا، بە پێی گرنگییان لە ڕاپەڕاندنی کارەکانی مرۆڤدا. بە تاقیکردنەوەش پێکهاتەکانی لاشەی منداڵی شووشە هەمان پێکهاتەی لاشەی مرۆڤێکی سادەیە.. کە ئەوە دووپاتی لەیەکچوونی پێکهاتەی لاشەی منداڵی شووشە دەکاتەوە لەگەڵ لاشەی هەر منداڵێکی سروشتی کە دێتە دنیاوە، کە ئەمەش نیشانەی ئەوەیە بەدیهێنەری هەردووکیان هەر یەکێکە.

بە بەڵگەی یەکلاکەرەوە –عەقڵی و نەقڵی- دەرکەوتووە خوای گەورە ئەو منداڵە و هەموو بەدیهێنراوەکانی تریشی درووستکردووە ﴿لَا تَبۡدِيلَ لِخَلۡقِ ٱللَّهِۚ ﴿٣٠﴾﴾ الروم. کەواتە هەموو بەڵگەکان نەفی ئەوە دەکەن کە بەدیهێنەرێکی تر هەبێت جگە لە خوای گەورە، ئەگەر چی لای هەندێك وابێت کە ئەمە بەدیهێنانێکی نوێیە، کە لە ڕاستیدا ئەمە بەردەوامی درووستکراوەکانی خوای گەورەیە و باسەکەش لەوە ئاسانترە بەڵگەی بۆ بهێنرێتەوە"[10].

**سێیەم:** بەرهەمهێنانی سپێرم لە قەدەخانە کۆرپەلەییەکانەوە"[11] بە بەدیهێنان ئەژمار ناکرێت.. ئەمە جگە لەوەی دژایەتی ڕەوشت و ئایین دەکات:

هەندێك لە قین لە دڵان بانگەشەی ئەوە دەکەن گوایە زانست شوێنی خوای گرتۆتەوە، و دەتوانن سپێرم دروست بکەن، وەك سپێرمی مرۆڤ، ئەمەش ئەم ئایەتە ﴿أَفَرَءَيۡتُم مَّا تُمۡنُونَ ﴿٥٨﴾ ءَأَنتُمۡ تَخۡلُقُونَهُۥٓ أَمۡ نَحۡنُ ٱلۡخَٰلِقُونَ ﴿٥٩﴾﴾ الواقعة. بەتاڵ دەکاتەوە! بەم سپێرمانەش دەتوانن چارەسەری ئەوانە بکەن کە نەزۆکن، و تەحەددای ویستی خوایی بکەن.. لەم قسانەشیاندا پشت بەو بڕیارانە دەبەستن کە زانایان لە زانکۆی «نیوکاسڵی» بەریتانی بڕیاریان لەسەر داوە کە توانیویانە بە سەرکەوتویی سپێرم لە قەدەخانەی کۆرپەلە دروست بکەن، بۆ چارەسەری نەزۆکی لای پیاوان. دووپاتی ئەوەشیان کردۆتەوە کە ئەم کارە لەوانەیە (٥) ساڵ بخایەنێت بۆ تەواوبوونی ئەو تەکنەلۆجیایەی کە دەستیان پێکردووە لەسەر قەدەخانەی کۆرپەلە.. هەستاون بە وەرگرتنی چەند خانەیەك لە کۆرپەلەیەکەوە کە تەمەنی چەند ڕۆژێك بووە، و لە ناو کۆنتێنەری تایبەتیدا پاراستوویانە کە نایترۆجینی شلی تێدا بووە، و خراوەتە سەر پلەی گەرمای لەش، لە ناو تێکەڵەیەکدا لە ماددەی کیمیایی جیاواز، تا گەشە بکات[12].

## ڕای زانایان:

### أ. زانایانی زانستە ئەزموونییەکان:

(د. ئالان باسی) مامۆستای زیندەوەرزانی لە (زانکۆی شیفلد)، گومانی خستە ئەنجامی توێژینەوەکە.. وێستگەی (BBC)ی بەریتانی لە زاری ئەوەوە ڕایگەیاند کە پێی وانییە ئەو سپێرمانە کە لە تاقیکردنەوەکاندا بەرهەم هاتبن

---

١٠- أطفال الأنابيب بين العلم والشريعة، زياد أحمد سلامة، دار البيارق، بيروت، ض ١، ٧١٤١ك، ٦٩٩١ز، ل ٣١، ٥١ بە دەستکارییەوە.

١١- قەدەخانەی کۆرپەلەیی: بریتییە لەو خانە سەرەکییانەی کە کۆرپەلەی لێ پێکدێت، پێش ئەوەی تایبەتمەندی وەربگرن لە لایەنی کرداری و پێکهاتەییدا بە پێی ئەندامە جیاوازەکانی لەش.. قەدەخانە (llec mets) بریتیە لەو خانانەی کە بە تەواوەتی دابەش نەبوون، دەتوانن لە بوونی بارودۆخی گونجاودا ببنە خانەی پێگەیشتوو لە هەر ئەندامێك لە ئەندامەکانی لەشدا، دەتوانرێت ئاماژەیان پێ بکرێت بە سیستەمی (چاکسازکردن و نوێکردنەوە)ی لەش، ئەمانەش (٢) جۆرن: قەدەخانەی کۆرپەلە کە لە کۆرپەلەکە خۆی دەردەهێنرێت.. هەروەها: قەدەخانەی پێگەیشتوو کە لە خانە جیاوازەکانی لەش دەردەهێنرێت، وەك مۆخی ئێسك و سی و ماسولکەکان و پێست. هتد.

١٢- تخليق حيوانات منوية معمليا.. غير وارد، هشام محمد، ten.enilnomalsi.www.

کامڵ بن، و ئاماژەی بەوەش کرد کە بۆ دیاری کردنی ئەگەری سەرکەوتنی ئەزموونەکە پێویست دەکات ئەم ئەنجامانە بخرێتە ژێر لێکۆڵینەوەی زیاتر.

بە هەمان شێوە (د. عەزیم سورانی) مامۆستای کارئەندامزانی و زۆربوونی بایۆلۆجی لە (زانکۆی کامبرجی بەریتانی)، ڕەزامەندی خۆی دەربڕی بۆ بۆچوونەکانی (د. ئالان باسی) کە "پسپۆڕی لێکۆڵینەوەیە لەسەر سپێرم بۆ ماوەی (٢٠) ساڵ". (سورانی) دەڵێت: ئەو خانانە بە خانەی مەنی دەچن، بەڵام زۆر دوورن لەوەی خانەی مەنی ڕاستەقینە بن.. لە میانەی ڕەتکردنەوەی "سورانی" کە ئەوانە خانەی ڕاستەقینە بن، وشەی (citnehtua)ی بەکارهێنا بە زمانی ئینگلیزی، کە وشەیەکە چەند مانایەك هەڵدەگرێت، وەکو: ڕاستەقینە، بنچینەیی، متمانە پێکراو. ئەمە وەرگیراوە لە ڕۆژنامەی (گاردیانی بەریتانی) لە میانەی ڕاپۆرتێکدا کە هەستابوو بە نمایشکردنی ئەو تاقیکردنەوانەی کە ئەنجام درابوون بەسەر چەند شارەزا و تایبەتمەندێك لەو بوارەدا، و ڕاکانیانی دەرخستبوو، لە ژێر ناونیشانی: "ئایا ڕاستە بەدیهێنانی مەنی لە تاقیگەدا؟" هەروەها (د. پیتەر براود) مامۆستا و سەرۆکی بەشی تەندروستی ئافرەت لە (زانکۆی شاهانە لە لەندەن)، بە هەموو شێوەیەك ڕەتی ئەو جۆرە تاقیکردنەوانە و هەر ئەنجامێکیش لێوەی دەربکەوێت کردەوە، و ڕەتدانەوەکەشی بۆ هۆیەکی یاسایی گەڕانەوە.. ڕاکەشی لەسەر بۆچوونێکی زانستی بنیاتنا. پاشان دوای ئەوەی کە بەلایەوە توێژینەوەکە سەرکەوتوو نەبووە، دەپرسێت: "ئایا تا چ ڕادەیەك ئەم جۆرە تاقیکردنەوانە ئەمنیەتی مەنی دەپارێزن؟" بە بەڵگە هێنانەوەی لەسەر ئەنجامەکانی ئەزموونەکانی پێشووتر وەك کۆپیکردن، و مردنی مەڕە کۆپیکراوی (دولی)، دووپاتی ئەوەی کردەوە کە هیچ هۆکارێك نییە وامان لێ بکات قەناعەت بکەین کە ئەو سپێرمانەی لە تاقیگەدا درووستکراون لە ئەزموونەکانی پێشتر ئەمینتر بێت.

## ب. ڕای زانایانی ڕەوشت:

(جۆزفین کوینتافیل) گرینگیدەر بە ڕەهەندی ئەخلاقی لە توێژینەوە زانستییەکاندا، هێرشێکی توندی کردە سەر ئەو تاقیکردنەوەیە، و وتی: "ئەم توێژینەوەیە بەڵگەیە لەسەر شێتێتی ئەخلاقی، کە تێیدا جینی مرۆڤ تیادەبرێت بۆ دروستکردنی سپێرم، ئەوانە ژیان لەناودەبەن لە پێناو ئەگەری بەدیهێنانی ژیانێکی تر! من پشتگیری چارەسەری نەزۆکی دەکەم، بەڵام پێم وایە ناکرێت چیت بوێت پێی هەستیت."

هەندێکیش پێیان وایە ئەم تاقیکردنەوەیە، ئەگەر سەربگرێت و سپێرمە (دروستکراوەکان) کارەکانی بکات لە پیتاندن و بەرهەمهێنانی کۆرپەلە لە کاتی یەکگرتنی لەگەڵ هێلکۆکەدا لەناو منداڵداندا یان لە تاقیگەدا، تەواوبوونی سەردەمی پیاو دەگەیەنێت، و دەرگا دەکاتەوە لەبەردەم دروست بوونی جۆری نوێ لە خێزان لەسەر بنەمای لادانی سێکسی.

## ج. ڕای زانایانی ئاینی ئیسلام:

جیاوازی هەیە لە نێوان وشەی (تخلیق) و (خلق).. دروستکردن (تخلیق) بریتیە لە داهێنانی شتێکی نوێ کە لە بنەڕەتدا خۆی هەبێت، بەڵام بەدیهێنان (خلق) تەنها لە نەبوونەوە دەبێت، ئەوەی ئەم زانایانەش پێی هەستاون پێی ناوترێت بەدیهێنان، بەڵکو داهێنانە لە شتێکی زیندوو. ئەم زانایانە دانیان بەوەدا ناوە کە قەدەخانەی کۆرپەلەیان بەکارهێناوە لە درووستکردنی سپێرمەکاندا، کەواتە ئەوان نەیانتوانیوە و ناشتوانن شتێك لە نەبوونەوە بەدیبهێنن، بۆیە خوای گەورە دەفەرموێت: (أَفَرَءَيْتُم مَّا تُمْنُونَ ءَأَنتُمْ تَخْلُقُونَهُۥٓ أَمْ نَحْنُ ٱلْخَٰلِقُونَ ).

زانایانی ئایینی لەم بابەتە کۆڵیونەتەوە و بە تەواوی ڕەتیان کردۆتەوە، ئەمە جگە لەوانەی ئەم سپێرمانەی کە بەرهەم هێنراون هێشتا گەشەیان تەواو نەبووە و کاریگەرییان نەسەلمێنراوە.

(د. موحەممەد ڕەئفەت عوسمان) ئەندامی کۆڕبەندی توێژینەوەی ئیسلامی، بە توندی بەکارهێنانی ئەم سپێرمانەی کە لە تاقیگەدا دروستکراون ڕەتکردۆتەوە، و دەڵێت: «تاکە ڕێگەی شەرعی ناسراو بۆ وەچەنانەوە ئەوەیە کە سپێرمەکە لە مێردەکە و هێلکۆکەکەش لە ژنەکەوە بێت. هەر ڕێگەیەکی تر جگە لەوە ئیسلام بە هەموو شێوەیەك ڕەتی دەکاتەوە، لەبەر بوونی ئەگەری تێکەڵاوبوونی پشتەکان (نسب). هەروەکو نابێت ئەو قەدەخانانە بەکاربهێنرێت کە بە دەستی ئەنقەست منالەکە لەباربراوە، بێ هۆیەکی پزیشکی، لەبەر خاتری دروستکردنی سپێرم، وەك زانایان دەیکەن».

هەروەها (د. عوسمان)، ئەوەی دووپاتکردەوە کە ئیسلام بەکارهێنانی زانست ڕەت ناکاتەوە، بەڵام ڕەتی گەمەکردن بە زانست دەکات، بەڵکو هانی بەکارهێنانی ئەو جۆرە خانانە دەدات کە لە بەرژەوەندی مرۆڤدان، وەك چارەسەرکردنی هەندێ نەخۆشی سکماکی، دوای وەرگرتنی مۆڵەتی دایك و باوکی منداڵە خانەبەخشەکە، چونکە دەستخستن و بەکارهێنانی قەدەخانەکان لە هەر چالاکییەکی زانستیدا نابێت ئەگەر ڕێگریکی شەرعی لەسەر بێت، وەك بەکارهێنانیان لە کۆپیکردندا، مەگەر بۆ کارێکی چارەسەریی بێت.

(د. موحەممەد زەیدان) توێژەری شەرعی لە دەزگای ئیسلام ئۆنلاین، دەڵێت: «ئەم گەمەکردنی زانستییە نامانگەیەنێتە هیچ شتێك، لەبەرئەوەی خوای بەدیهێنەر کاری بەدیهێنانی بۆخۆی گەڕاندۆتەوە، فەرمویەتی ﴿ أَلَا لَهُ ٱلْخَلْقُ وَٱلْأَمْرُ ۗ ﴿٥٤﴾ ﴾ الأعراف وەك زانراوە ڕۆڵی

گرنگی سپێرم لە وەچەنانەوە و دروست بوون لەناو منداڵداندا، هەروەك قورئان تەعبیری لێدەكات. ئێمە پێمان وایە ئەم تاقیکردنەوانە ناگاتە شتێك كە شایەنی باس بێت.. ئایەتەكانی قورئان، لە باسی دروستكردنی نوتفەدا، ئیعجاز ئامێزن، بە شێوازێكی كورت و مانادار، كە تەنها لە تایبەتمەندی خوای گەورەدایە، كاتێك بە تەحەدداوە دەفەرموێت: (أَفَرَءَيۡتُم مَّا تُمۡنُونَ ٥٨ ءَأَنتُمۡ تَخۡلُقُونَهُۥٓ أَمۡ نَحۡنُ ٱلۡخَٰلِقُونَ). ئایەتەكەش نیشانەیەكی ڕوونە لەسەر دەستەوەستانی دروستكراو لەبەردەم بەدیهێنانی مەنیەكدا كە نوتفەی تێدابێت، و پاشان بە ویستی خوا ژیانی نوێ پێكبێنێت».. «د. زەیدان» وتەكانی بەوە كۆتایی هێنا: «ئەوانەی كە بەردەوام لە هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی نهێنی بەدیهێنان و نزیكبوونەوە لێی، هەروەك ئەوەیە جووت لە دەریادا بكەن، لە كۆتاییشدا ناگەنە هیچ»[١٣].

بەم شێوەیە دەردەكەوێت زانایانی زانستە ئەزموونییەكان و زانایانی ڕەوشت و ئایینی ئیسلامی یەك دەنگن لەسەر ئەوەی ئەو تاقیكردنەوەیە نەگونجاوە. لە لایەنی زانستییەوە پێیان وایە كە ئەو سپێرمانە ناتەواون و پێویستی بە لێكۆڵینەوەی زیاتر هەیە بۆ دەرخستنی گونجاوی و كاریگەری.. لە لایەنی ڕەوشتیشەوە پێیان وایە ئەوە تاوانێكی ئەخلاقییە. لە لایەنی ئایینیشەوە پێیان وایە كە ئەوە بەدیهێنان نییە لە نەبوونەوە، هەروەها دەبێتە هۆی دەركەوتنی چەندین گەندەڵی بۆ مرۆڤایەتی، بە واتای ئەوەی كە ناگونجێت لەگەڵ ئایینی ئیسلامدا و بە ناشیاوی دادەنێن.

**چوارەم:** بەكرێگرتنی منداڵدان بە بەدیهێنانی كۆرپەلە دانانرێت لە نەبوونەوە و لەلایەن زانایانی پزیشكی و ئایینیشەوە ڕەت دەكرێتەوە:

بەكرێگرتنی منداڵدان نابێتە هۆی بەدیهێنان، چونكە بەدیهێنان دەبێت لە نەبوونەوە بێت. بەڵام ئەوەی كە لەم پرۆسەیەدا ڕوودەدات بریتییە لە بەكارهێنانی هێلكۆكەیەك و پیتاندنی بە سپێرمێك و چاندنی لە منداڵدانی ئافرەتدا كە خۆیان لە بنەڕەتدا بوونیان هەیە..

زانایانی ئایینی ئیسلامی «بە كۆدەنگی» بەكرێگرتنی منداڵدان بە قەدەغە (حەرام) دەزانن، ئەوەشی موخالەفەی ئەوان دەكات ڕاكەی وەرناگیرێت لەبەر لاوازی بەڵگەكانیان، و دژایەتی كردنی بەڵگە ئاشكراكانی شەریعەت[١٤].

## ڕای هەندێك زانایانی بواری پزیشكی لەسەر پرسی بەكرێدانی منداڵدان:

(د. عەبدولهادی میسباح) مامۆستای بەرگری و ئەزموونە پزیشكییەكان، باسی ترسناكیی منداڵدانی بەكرێگیراو دەكات، و دەڵێت: «منداڵدانی ئافرەت بەرپرس نییە لە سیفەتە سكماكییەكان لە لایەنی تیۆرییەوە، بەڵام چەندین شت هەیە ناتوانین لێی تێبگەین لەو كاتەی كۆرپەلەكە لەناو منداڵدانیدایە لەماوەی دووگیانیدا، و ئەو جینانەی كە لە سپێرمی باوك و هێلكۆكەی دایكدا تێكەڵاویی لە نێوانیاندا ڕوودەدات، بۆ هەڵبژاردنی ئەو سیفەتانەی كە منداڵ لەدایكبووەكەی لەسەرە.. لەگەڵ ئەوەی ئەم سیفەت گواستنەوانە لە چەند ڕۆژی یەكەمی دوای پیتاندندا ڕوودەدات، بەڵام هەندێك جین دەمێنن كە سیفەتێكی دیاریكراویان هەڵگرتووە و پێویستیان بە بارودۆخی دیاریكراو هەیە تا دەربكەون.. ئەمە ئەوەیە كە ترسمان لێی هەیە كاتێك كۆرپەلەكە لە منداڵدانێكی غەیری دایكیدایە.. لەوانەیە گۆڕانكاری و كارابوونی هەندێك لەو سیفەتانە ڕووبدات لەو جینانەدا كە خۆیان لە كۆرپەلەكەدا هەن، و باش نییە دەربكەون لە حاڵەتە ئاساییەكاندا، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەگەری كارلێكردنی كۆرپەلە لە لایەن سیفەتە سكماكییەكانی خاوەن منداڵدانە بەكرێگیراوەكە[١٥].

لای زانایانی دەروونناسی ئەم بیرۆكەیە دەبێتە هۆی گرفتی دەروونی زۆر و شوێنەواری سلبی لێ دەكەوێتەوە، بۆ نموونە: (د. فیكری عەبدولعەزیز) مامۆستای دەروونناسی، دووپاتی ئەوە دەكاتەوە هەستكردنی ویژدانی مرۆڤ كە زانراوە لە ڕێگەی ناردن و وەرگرتنی هەستەكانەوە، كە بە بنەمای پەیوەندییە مرۆیی و خێزانییەكان دەژمێردرێت، پێویستی بە هەستكردن هەیە بە دڵنیایی دەروونی و تەندرووستی و كۆمەڵایەتی، و ئەوانەش بە بوونی مرۆڤ دەبێت بە شێوەیەكی سرووشتی لەناو منداڵدانی دایكیدا لە سەرەتای ژیانیدا، پاشان هەستكردنی دایك بە ژانی منداڵبوون و چاودێریكردنی خێزان بۆ منداڵەكەیان لە قۆناغی شیرخواردن و منداڵیی و پێگەیشتن و هەرزەكاری، تا تەواوبوونی بە پەیوەندی نێوان ژن و مێرد.

هەروەها زانایانی كۆمەڵناسی دووپاتی ئەوە دەكەنەوە كە ئەم بیرۆكەیە فێڵێكی ناشەرعییە لە دایكایەتی و باوكایەتی. خانمە (د. عیززەت كەریم) مامۆستای كۆمەڵناسی، دەڵێت: «دایكایەتی مەرجی خۆی هەیە تا كۆرپەلە دروست ببێت، هەر لە چركەساتەكانی سەرەتاوە، نەك تەنها دروست بوونی پەیوەندی ژن و مێردایەتی كە ئاماژە لە دایكایەتی و باوكایەتی ناكات». هەروەها دەڵێت: «ئەو منداڵە لە بارودۆخێكی پڕ لە ململانێ لە نێوان دوو ئافرەتدا لەدایك دەبێت، كە دەبێتە هۆی هەستكردنی بە دابڕان و ونبوون، و دەستەوەستانی لە دیاریكردنی ئەوەی كامیان دایكییەتی، و هەست بە ئینتیما ناكات بۆلای هیچیان، و ئەو كۆمەڵگایە ڕەتدەكاتەوە كە خستوویەتییە ئەم مەوقیفەوە»[١٦].

**سەرچاوە:**

موسوعة حقائق الإعجاز العلمي في القران والسنة النبوية في مواجهة الشبهات، الهيئة العالمية للإعجاز العلمي في القران والسنة، ج٣.

١٣- بنوارە: تخليق حيوانات منوية معمليا.. غير وارد. هەروەها: الخلايا الجذعية.. إنجاز علمي يثير مخاوف أخلاقية، سهير عثمان، www.moheet.com.

١٤- (د. ڕەئفەت عوسمان سەعید) لە بابەتی (إستئجار الأرحام)دا، لە پێگەی www.bab.com دا بە درێژی باسی لەو بابەتە كردووە. دەتوانیت بۆی بگەڕێیتەوە.

١٥- إعلان على الإنترنيت أثار الجدل حول الوسائل الجديدة للإخصاب، أحمد شعبان، www.alittihad.ae.

١٦- تأجير الأرحام في مصر يثير جدل الأطباء وأساتذة علم النفس والإجتماع، شموس التمامي، www.aawsat.com.

﴿ سُبۡحَٰنَ ٱلَّذِي خَلَقَ ٱلۡأَزۡوَٰجَ كُلَّهَا مِمَّا تُنۢبِتُ ٱلۡأَرۡضُ وَمِنۡ أَنفُسِهِمۡ وَمِمَّا لَا يَعۡلَمُونَ ﴾



# جووتەكان لە ڕووەكەكاندا و ئیعجازی قورئان

ئامادەكردنی: (عادل الصعدی.)، پێداچوونەوە: (علي عمر بلعجم.)
و. بە دەستكارییەوە: هاوژین طالب (hawzhin@gmx.de)

**پێشەكی:**

خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دروستكراوەكانی بە ئایەت ناو بردووە و ڕێینمایی كردووین بۆ تێڕوانین و بیركردنەوە لێیان، «ئایەت»یش بریتییە لە نیشانەی دیار و ئاشكرا، كەوابوو هەموو دروستكراوەكان ئایەتی گەردوونین، و بەڵگە و ڕێ نیشاندەرن ڕووە و خوای گەورە و بەدیهێنەر.

لەو بەڵگانەش كە تاك و تەنهایی خوای گەورە دەسەلمێنن بەڵگە و نیشانەی «جووتەكان»ە لە هەموو دروستكراوەكاندا، ویستی خوای گەورە وایە هەموو شتێكی بوونەوەری بەجووت دروست كردووە، ئەمەش بۆ ئەوەی تاك و تەنیایی خوداوەند بە ڕەهایی بەسەر هەموو دروستكراوەكاندا بە ئاشكرا دەربكەوێت، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَمِن كُلِّ شَيۡءٍ خَلَقۡنَا زَوۡجَيۡنِ لَعَلَّكُمۡ تَذَكَّرُونَ ﴿٤٩﴾ ﴾ الذاريات. واتە: «لە هەموو شتێك ئێمە جووتمان دروست كردووە (لە جیهانی ئادەمیزاد و گیاندار و ڕووەك و بێگیاندا، لەهەموو شتێكی ماددی و مەعنەویدا) بۆ ئەوەی بیربكەنەوە و یادەوەری وەربگرن.» لە ئایەتێكی تریشدا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَٱلَّذِي خَلَقَ ٱلۡأَزۡوَٰجَ ﴿١٢﴾ ﴾ الزخرف. واتە: «هەر ئەو زاتە هەموو جووتەكانی (لە جیهانی ئادەمیزاد و زیندەوەران و ڕووەك و بێگیانەكاندا) دروست كردووە، لێرەشدا مەبەست لە (جووتەكان) نێرینە و مێینەیە.»

یەكێك لە دیمەنەكانی ئەم نیشانەیەش بوونی (جووتەكان)ە لە ڕووەكەكاندا، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ سُبۡحَٰنَ ٱلَّذِي خَلَقَ ٱلۡأَزۡوَٰجَ كُلَّهَا مِمَّا تُنۢبِتُ ٱلۡأَرۡضُ وَمِنۡ أَنفُسِهِمۡ وَمِمَّا لَا يَعۡلَمُونَ ﴿٣٦﴾ ﴾ يس. واتە: «پاكی و بێگەردی بۆ ئەو زاتەی هەر هەموو بەدیهێنراوەكانی بەجووت دروست كردووە لەوەی لە زەویدا دەڕوێت، لە خۆیشیان، لەو شتانەش كە نایزانن (لە سەردەمی زانستدا ڕوونبۆتەوە: كە هەموو بەدیهێنراوان ـ ماددی و مەعنەوی ـ جووتن).» ئەمەش دەست پێشخەرییەكی قورئانە و خستنەڕووی ڕاستییەكی زانستییە، كە زانستی نوێ بەم دواییانە پێی گەیشتووە.

**ئەو ئایەتە قورئانییانەی باس لە جووتەكان لە ڕووەكدا دەكەن:**

خوای گەورە لە زۆر ئایەتدا باس لە جووتەكان لە ڕووەكدا دەكات، بۆ نموونە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَهُوَ ٱلَّذِي مَدَّ ٱلۡأَرۡضَ وَجَعَلَ فِيهَا رَوَٰسِيَ وَأَنۡهَٰرٗاۖ وَمِن كُلِّ ٱلثَّمَرَٰتِ جَعَلَ فِيهَا زَوۡجَيۡنِ ٱثۡنَيۡنِۖ يُغۡشِي ٱلَّيۡلَ ٱلنَّهَارَۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَٰتٖ لِّقَوۡمٖ يَتَفَكَّرُونَ ﴿٣﴾ ﴾ الرعد. واتە: «هەر ئەو زاتەشە كە زەوی پان و بەرین كردووە

و (هەرچەندە لە شێوەی گۆدایە)، کەژ و چیا و ڕووباری زۆری تێدا دابین کردووە، لە هەموو بەر و بوومێك جووتی فەراهەم هێناوە لە هەردوو جۆرە، شەوی والێکردووە کە ڕۆژ داپۆشێت، بەڕاستی ئا لەو شتانەدا بەڵگە و نیشانەی زۆر هەن بۆ کەسانێك بیربکەنەوە.» خوای گەورە دەفەرموێت:﴿ وَأَنزَلَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءً فَأَخْرَجْنَا بِهِۦٓ أَزْوَٰجًا مِّن نَّبَاتٍ شَتَّىٰ ﴿٥٣﴾ ﴾ طه واتە: «لە ئاسمانیشەوە باران دادەبەزێنێت، کە بەهۆیەوە چەندەها جووت ڕووەکی پێ ڕواندووە.» وە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَتَرَى ٱلْأَرْضَ هَامِدَةً فَإِذَآ أَنزَلْنَا عَلَيْهَا ٱلْمَآءَ ٱهْتَزَّتْ وَرَبَتْ وَأَنۢبَتَتْ مِن كُلِّ زَوْجٍۭ بَهِيجٍ ﴿٥﴾ ﴾ الحج واتە: (بەڵگەیەکی تریش لەسەر زیندووبوونەوە ئەوەیە کە ئەی ئینسان) تۆ زەویش دەبینیت وشك و برنگە، جا کاتێك ئاوی بارانمان بەسەردا باراند، دادەچڵەکێت و دەلەرزێت و تۆوەکان چەکەرە دەکەن و ڕەگ و چڵ دەردەکەن و دەڕوێن، ئەوسا لە هەموو جۆرە گژوگیا و گوڵ و گوڵزارێکی جوان جووت دەڕوێنێت.» هەروەها دەفەرموێت:﴿ أَوَلَمْ يَرَوْا۟ إِلَى ٱلْأَرْضِ كَمْ أَنۢبَتْنَا فِيهَا مِن كُلِّ زَوْجٍ كَرِيمٍ ﴿٧﴾ ﴾ الشعراء: «ئایا سەرنجی زەوییان نەداوە و لێی ورد نەبونەتەوە، چەندەها جووت گژوگیا و ڕووەکی بە نرخی هەموو جۆر و ڕازاوەمان تێدا ڕواندووە.» ئەمەو چەندین ئایەتی تریش لەم باسەدا هەن کە لەبەر کورت کردنەوەی بابەتەکە نەمان هێناون ...

شایەنی باسیشە کە موفەسیرەکان لە مانای زمانەوانی وشەی (زوجیة) دا جیاوازن، هەندێکیان بە نێرینە و مێینەی ڕاستەقینە هێناویانە، هەندێکی تریشیان بە مانای تر وەك: دوو پۆل، دوو شێوە، دوو ڕەنگ، دوو جۆر ... وەك دواتر ڕوونی دەکەینەوە.

## وتەی موفەسیرەکان:

هەندێ لە موفەسیرەکان ئاماژەیان بەوە داوە، کە مەبەست لە جووتەکان لە ڕووەکدا نێرینە و مێینەیە، (طبري) لە تەفسیری ئایەتی ﴿ وَمِن كُلِّ ٱلثَّمَرَٰتِ جَعَلَ فِيهَا زَوْجَيْنِ ٱثْنَيْنِ ﴿٣﴾ ﴾ الرعد دەڵێت: «لە هەموو بەروبوومێك جووتی فەراهەم هێناوە. مەبەست لە ﴿ زَوْجَيْنِ ٱثْنَيْنِ ﴾ واتە لە هەر نێرێك دووان و لە هەر مێینەیەکیش دووان، بەوەش چوار دەکات لەسەر قسەی هەندێکیان. بەڵگە لەسەر ئەوەش وتەی خوای گەورەیە کە دەفەرموێت:﴿ وَأَنَّهُۥ خَلَقَ ٱلزَّوْجَيْنِ ٱلذَّكَرَ وَٱلْأُنثَىٰ ﴿٤٥﴾ ﴾ النجم واتە: « هەر ئەو زاتەش دوو جۆری دروستکردووە کە نێر و مێیە... لەم ئایەتەدا مانای ﴿ ٱثْنَيْنِ ﴾ بە نێر و مێ هێناوە ﴿ ٱلزَّوْجَيْنِ ﴾[١]، (ئالوسی)ش لە تەفسیری هەمان ئایەتدا: ﴿ وَمِن كُلِّ ٱلثَّمَرَٰتِ جَعَلَ فِيهَا زَوْجَيْنِ ٱثْنَيْنِ ﴾، دەڵێت: «واتە جووتێکی ڕاستەقینە، و بریتییە لەو دوو تاکەی کە هەریەکەیان جووتی ئەوی تر بێت[٢]، (ئەبو حەیان)یش لە (بحر)دا دەڵێت: «وتراوە: هەموو بەروبوومێك نێر و مێی هەیە، (فەراء)یش ئاماژەی بۆ ئەمە کردووە[٣]، (ماوردی)ش لە تەفسیری هەمان

١- تفسير الطبري ٣٢٩/١٦
٢- تفسير الالوسي ١٩٦/٩
٣- تفسير البحر المحيط لابي حيان ٨١/٧

ئایەتی پێشوودا دەڵێت: « نێر و مێن وەك نێریی و مێیی دارخورما، هەروەها لە هەموو ڕووەکەکانی تریشدا ئەگەر چی شاراوە و نادیاریش بێت»[٤]، هەروەها (سیوطي) دەڵێت: (ئەبولشەیخ)یش قسەیەکی (موجاهید)ی لە بارەی ئایەتی ﴿ جَعَلَ فِيهَا زَوْجَيْنِ ٱثْنَيْنِ ﴿٣﴾ ﴾ الرعد گێڕاوەتەوە کە وتویەتی: «نێر و مێ لە هەر جۆرێك»[٥]. (البقاعي)ش دەڵێت: «﴿ وَمِن كُلِّ ٱلثَّمَرَٰتِ ﴾ لەوانەیە ئەم بەشەی ئایەتەکە پەیوەندی بە برگەی پێش خۆیەوە هەبێت، وەك ئەوەی وترا بێت: کێ کەڵك لەم شتانە وەردەگرێت؟ لە وەڵامدا وترا بێت:﴿ جَعَلَ فِيهَا ﴾واتە لە زەویدا ﴿ زَوْجَيْنِ ٱثْنَيْنِ ﴾نێر و مێ لە هەموو جۆرێکی زیندەوەران فەراهەم هاتووە کە سوودی لێوەردەگرن، لەوانەشە پەیوەندی هەبێت بە برگەی دوای خۆیەوە ئەو کاتە ماناکە ببێتە: لە زەویدا لە هەموو بەروبوومێك جووتی (نێر و مێ)ی دروست کردووە، مێیەکە کەڵك لە هەڵاڵەی نێرەکە وەردەگرێت یان بە نزیکبوونەوە لە یەکتر بەروبوومی درەخت و ڕووەکەکان چاك و باشتر دەردەچن»[٦].

### لێکۆڵینەوە تازەکان جووتی لە ڕووەکدا دەچەسپێنن:



وێنەی قووچەکی درەختی سنەوبەر (کاژ)

لەو ڕاستییە زانستییانەی دەربارەی ڕووەك کە تازە زانست پێی گەیشتووە ئەوەیە: خاسیەتەکانی دوو ڕووەکی هەمان جۆر بەتەواوی چوونیەك نین، و بوونی نێر و مێ ئەندامەکانیش لەڕووەکدا بەم دواییانە زانراوە و یەکلاکراوەتەوە، بۆ یەکەم جاریش لەدوای ساڵی (١٧٢٩)ز وە ڕووەکەکان پۆلێن کراون.

ئەگەر دیاردەی (جووتەکان) لە ڕووەکدا نەبووایە، ئەوا نە پیتێن دەبوو نە بەروبووم، چونکە بنەڕەت لە بەروبوومدا بوونی جووتەکانە، هەندێك لە ڕووەکەکان نێر ئەندامەکانیان لەسەر درەختی نێر هەڵدەگرن و مێ ئەندامەکانیشیان لەسەر درەختی مێ، پێیان دەوترێت (ڕووەکە جووتماڵەکان) وەك دارخورما. هەندێ ڕووەکی تریش هەن کە نێر و مێ ئەندامەکانیان لەسەر هەمان ڕووەك بەرهەم دەهێنن پێیان دەوترێت (ڕووەکە تاکماڵەکان) وەك سنەوبەر.

لێرەدا بوونی نێر و مێ ئەندامەکان لەسەر هەمان ڕووەك وادەکات کە زۆربوون لە نێوان ڕووەکەکە خۆیدا ڕوودەدات، ڕوودانی

٤- النكت والعيون للماوردي ٢٩٧/٢
٥- الدر المنثور للسيوطي ٤٧٠/٥
٦- نظم الدرر للبقاعي ٣٢٥/٤

ئەمەش دەبێتە هۆی لاوازبوونی جۆر و کۆکردنەوەی خاسیەتە بۆماوەییە خراپەکان لە یەك ڕووەکدا، لێرەدا سەرسوڕمان و ئیعجاز دەبینین کاتێك ڕووەکی سنەوبەر دەنکە هەلاڵە کە توخمە خانەی نێرینەی تێدایە لە قووچەکی نێردا هەڵدەگرێت، هێلکەش لە قووچەکە مێکاندا، لێرەدا بۆ ئەوەی تێکەڵە پیتێن ڕووبدات و درەختەکە لەنێوان خۆیدا پیتێن نەکات، دەبینین کە قووچەکە مێکان لە بەشی سەرەوەی سنەوبەرەکانن، و قوچەکە نێرەکانیش لە بەشی خوارەوەن، کاتێك دەنکە هەلاڵەکان دەردەپەڕن و با هەڵیان دەگرێت، زەوی ڕایان دەکێشێت ئەو کاتە دەنکە هەلاڵەکان ناکەونە سەر قووچەکە مێکانی هەمان ڕووەك بەڵکو با بۆ درەختێکی تری دراوسێ و تەنیشت دەیان گوێزێتەوە، بەم شێوەیە هەلێکی گەورە بۆ تێکەڵە پیتێن لە نێوان درەخت و درەختێکی تردا دەڕەخسێت، خۆ ئەگەر حاڵەتەکە پێچەوانە بووایە، قووچەکە مێکان لە بەشی خوارەوەی سنەوبەردا بوونایە و قووچەکە نێرەکانیش لە بەشی سەرەوەی سنەوبەردا بوونایە، کاتێك دەنکە هەلاڵەکان لە قووچەکە نێرەکانەوە دەردەپەڕین دەکەوتنە سەر هێلکەکانی هەمان درەخت خۆی، ئەو کاتە ڕێژەی ڕوودانی تێکەڵە پیتێن کەم دەبوو، بەو شێوەیە سیفەتە بۆماوەییەکانی سنەوبەر لە ڕووی جۆر و توخمەوە لاواز دەردەچوون.



وێنەی چڵێکی درەختی سنەوبەر

هەندێ ڕووەکی تری وەك گەنمە شامی هەن کە نێر و مێ ئەندامەکانی گوڵەکەی لە هەمان گوڵدا هەڵدەگرن (نێرەمۆ)ن، لێرەشدا لەبەر هەمان هۆی پێشوو واتە تاوەکو هەلی تێکەڵە پیتێن هەبێت دەبینین نێر ئەندامەکان کوورت ترن لە مێ ئەندامەکان، یان دەبینین کاتی پێگەیشتنی مێ ئەندامەکان جیاوازە لەکاتی پێگەیشتنی نێر ئەندامەکان[7].

نیشانەی «جووتی» لە ڕووەکە گوڵدارەکاندا بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا دیارن، کە زیاتر لە چارەکە ملێۆنێك جۆر لە ڕووەکە گوڵدارەکان هەن، گوڵەکانیشیان کە لە ئەنجامی کردنەوەی چرۆکاندا بەرهەم دێن، لەوانەیە توخمەخانە نێر و مێکانی لەسەر هەمان گوڵ هەڵگرتبێت، یان لە دوو گوڵی جیاوازدا لەسەر هەمان ڕووەك، هەروەها لەوانەیە لە هەمان جۆر ڕووەکی نێر و ڕووەکی مێی هەبێت، بەڵام ئەو ڕووەکانەی

٧- الزوجیە فی النبات للدکتور نظمي خلیل أبوالعطاء نقلا عن موقع http:// www.nazme.net/ar/index.php?p=show_articles&id=2

گوڵدارنین و تۆو ڕووتن بە دوو ڕێگا زۆردەبن و نەمامی نوێ پێکدەهێنن: توخمەزۆربوون و ناتوخمەزۆربوون، لە ڕێگای یەکەمدا ڕووەکەکە نێرە خانە و مێیە خانە پێکدەهێنێت، نێرە خانەکان واتە دەنکە هەلاڵەکان لە قووچەکە نێرەکان دەبنەوەو دەگوازرێنەوە بۆ قووچەکە مێکانی ڕووەکێکی تر، لەوێدا توخمەخانە نێرینەکان توخمەخانە مێکان دەپیتێنن و لەگەڵیەکدا یەکدەگرن و هێلکەی پیتراو بەرهەم دەهێنن، لە ڕێگای دووەمیشدا ڕووەك توخمەخانەی نێر و مێ پێك دەهێنێت کە پێیان دەوترێت سپۆر (أبواغ)، سپۆرەکانیش لە سپۆردانی ڕووەکە پێگەیشتووە هەڵگرەکانیانەوە هەڵدەوەرن و بڵاو دەبنەوە، و دواتر لە ناوەندی لەبار و گونجاودا گەشە دەکەن و ڕووەکی نوێ بەرهەم دەهێنن[8].



وێنەی گوڵی ڕووەکی گەنمە شامی

### ڕووی ئیعجاز:

خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا هەواڵی پێ داوین، کە هەموو دروستکراوەکانی بە ڕوون و ئاشکرایی بە جووت دروست کردووە، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَمِن كُلِّ شَيْءٍ خَلَقْنَا زَوْجَيْنِ لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ ﴿٤٩﴾ ﴾ الذاريات، بۆ هەر یەکێك لە دروستکراوەکانی ئەم گەردوونە نیوەیەکی تر بەرامبەرییەتی کە بەیەکەوە جووتێك پێك دەهێنن، لەو دروستکراوانەش ڕووەکەکانن کە قورئانی پیرۆز لە چەندین ئایەتدا گەواهی ئەوەدەدات کە جووتن و یەکێکیان نێرە و ئەوی تر مێ.

٨- بحث للدکتور زغلول النجار

ئایەتەکانی پێشوو بڕیاریان لەسەر ڕاستییەکی زانستی گرنگ و گەورە داوە، کە ئەویش ئەوەیە ڕووەکەکان جووتن، مەبەستیش لەم جووتییە نێرینە و مێینەیە، ئەو کاتەی ئەم ئایەتانەش دابەزیوون هیچ کەسێك لە مرۆڤەکان بەتایبەتی عەرەب نەیانزانیوە کە ڕووەکەکان جووتن تەنها خورما نەبێت کە عەرەب دەیزانی نێر و مێی هەیە.

تەنها زانستی تازە چەسپاندی کە هەموو ڕووەکێك لە جیهانی ڕووەکدا جووتن، یان نێرە یان مێ و بە «جووتماڵە» ناودەبرێت، یان نێر ئەندامەکان و مێ ئەندامەکان لە سەر هەمان ڕووەکدا هەڵدەگرن و بە «تاکماڵە» ناو دەبرێن، یان گوڵەکان خۆیان نێر ئەندامەکانی گوڵەکەی و مێ ئەندامەکانی گوڵەکەی لە هەمان گوڵدا هەڵدەگرن و بەم گوڵە دەوترێت (نێرەمۆ).

شایەنی باسە ژمارەیەکی زۆر لە موفەسیری قورئانیش هەن کە جووتەکانیان لە ڕووەکدا بە نێرینە و مێینە تەفسیر نەکردووە، بەڵکو بە دوو پۆل و دوو شێوە و دوو ڕەنگ و دوو جۆری جیاواز، هۆکاری ئەوەش کە وای لێکردوون بەو شێوەیە تەفسیری جووتەکان بکەن، ئەوەیە: ئەوان بەبیریاندا نەهاتووە کە ئەو جووتییە جووتی (نێر و مێ)ی ڕاستەقینە بن، چونکە لەسەردەمی ئەواندا ئەوە نەزانراوە، هەر لەبەر ئەمە هاتوون بە مانایەکی تر لە ماناکانی تری «جووت» تەفسیریان کردووە تاوەکو قورئان لە دژایەتی کردنی زانستە باو و بڵاوەکانی سەردەمی خۆیان بپارێزن.

ئەگەر بشگەڕێینەوە بۆ دەقەکانی قورئانی پیرۆز، دەبینین ئەوە دەچەسپێت کە مەبەست لە جووتەکان نێرینە و مێینەیە، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَأَنَّهُۥ خَلَقَ ٱلزَّوۡجَيۡنِ ٱلذَّكَرَ وَٱلۡأُنثَىٰ ٤٥﴾ النجم. وە دەفەرموێت: ﴿فَجَعَلَ مِنۡهُ ٱلزَّوۡجَيۡنِ ٱلذَّكَرَ وَٱلۡأُنثَىٰٓ ٣٩﴾ القيامة واتە: «ئینجا هەر لەو مەنییە هەردوو جووت نێر و مێی دروست کردووە (کە تەواوکاری یەکترن). هەروەها دەفەرموێت: ﴿أَوۡ يُزَوِّجُهُمۡ ذُكۡرَانٗا وَإِنَٰثٗاۖ وَيَجۡعَلُ مَن يَشَآءُ عَقِيمًاۚ إِنَّهُۥ عَلِيمٞ قَدِيرٞ ٥٠﴾ الشورى واتە: «یاخود لە هەردوو جۆر، بەهەندێك خێزان دەبەخشێت لە کوڕ و لە کچ، هەمیشە ویستی خوا وایە هیچی نەدانێ و نەزۆك بێت، بەڕاستی ئەو زاتە زانا و بەدەسەڵاتە.

ئەم دەستپێشخەرییەی قورئان دەی چەسپێنێت، کە قورئان وتەی خوای گەورەیە، و ناردوویەتی بۆ پێغەمبەرەکەی موحەممەد (ﷺ)، و شایەتە لەسەر پێغەمبەرێتی و پەیامەکەی بۆ هەموو خەڵکی، ئەم قورئانەش وەك موعجیزەیەك دەمێنێتەوە و هەموو سەردەمێك نوێ دەبێتەوە هەتا بەڵگە لەسەر هەموو مرۆڤەکان دروست بکات. خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿سَنُرِيهِمۡ ءَايَٰتِنَا فِي ٱلۡأٓفَاقِ وَفِيٓ أَنفُسِهِمۡ حَتَّىٰ يَتَبَيَّنَ لَهُمۡ أَنَّهُ ٱلۡحَقُّۗ أَوَلَمۡ يَكۡفِ بِرَبِّكَ أَنَّهُۥ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ شَهِيدٌ ٥٣﴾ فصلت واتە: «ئێمە لە ئایندەدا بەڵگە و نیشانەی سەرسوڕهێنەریان نیشان دەدەین لە ئاسۆکانی گەردووندا و لە خودی خۆیشیاندا، ئەمەش بۆ ئەوەی تا چاك بۆیان ڕوون بێت و دڵنیابن کە ئەو قورئانە حەق و ڕاست و ڕەوایە، ئایا شایەتی پەروەردگارت بەس نییە کە بێگومان ئاگا و زانایە بە هەموو شتێك؟!»

تێبینی: تەفسیری ئایەتەکان بە کوردی لە (تەفسیری ئاسان) و (پوختەی تەفسیری قورئانی) وەرگیراوە.

سەرچاوە:

http://www.jameataleman.org/agas/abutilon/abutilon3.htm



# جابری کوڕی حەیان



جەمال قەرەداخی

پیرێکی نورانی بە ویقار خاوەن ڕیشێکی درێژو پاك بالأبەرزێکی تیکسمڕاو، ناسراو لە ناو خەڵکدا بە موسڵمانێکی ڕاست و خاوەن ئیمانی بەهێزو سۆفییەکی ڕاست و درووست. هەر کات لە نوێژو پەرستشەکانی بوایەتەوە دەچووە ژوورە خنجیلانەکەی کە هەر وەك تاقیگایەکی خنجیلانەی ئەم سەردەمە وابوو، لەو شوێنەدا خەریکی کاری خۆی دەبوو ئەویش تێکەڵکردن و پێوانەکردنی ماددەکان بوو ئەوەش بریتیە لە زانستی کیمیای ئەمڕۆ.

ئەو پیرە زانایەش ئەبو موسای جابری کوڕی حەیان بوو، کەڵەزانای کیمیای سەردەمی خۆی کە لە ساڵی (٧٣٠)ز لەدایك بووەو لە ساڵی (٨١٣)ز کۆچی دووایی کردووەو ئەو تەمەنە درێژەی هەموو لە خواپەرستی و زانستی وەك کیمیادا سەرف کردووە کە (٩٣) ساڵی ڕەبەق بووە، جابر لە سەردەمی خۆیدا ئەوەندە شارەزابوو لە کیمیا کە ناوی پیشەی جابریان لە کیمیا نابوو.

جابر خاوەنی نزیکەی (٢٠٠) پەڕتووك و نووسراوو دانراوە کە زۆربەیان وەرگێڕاونەتە سەر زمانە بیانییەکان و تائێستاش پارێزراون، بۆ نموونە کتێبی (الخواص الکبیر) کە لە بەریتانیایەو کتێبی (الاحجار) کە لە پاریس پارێزراوە، زۆربەی کتێبەکانیشی لە سەر کیمیان وەك (السر المکنون، الموازین، الارکان الاربعة، المزاج، الاصباغ ...هتد).

جابر یەکەم کەس بووە کە تەرازووی بەکارهێناوە بۆ پێوانەکردن لە تاقیکردنەوەکان و لەو کێشانەی بەکاری هێناون دەنکە (حەبە) بووە کە دوای (٦٠٠) ساڵ ئینجا ئەوروپییەکان پێوانەکردنیان کردە بنچینە لە تاقیکردنەوەکانیاندا.

جابر یەکەم کەس بووە کە بیردۆزی کارلێکی کیمیایی دارشتووە بەوەش پێش (جۆن دالتۆن)ی ئینگلیزی کەوتووە بە چەند سەدەیەك. هەروەها جابر یەکەم کەس بووە کە کاغەزێکی وای دروستکردووە کە نەسووتێت ئەوەش لەسەر داوای پێشەوا جەعفەری صادق تا کتێبەکەی لەسەر بنوسێتەوە کە دەربارەی حیکمەت بووە. هەروەها جابر توانیویەتی کە ڕووکەشکردنێك ئەنجام بدات کە ئەگەر ئاسن و پۆڵا ڕووکەش بکرێن ئەوا ژەنگ ناگرن، گەلێك ڕێگای دۆزییەوە بۆ ئامادەکردنی پۆڵاو کاربۆناتی قورقوشم و کبریتیدی جیوە ... جابر یەکەم کەس بوو کە هەوڵیدا ئاڵتون ئامادە بکات لە هەندێك ماددەی سەرەتایی و توانی ماددەیەك بەرهەم بێنێت کە زۆر لە ئاڵتون دەچووا!

زانا جابر باسی ژەهرو جۆرەکانی کردووەو لە کتێبی (کتاب السموم ودفع مضارها) و ئەوەی ڕوونکردۆتەوە کە ژەهر ماددەیەکی کیمیاییە. کیمیازانی ئینگلیزی (هۆلمیارد) زانا جابری لە پێشەنگی کتێبەکەیدا داناوە کە بە ناوی (مشاهیر الکیمیاپیین) و مێژوونووسی جیهانی سارتۆن دەڵێت (جابر یەکێکە لە زانا بلیمەتەکانی سەدەکانی ناوەڕاست)و زانا بیرتیلۆ دەربارەی جابر دەڵێت (بوونی جابر بۆ کیمیا وەك بوونی ئەرستۆ وایە لە ژیربێژیدا).

شایانی باسە کە زانا جابر خاوەنی زۆر بابەت و تۆژینەوەشە لە سەر تفتەکان و ترشەکان.



# پەرستشێکی لە بیرکراو.. تێڕامان لە دروستکراوەکان

وتاری: عەبدول مەجید زیندانی
و. بەدەستکارییەوە: خالد حسن
khalidbarznjy@yahoo.com

﴿إِنَّ فِي خَلْقِ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَٱخْتِلَٰفِ ٱلَّيْلِ وَٱلنَّهَارِ لَءَايَٰتٍ لِّأُوْلِي ٱلْأَلْبَٰبِ﴾ آل عمران: ١٩٠

ئەم زەوییە شوێنی نیشتەجێبونی ئێمە و چەندین گەل و نەتەوەی ترە و هەموو لەسەری ئاراممان گرتووە، ئەگەر لە مانگەوە لە زەوی بڕوانین، دەبینین زەوی هەسارەیەکی هەڵواسراوە و بەردەوام لە جوڵەدایە، پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿وَفِي ٱلْأَرْضِ ءَايَٰتٌ لِّلْمُوقِنِينَ ۝٢٠﴾ الذاریات. واتە: «لەزەوییدا چەندین بەڵگە و نیشانەی تێدایە، بۆ ئەوانەی دڵنیاییان دەوێ.

زەوی شوێنێکی زۆر تایبەتیی لەناو گەلەئەستێرەکەماندا هەیە، بەشێوەیەك ئەگەر گەلەئەستێرەکەمان بکەین بە (١٥٠) بەشەوە ئەوا تەنها بەشێکی گونجاوی بۆ دانانی زەوی تێدایە، هەروەها شوێنی زەوی لەناو کۆمەڵەی خۆردا هێندەی خاڵێك لە ناو ژوورێکی گەلەئەستێرەکەمان نابێت، بۆیە ئەگەر شوێنی زەوی بگۆڕین، بە نموونە بۆ شوێنی هەرکام لە (زوهرە)، (عەتارد)، یان (مەریخ)، بێگومان سیستەمی شەو و ڕۆژ وگەرمی وکاروبارەکانی ژیان دەگۆڕێت، بەجۆرێك ژیان لەسەر زەوی ئەستەم دەبێت، جا ئایا کێ زەوی لەم شوێنە ڕاست و درووستەدا، لەناو ملیۆنان و ملیاران شوێنی گەلەئەستێرە و کۆمەڵەی خۆردا، لەو شوێنە گونجاوەدا داناوە؟ بێگومان ئەمە کاری خودای زانا (العلیم) و شارەزا (الخبیر)ە بەحاڵ و پێداویستی زیندەوەران.

هەروەها زەوی چەندین جوڵەشی هەیە، لەوانە خولانەوە بەدەوری خۆیدا، کە لە ئەنجامدا شەو و ڕۆژ پێك دێت، بۆ نموونە مانگ ـمانگی جارێك بە دەوری خۆیدا دەخولێتەوە و بە تەواوی بە (٢٧٫٣) ڕۆژ جارێك بە دەوری خۆیدا دەخولێتەوە بەڵام بەردەوام نیوەی مانگەکەی شەوە و نیوەکەی تری ڕۆژە، بە (٢٩٫٢) رۆژ جارێکیش بەدەوری خۆردا دەسوڕێتەوە، واتە شەو و ڕۆژی مانگ نیومانگە، خۆ ئەگەر زەویش بە هەمان شێوەی مانگ بە دەوری خۆیدا بخولایەوە، بێگومان شەوێك دەنوستین و هەموو شەوەکانی دیکە چاوەڕێی هاتنی بەیانیمان دەکرد، زانایانیش دەڵێن ئەگەرکاتی ڕۆژ (١٠) جار لە ئێستا درێژتر بوایە بێگومان گشت زیندەوەران دەسوتان، چەندین هەسارەش هەن شەوێکی بەردەوام و ڕۆژێکی بەردەوامیان هەیە، خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿قُلْ أَرَءَيْتُمْ إِن جَعَلَ ٱللَّهُ عَلَيْكُمُ ٱلَّيْلَ سَرْمَدًا إِلَىٰ يَوْمِ ٱلْقِيَٰمَةِ مَنْ إِلَٰهٌ غَيْرُ ٱللَّهِ يَأْتِيكُم بِضِيَآءٍ أَفَلَا تَسْمَعُونَ ۝٧١ قُلْ أَرَءَيْتُمْ إِن جَعَلَ ٱللَّهُ عَلَيْكُمُ ٱلنَّهَارَ سَرْمَدًا إِلَىٰ يَوْمِ ٱلْقِيَٰمَةِ مَنْ إِلَٰهٌ غَيْرُ ٱللَّهِ يَأْتِيكُم بِلَيْلٍ تَسْكُنُونَ فِيهِ أَفَلَا تُبْصِرُونَ ۝٧٢﴾ القصص واتە: «ئایا دیوتانە گەر خوای گەورە هەموو کاتەکانتان هەتا ڕۆژی دوایی بکاتە شەو ئایا چ خوایەکی تر هەیە جگە لەو ڕوناکیتان بۆ بێنێ؟ ئایا نابیستن، وە ئایا دیوتانە گەر خوای گەورە هەموو کاتەکانتان بۆ بکاتە ڕۆژی ڕوناك هەتا ڕۆژی دوایی ئایا چ خوایەك هەیە جگە لەو شەوتان بۆ بێنێ تا تیایا ئارام بگرن و بحەوێنەوە، ئایا نابینن؟»

پاشان زەوی لارە گۆشەیەکی هەیە و ئەستون لەسەر هێڵی

ستونی چەقەکەی دانەنراوە ( لارەگۆشەکەی ٢٣،٥ پلەیە )، لە ئەنجامی لارە گۆشەی زەوی لەگەڵ جولەی خۆردا، چوار وەرزەکان و گۆڕانی کەش و ئاو و هەوا دروست دەبن، بەمەش ژیان بەردەوام تازە دەبێتەوە، پاشان با لە بەرگەهەوای زەوی ڕامێنین، ئەو بەرگەی خوای کارزان کردویەتییە قەڵغان، هەروەك چۆن هۆکاری هەناسەدان و ژیانیشمانە، هەروەها پارێزەری ئێمە و زیندەوەرانە، ئەم قەڵغانە هەرچەند ڕوون و شەفافە، بەڵام تەنیا ڕێ بە تێپەڕبوونی تیشکە بەسوودەکان دەدات و تیشکە زیانبەخشەکان دەمژێت و پێچەوانە دەکاتەوە. زانایان دەڵێن ئەم بەرگە هەوایە کێشێکی هەیە، کە دەگاتە پێنج ملیۆن بلیۆن تەن، واتە بارستایی هەوا یان قورسایی هەوا لەسەر یەك مەتر دووجای سەر ڕووی زەوی دەکاتە (١٠٣٣٦)کگم واتە (١٠) تەن و (٣٣٦) کگم، کە بەم کێشەی (هێزە زۆرەی) فرۆکەکان هەڵدەگرێت و بەهۆی ئەو پەستانەی درووستی دەکات بەرز دەبنەوە، هەروەها ئەم بەرگەهەوایە کردگار چڕییەکی بۆ داناوە، بەجۆرێك کاتێك نەیزەکەکان بەرە و ڕووی زەوی دەبنەوە، پێش ئەوەی بگەنە سەر زەوی لە هەوادا دەسوتێن، خۆ ئەگەر بگەیشتنایەتە سەر زەوی هەموو زیندەوەرانی لەناو دەبرد و گشت شار و کێڵگە و دارستانەکانی دەسوتاند، هەروەها کێشی هەوا لەگەڵ پەستانی خوێنی لەشماندا بەشێوەیەکی زۆر گونجاو دانراوە، بە جۆرێك هەست بە کێشی هەوا ناکەین؟ بۆچی؟ لەبەرئەوەی لەناو لەشماندا پەستانێکی پێچەوانە هەیە کە پەستانی خوێنە و یەکسانە لەگەڵ پەستانی هەواکەدا، بەوەش هەست بە کێشی هەوا لەسەرمان ناکەین.

ئەم هەوا جوانە کە پێك هاتووە لە نایترۆجین و ئۆکسجین و دووەم ئۆکسیدی کاربۆن، نایترۆجین لەگەڵ هەورە بروسکەدا، لەگەڵ ئۆکسجیندا یەکدەگرێت و دەبێتە هۆکارێك بۆ بە پیتکردنی زەوی و پێك هاتنی خۆراك، هەندێکی تر لە ئۆکسجین هەناسەی پێ دەدەین، هەروەها یارمەتی سوتانی شتەکان دەدات، دووەم ئۆکسیدی کاربۆنیش دێتە لاشەی ڕووەکەکانەوە و ڕووەك خۆراکی لێ دروست دەکات، کەواتە بڕوانە هەوا لە چەند گازێك پێك هاتووە، بەجۆرێك لەگەڵ ژیانماندا بگونجێت و سوودمان پێ بگەیەنێت، بێگومان ئەوە بەڵگەیە لەسەر بەزەیی و دانایی و شارەزایی و زانایی بە دیهێنەرەکەی.

پاشان با ڕامێنین لە هەوا چۆن هەورەکان هەڵدەگرێت و کاتێك تیشکی خۆر دادەبەزێ و هەڵمی ئاو تا سەروو چیاکان بەرزدەبنەوە و چڕ دەبنەوە و هەور پێك دێنن، هەورەکان لە نزمایدا دروست نابن، بەڵکو لەبەرزاییەکاندا دروست دەبن، ئەوەش بە هۆی دیاردەیەکی سەرسوڕهێنەر کە لەگەڵ بەرزبونەوەدا هەرچەند لە خۆر نزیك دەبینەوە بەڵام پلەی گەرما نزم دەبێتەوە، لە بنەڕەتدا دەبووایە پلەی گەرما زیادی بکردایە بەڵام وانیە و کارەکە پێچەوانەیە، هەرچەند بەرز بینەوە پلەی گەرما کەم دەکات، لەبەر ئەوە پلەی گەرمای چیاکان سارد ترە لە نشێو و دۆڵەکان، ئەویش لە پێناوی ئەوەیە هەورەکان چڕ ببنەوە و لەبەرگەهەواکەدا پارێزراو بێت و بمێنێتەوە، خۆ ئەگەر بە پێچەوانەوە گەرما زیادی بکردایە، هەڵمی ئاوەکە دەفڕی و دەچووە دەرەوەی بەرگە هەواکە و بەوەش سوڕەکە نەدەما و بە تێپەڕ بونی کات ئاو لە دەریا و زەریاکانیشدا نەدەما، لەبەرئەوە خوای گەورە ئەم سوننەت و یاسایەی پێچەوانە کردۆتەوە تا هەورەکان دروست ببن و لەبەرگە هەوادا هەڵگیرێن، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَأَنزَلْنَا مِنَ السَّمَاءِ مَاءً بِقَدَرٍ فَأَسْكَنَّاهُ فِي الْأَرْضِ وَإِنَّا عَلَىٰ ذَهَابٍ بِهِ لَقَادِرُونَ ١٨ ﴾ المؤمنون واتە: «لە ئاسمانەوە ئاومان بە ئەندازە باراندووە و لە زەویدا ئارامی دەکەین، وە ئێمە بە توانین بەسەر ئەوەی ئەو ئاوە بڕوات و نەیەتەوە بۆ زەوی، واتە دەتوانین سیستەمی گەرما بگۆڕین بە جۆرێك لەگەڵ سەرکەوتندا گەرما زیاد بکەین بەوەش هەورەکان دروست نەبن و یەك دڵۆپ باران نەبارێت.»

بەرگەهەوا سیستەمی بای تێدایە کە بە هۆیەوە هەورەکان کێش دەکات و باران دەگاتە زۆرینەی ناوچە دوور لە دەریا و ئاوەکان، پاشان ڕامێنین چۆن باران بە لێشاو نابارێت، بەڵکو دڵۆپ دڵۆپ دەبارێت، ئەویش دیارە لەبەرئەوەیە کە زیان بە کشتوکاڵ نەگەیەنێت بەمەش ژیانی زیندەوەران بەردەوام بێت.

خوای گەورە بەدوو پشتێنەی دیکەی موگناتیسی زەوی پاراستووە، چونکە زەوی تەنیا تیشکی خۆری بۆ نایەت بەڵکو چەندین تیشکی دیکە لە ئەستێرەکانەوە دێن بۆی بەڵام بەو پشتێنە موگناتیسیە لەو تیشکە مەترسیدار و بکوژانەی بۆمان دێت دەمان پارێزێت.

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ أَوَلَمْ يَرَ الَّذِينَ كَفَرُوا أَنَّ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ كَانَتَا رَتْقًا فَفَتَقْنَاهُمَا وَجَعَلْنَا مِنَ الْمَاءِ كُلَّ شَيْءٍ حَيٍّ أَفَلَا يُؤْمِنُونَ ٣٠ ﴾ الأنبياء واتە: «ئایا بێباوەڕان سەیریان نەکردووە کە ئاسمانەکان و زەوی پێشتر یەك پارچە بوون و دوایی لە یەکمان جیاکردنەوە.» زانا فەلەکییەکان و جیۆلۆجییەکان ئەزانن کە زەوی بەشێك بووە لە ئاسمان و دواتر لێی جیا بۆتەوە، هەروەك (ابن عباس) پێش ئەوان بە (١٤٠٠) ساڵ لە ڕوانگەی ئەو ئایەتەوە دانی بەوەدا ناوە، بەڵام دواتر ئایەتەکە دەفەرموێت: (وَجَعَلْنَا مِنَ الْمَاءِ كُلَّ شَيْءٍ حَيٍّ أَفَلَا يُؤْمِنُونَ) واتە: لە ئاو هەموو شتێکمان زیندوو کردووە ئایا باوەڕ ناهێنن؟! ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە لەکاتی دروست کردنی زەویدا بڕی پێویست لە ئاوی گونجاوی بۆ دابین کراوە، بڕێکی ئەندازە بۆکێشراو بەجۆرێك لەو بڕە زیاتر بوایە ئاو هەموو شتێکی دادەپۆشی، و ئەگەر کەمتریش بوایە بەشی پێك هاتنی بارانی نەدەکرد، بەڵام پەروەردگاری داناو شارەزا بە ئەندازە و ڕێکخستنێکی بێوێنە بڕەکانی دیاری کردووە.

خوای بەدیهێنەر ئاوی سەر زەوی لە دەریا و زەریاکاندا بە سوێری هەڵگرتووە، خۆ ئەگەر شیرینی بکردایە بێگومان هەموو دەریاکان بۆگەنیان دەکرد، بەڵام لەڕێگەی کرداری بە هەڵم کردنی دەریاکان ئاوی سازگار بە ئاسماندا دەبات و بارانی بێخوێمان بۆ دەبارێنێت. ﴿ أَفَرَأَيْتُمُ الْمَاءَ الَّذِي تَشْرَبُونَ ٦٨ أَأَنتُمْ أَنزَلْتُمُوهُ مِنَ الْمُزْنِ أَمْ نَحْنُ الْمُنزِلُونَ ٦٩ لَوْ نَشَاءُ جَعَلْنَاهُ أُجَاجًا فَلَوْلَا تَشْكُرُونَ ٧٠ ﴾ الواقعة واتە: «ئایا سەرنجی ئەو ئاوەتان نەداوە کە دەیخۆنەوە؟ ئایا ئێوە باراندوتانە لە هەورەکانەوە یان ئێمە دەیبارێنین؟! گەر ویستمان دەیکەینە ئاوی سوێر، ئیتر بۆ سوپاس گوزار نابن؟»

پەروەردگار هەورەکان هێندە بەرز دەکاتەوە کە سەر چیاکان بکەون و چیاکان نەبنە ڕێگر لەبەردەمیاندا تا بۆ

گشت ناوچەکان بە ڕێ بکەون. هەروەها ئاو لە (١٠٠) پلەی سەدیدا دەکوڵێت، لەگەڵ ئەوەشدا گەورەترین توێنەرەوەیە لەچاو ماددەکانی دیکەی سەرزەوی، چەندین ماددە هەیە وەکو بەنزین و کحول و...تاد. کە پلەی کوڵانیان نزم ترە، خۆ ئەگەر پلەی کوڵانی ئاو نزم تر بوایە لە (١٠٠) پلە، ئەوا ئاوی دەریاکان بە هەڵم دەبوون و بە ئاسمانەوە هەڵدەواسران، وەکو ئەو ئاوەی کە لە هەسارەی زوهرەدایە، بەڵام بە هەڵم بوون ڕوودەدات و هەور پێک دێت و دواتر هەوا (با) پاڵی پێوە دەنێت و لە شێوەی باراندا دەبارێت.

خوای تاک و تەنیا دەفەرموێت:﴿ قُلْ سِيرُوا فِي الْأَرْضِ فَانْظُرُوا كَيْفَ بَدَأَ الْخَلْقَ ﴾ العنكبوت واتە: "بەسەر زەویدا بڕۆن و بزانن چۆن سەرەتا دروست بوون دەستی پێکرد." گەر لە ڕوانگەی ئەم ئایەتەوە لەسەرەتای دروستبوون بکۆڵینەوە، بۆمان دەردەکەوێت کەسەرەتای گەردوون بەتەقینەوەی گەورە دەستی پێکرد، ئەو تەقینەوەیەی بووە دروستبوونی هەموو گەلەئەستێرە و خۆر و هەسارە و زەوی، زانایان دەڵێن سەرەتای تەقینەوەکە لە گشت لایەکەوە بە خێراییەکی بێوێنە دەستی پێکرد، پاشان گۆڕانکارییەکان دەستیان پێکرد بە جۆرێك تەنۆلکە بەراییەکانی تیشك دروست بوون، پاشان وردە وردە فراوان بوون و لە چەقی دەرپەڕینیان دوورکەوتنەوە، هەتا قۆناغێك هاتە کایەوە کە تیشك تیایدا دەرکەوت و تاریکایی بەرپا بوو، بەو جۆرەش تاریکایی و تیشکی ڕوناکی دەرپەڕین کە پێشتر لەناو ماددەدا بەند ببوون، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ ءَأَنتُمْ أَشَدُّ خَلْقًا أَمِ السَّمَاءُ بَنَاهَا (٢٧) رَفَعَ سَمْكَهَا فَسَوَّاهَا (٢٨) وَأَغْطَشَ لَيْلَهَا وَأَخْرَجَ ضُحَاهَا (٢٩) ﴾ النازعات واتە: «ئایا دروست کردنی ئێوە گەورەترە یان ئاسمان کە بنیاتی ناوە و بەرزی کردۆتەوە و ڕێکی خستوە و شەوەکەی تاریك کردوە و ڕوناکی لێ دەرهێناوە.»

ئاسمان بە ئەستێرە و تەنەکانی دیکەیەوە جوانییەکی تایبەت بەخۆی هەیە و سەرنجی بینەرەکەی ڕادەکێشێت، زانایان (لە وەکالەتی ناسای فەزایی ئەمەریکا) کاتێك هەندێ وێنەیان بینی تووشی سەرسوڕمان بوون، لە گۆڤاری (زانست) ی ئەمەریکی لە (٢٠) نۆڤەمبەری (١٩٩٥) دا زانا (هایلر) کە یەکێکە لە زاناکانی وەکالەتی فەزایی ئەمەریکی (ناسا)، لەپاش ئەوەی بەهۆی تەلسکۆبی هابلەوە وێنەی چەند ئەستێرەیەکی بینی لە بڵاوکراوەیەکیدا دەڵێت: «کاتێك وێنەکانم بینی توشی سەرسوڕمانێکی زۆر بووم، چونکە ئەو وێنانە شوێنەوارێکی گەورە و جوان و قەشەنگی لەسەر دەروون بەجێدەهێشت.»

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَلَقَدْ جَعَلْنَا فِي السَّمَاءِ بُرُوجًا وَزَيَّنَّاهَا لِلنَّاظِرِينَ (١٦) ﴾ الحجرواتە: «لە ئاسماندا چەندین ئەستێرەمان داناوە و جوان و قەشەنگمان کردووە بۆ ئەوانەی سەیری دەکەن.»

کەواتە با بەردەوام بین لە ڕوانین لە دروستکراوەکانی خوای شارەزا، ئەگەر سەیری نزیکترین تەنی ئاسمان بکەین کە مانگە، ئەم مانگە ڕۆژانە بەدەوری زەویدا چەندین دووری دەبڕێت، هەتا مانگێك تەواو دەکات، بەڵام لەگەڵ سوڕانەوەکەی بە دەوری زەویدا، لەگەڵ جوڵەی زەویشدا دەڕوات، و لەگەڵ گەلە ئەستێرەکەشماندا دەڕوات، لێرەدا پرسیار دەکەین ئایا کێ جوڵەی مانگ لەگەڵ خۆی و زەوی و خۆر و گەلەئەستێرەکاندا ڕێك دەخات؟ زانست پێمان دەڵێت گەر مانگ لە زەوی نزیك ببێتەوە، هێزی کێش کردنی زەوی بۆ مانگ زیاد دەبێت، ئەوکاتەش زەوی مانگ بۆ خۆی کێش دەکات، بەڵام لەگەڵائەوەی مانگ نزیکیش دەبێتەوە لە زەوی بەڵام بۆ خۆی کێش ناکات!؟ چونکە هەر کات نزیك بووەوە خێرایی مانگ زیاد دەکات تا هێزی کێشکردن نەیگرێت، و هەرکات دوور کەوتەوە خێراییەکەی کەم دەکاتەوە تا لە زەوی جیا نەبێتەوە!! ئەم جارەش دەپرسین دەبێت کێ بێت مانگ بەو ڕێکخستنە وردە لە کاتێکی دیاریکراو و دووریی دیاریکراو و ئاراستەی دیاریکراو و خێرایی دیاریکراودا لە هەموو خولەك و چرکەیەکدا ڕێك دەخات؟ بێگومان ئەم ئەندازەکاری و ژمێرارییە بەلگەی ویست و ئیرادەیە، بەوەی یەکێك هەیە و ویستی وایە مانگ لەو دووری و خێرایی و ئاراستەیەدا بمێنێتەوە، ﴿ وَالْقَمَرَ قَدَّرْنَاهُ مَنَازِلَ حَتَّى عَادَ كَالْعُرْجُونِ الْقَدِيمِ (٣٩) ﴾ يس واتە: "مانگ ئەندازەی چەند شوێنێکمان بۆ کردووە، هەتا دەگەڕێتەوە سەر شێوەی لاسکی خورمای کۆنی چەماوە."

خۆر کە ئەستێرەیەکە لە ئەستێرەکان، تاکە ئەستێرەی گونجاوە لە ڕوانگەی ڕوناکی و گەرمییەوە، ئەستێرە هەیە تیشکی شاراوەی هەیە، ئەستێرەش هەیە تیشکێکی زۆر بەهێزی هەیە و یاوەرە لەگەڵ تیشکی سەروو وەنەوشەیی و تیشکی ئێکسی لەناوبەر، واتە ئەستێرە هەیە ڕووناکی هەیە گەرمی نابەخشێت ئەستێرەش هەیە بە پێچەوانەوەیە، بەڵام خوای کاربەجێ خۆری والێ کردووە هەردووکیان بدات وەك دەفەرموێت: ﴿ وَجَعَلْنَا سِرَاجًا وَهَّاجًا (١٣) ﴾ النبأ واتە: «خۆرمان کردووە بە ڕوناکی بەخش و گەرمی بەخش»، لەناوجەرگەی خۆردا چەندین تەقینەوەی ناوکی ڕوو دەدات و دەگاتە سەر ڕووەکەی، پاشان لە ڕووەکەیشەوە بە ئێمە دەگات، تەنها ئەو بڕە گەرمی و ڕوناکییەش دەگاتە ئێمە کە گونجاوە بۆ زەوی، خۆ ئەگەر هەر گۆڕانکارییەك لە شوێن و دانانی خۆردا بکەین، واتە ئەستێرەیەکی تر لە شوێنی خۆردا دابنێین، سەرەنجام وێرانکاری و تێکچوونی گەورە ڕوو دەدات، ئەگەر دووری نێوان زەوی و خۆر کەمێك زیادی بکردایە بێگومان خۆر هەموو شتێکی دەسووتاند، وە بە پێچەوانەوە ئەگەر کەمێك دوورتر بکەوێت، خوێن لەناو دەمارەکانماندا دەیبەست، لێرەشدا دەپرسین ئایا کێ ئەو جوڵە وردانەی بۆ زەوی ڕێك خستووە؟ زەوی بە هەمان شێوەی مانگ لە خۆر نزیك دەبێتەوە، بەڵام لەگەڵ نزیك بونەوەدا خێراییەکەی زیاد دەکات، هەتا بە خۆردا نەکێشێت، و لەکاتی دورکەوتنەوەیدا خێراییەکەی کەم دەکات هەتا لە خولگەی خۆر جیا نەبێتەوە و زەوی بێ خۆر نەمێنێتەوە.

خۆر یەك ملیۆن و سێ سەد و پێنج هەزار جار لە زەویمان گەورەترە، خۆر (٢٧) ڕۆژ جارێك بە دەوری خۆیدا دەخولێتەوە، هەروەك بە دەوری گەلەئەستێرەکەماندا بە خێرایی (٢٣٠کم/چرکە) دەسوڕێتەوە، ئەو گەلەئەستێرەیەی زیاتر لە (١٠٠) ملیار ئەستێرەی لە خۆگرتووە، زەوی لە کۆمەڵەی خۆردا هەروەها کۆمەڵەی خۆر لە گەلەئەستێرەکەدا هێندەی خاڵێکە لە ژوورێکدا، هەروەها گەلەئەستێرەکەمان بەشێکی زۆر بچوکە

لە گەردووندا کە بەرە و گەلەئەستێرەیەکی تر بەناوی (المرأة المسلسلة) بەخێرایی (٤٠کم/ لە چرکەیەکدا) دەڕوات، پاشان هەردووکیان لەگەڵ گەلەئەستێرەی (ئەندرۆیدا)دا هەرسێکیان پێکەوە بە خێرایی (٦٠٠کم/چرکە) بەرە و عنقودی کەشکەشانی (هایدراسەنتۆرس) دەڕۆن پاشان لەگەڵ ئەمیشدا پێکەوە بەرە و «کێشکەری زەبەلاح» (الجاذب العظیم). ئێستا ڕامێنین بۆ هەموو ئەو جوڵانەی خۆر، جوڵەیەك بەدەوری خۆیدا، هەروەها جوڵەیەك بەدەوری گەلەئەستێرەکەدا، پاشان جوڵەیەك بەرە و گەلەئەستێرەی (المرأة المسلسلة) هەروەها جوڵەیەك بەرە(عنقودی مەجەڕی) پاشان جوڵەیەك بەرەو(کێش کەری گەورە)، کە لە هەموو جوڵەیەکیدا خۆر پێویستی بەئاڕاستەی جیاواز و خێرایی جیاواز هەیە تا لە ئەنجامدا هاوسەنگ بێت، پاك و بێگەردی بۆ خوای مەزن کە دەفەرموێت: ﴿ وَٱلشَّمۡسُ تَجۡرِي لِمُسۡتَقَرّٖ لَّهَاۚ ذَٰلِكَ تَقۡدِيرُ ٱلۡعَزِيزِ ٱلۡعَلِيمِ ٣٨ وَٱلۡقَمَرَ قَدَّرۡنَٰهُ مَنَازِلَ حَتَّىٰ عَادَ كَٱلۡعُرۡجُونِ ٱلۡقَدِيمِ ٣٩ لَا ٱلشَّمۡسُ يَنۢبَغِي لَهَآ أَن تُدۡرِكَ ٱلۡقَمَرَ وَلَا ٱلَّيۡلُ سَابِقُ ٱلنَّهَارِۚ وَكُلّٞ فِي فَلَكٖ يَسۡبَحُونَ ٤٠ ﴾ یس واتە: "خۆر بەرەو کاتێکی جێگیر یان شوێنێك دەڕوات، ئەوەش ئەندازەکاری خوای بە توانا و زانایە، مانگیش ئەندازە کراوە لەچەند شوێنێکدا تا دەچێتەوە سەرشێوەی چەماوە، خۆر بۆی نییە بدات لە مانگ واتە دەبێت دووری دیاری کراویان بمێنێتەوە و کەم و زیاد نەکات، شەو پێش ڕۆژ ناکەوێت، هەمووشیان لە خولگەدا جوڵە دەکەن."

پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئەو خێراییە ئەندازە بۆ کراوانەی ئەو هەموو تەنە هاوسەنگانەی گەردوون، ئایا کێ ڕێکیان دەخات؟ کێ ئەندازەیان بۆ دەکێشێت؟ چەندە ژمێریایی پێویستە تا ئەو ئەندازەکاریانە بکرێت؟ کەواتە ئێمە لەبەردەم تەنها یەك حسابدا نین بەڵکو لەبەردەم گەلە حسابێکداین، واتە لەبەردەم وشەی(الحسبان)داین، چونکە لە زمانی عەرەبیدا وشەی (الحسبان) کۆی وشەی (الحساب)ە. وەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ ٱلشَّمۡسُ وَٱلۡقَمَرُ بِحُسۡبَانٖ ٥ ﴾ الرحمن. یان دەفەرموێت:﴿ وَٱلشَّمۡسَ وَٱلۡقَمَرَ حُسۡبَانٗاۚ ذَٰلِكَ تَقۡدِيرُ ٱلۡعَزِيزِ ٱلۡعَلِيمِ ٩٦ ﴾ الأنعام. واتە: «خۆر و مانگ بە کۆمەڵە حسابێکدا دەڕۆن». بۆیە ئێمە پێویستیمان بە کۆمەڵە حسابێکی زۆر ورد و بەردەوام و جۆراو جۆر هەیە لە هەموو ڕوویەك لە هەموو ئاڕاستەیەك لە هەموو خێراییەك لە هەموو گۆشەیەك بۆ هەموو هەسارەیەك بۆ هەموو ئەستێرەیەك بۆ هەموو گەلەئەستێرەیەك، ئایا کێ هەموو ئەمانە ڕێك دەخات، هەموو ئەم حساباتانە بە بەردەوام ئەندازە دەکات؟ هەتا لە ئەنجامدا هاوسەنگی دروست ببێت، وەك دەفەرموێت: ﴿ وَٱلسَّمَآءَ رَفَعَهَا وَوَضَعَ ٱلۡمِيزَانَ ٧ ﴾ الرحمن واتە: ئاسمانی بەرز کردەوەو هاوسەنگیو تەرازوی بۆ دانا. بێگومان ئەمانە بەڵگەن لەسەر ئەندازەکاری، ئەندازەکاریش بەڵگەیە لەسەر ویست و ئیرادە، ویست و ئیرادەش بەڵگەیە لەسەر مەبەست، ئایا ئەم ویست و مەبەستانە هی کێن؟ ئایا هی سروشتە؟ ئایا سروشت ویست و ئیرادە و مەبەستی هەیە؟ ئایا سروشت زانیاری و شارەزایی هەیە تا حسابات بکات؟

گەلەئەستێرەکەمان زیاتر لە (١٠٠ملیار) ئەستێرەی لەخۆگرتووە، یەکێك لەو ئەستێرانە خۆرە کە یەك ملیۆن و سێسەد و پێنج هەزار جار لە زەوی گەورە ترە، ئەستێرەی وای تێدایە ملیۆنان جار لە قەبارەی خۆریش گەورە ترە!! ئایا کێ ئەم تەنە زەبەلاحانەی لە بۆشایدا هەڵواسیوە و کێ دەیانپارێزێت؟ کێ بەردوام دەیانهێنێت و دەیانبات؟ بێگومان هەموو ئەمانە پێویستیان بەکۆمەڵە حسابێکی ورد و ڕێك هەیە، ئەگەر پرسیار بکەیت و سەیری گەردوون بکەیت؟ ئایا گەردوون تۆکمە و پێکەوە بەستراوە؟ ئایا خەلەل و خاڵی لاوازی لە گەردووندا هەیە؟ ئەم پرسیارە لە پرۆفیسۆر (روبارت) کرا، لە وەڵامدا وتی: «بینای گەردوون خاڵی کەلێن و لاوازی تیا نییە، ئاسمان بە تەواوی هاوسەنگە، چونکە کەمترین لاسەنگی و خەلەل دەبێتە هۆی تێکچوونی بینای گەردوون»، هەروەها وتی: «ئەو پرسیارە ئەمڕۆ زاناکانی فەلەك بە (گەردونی تەواو، الكون التام) ناوی دەبەن.»

خوای گەورە دەفەرموێت:﴿ ٱلَّذِي خَلَقَ سَبۡعَ سَمَٰوَٰتٖ طِبَاقٗاۖ مَّا تَرَىٰ فِي خَلۡقِ ٱلرَّحۡمَٰنِ مِن تَفَٰوُتٖۖ فَٱرۡجِعِ ٱلۡبَصَرَ هَلۡ تَرَىٰ مِن فُطُورٖ ٣ ﴾ الملك واتە: «ئەو خوایەی حەوت چینی ئاسمانی دروست کردوە کە هیچ ناڕێکی و خەلەلێك لە دروستکراوی پەروەردگاردا نابینرێت، جارێ تریش سەیری بکەرەوە ئایا هیچ کەلێن و ناڕێکییەك دەبینیت؟» پاك و بێگەردی بۆ ئەو خوایەی ئەم بینایەی ڕێك خستووە و بە هاوسەنگی پاراستویەتی.

زانایان دەڵێن لەگەڵ هەبوونی ئەو هەموو جۆرە جیاوازانەی جوڵەی هەسارە و ئەستێرە و گەلەئەستێرەکاندا، بەڵام گەردوون جێگیر نییە و بەردەوام فراوان دەبێت، و بەو جۆرە نییە کە بە چاوی ئاسایی وا هەست دەکەین ناجوڵێت و جێگیرە.

یەکەم کەس کە ئەم ڕاستییەی دەرخست زانا (هابڵ) بوو لە ساڵی (١٩٢٩)، کە تەلەسکۆبی ئەم دواییە بە ناوی ئەوەوە ناونرا، لەبەر ئەوەی نهێنییەکی گەورەی لە بینای ئاسماندا دۆزییەوە، بەم هەواڵە زانا (ئەنیشتاین) سەرسام بوو بۆیە ویستی بە چاوی خۆی لە تەلسکۆبەکەوە ڕاستییەکە ببینێت دوای ئەوەش کە بینی بیردۆزەکانی نیسبیەتی داڕشت. قورئانی پیرۆز چواردە سەدە پێش ئەوان ئەو ڕاستییەی گەیاندووە وەك دەفەرموێت: ﴿ وَٱلسَّمَآءَ بَنَيۡنَٰهَا بِأَيۡيْدٖ وَإِنَّا لَمُوسِعُونَ ٤٧ ﴾ الذاريات واتە: «ئاسمانمان بنیات ناوە و بەردەوام فراوانی دەکەین.» (موسع) لە زمانی عەرەبیدا (إسم فاعل)ە، (إسم فاعل)یش ئاماژەیە بە ڕابردوو و ئێستا و داهاتوو واتە لە ڕابردوودا ئاسمانمان فراوان کردووە و لە ئێستا و لە داهاتووشدا فراوانی دەکەین. ئەم فراوانە بونەش بەردەوام دەبێت جارێ تا ئەستێرە و گەلەئەستێرەکان کۆدەکرێنەوە و بە پێچەوانەی ئاڕاستەوە دەگەڕێنەوە، وەك دەفەرموێت: ﴿ يَوۡمَ نَطۡوِي ٱلسَّمَآءَ كَطَيِّ ٱلسِّجِلِّ لِلۡكُتُبِۚ كَمَا بَدَأۡنَآ أَوَّلَ خَلۡقٖ نُّعِيدُهُۥۚ وَعۡدًا عَلَيۡنَآۚ إِنَّا كُنَّا فَٰعِلِينَ ١٠٤ ﴾ الأنبياء.

سەرچاوە:
http://www.jameataleman.org/eman/brahen/5.htm



# ڕۆڵی دەستنوێژ لە کەمکردنەوەی کاریگەریە خراپەکانی تووڕەیی

ئەم توێژینەوەیە لە لایەن (د. وهیب دخیل الله، د. هدى محمد، اروى بغدادى، انغام ابولين، سمر الحميدى و ابتهال) ئەنجام دراوە.

وەرگێڕانی بە دەستکاریەوە: د. ئەفرام محمد حسن
(پسپۆڕی نەخۆشیە دەروونیەکان)
afram_afram@yahoo.com

ڕێگەو شێوازی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە لەسەر (١٢) کەسی ئاسایی ئەنجام دراوە کە ناوەندی تەمەنیان (٢٠ +_ ٢،٤) ساڵە.

سەرەتا:

تووڕەیی حاڵەتێکی سۆزدارییە کاتێك تاك ئەو ڕقەی لە ناخیدایە بەرامبەر بە شتێك ئاڕاستەی دەرەوەی دەکات بە قیژاندن یان نواندنی توندوتیژی.

هەرچەندە دەربڕینی تووڕەیی کارێکی باشە بۆ تەندروستی بەڵام تووڕەیی درێژخایەن ئەبێتە هۆی تێکچونی تەندروستی.

بەپێی توێژینەوەکان پەیوەندیەکی ئاشکرا هەیە لە نێوان تووڕەیی و نەخۆشی دڵ و بۆریەکانی خوێن و بەرزی فشاری خوێن و مردنی لەناکاو بەهۆی نەوبەی دڵەوە.

هەروەها توێژینەوەکان ئاماژە بە پەیوەندی نێوان لایەنی دەرونی و ئەگەری زیاد پەککەوتن لە نەخۆشانی ڕۆماتیزم و گرانی کۆنترۆڵکردنی شەکرەی خوێن لەوانەی نەخۆشی شەکرەیان هەیە و هەروەها هەلی ژیان لەوانەی نەخۆشی شێرپەنجەی مەمکیان هەیە و خراپبوونی نیشانەکانی نەخۆشی ڕەبو و هەوکردنی بەشی سەرەوەی کۆئەندامی هەناسە و هەوکردنی ڕیخۆڵەکاندا هەیە.

تووڕەیی لە زانستی فسیۆلۆژیدا (زانستی فرمانی ئەندامەکان) دەچێتە بابەتی فشارەوە کە دەبێتە هۆی وروژاندنی سستمی دەماری بەسۆز و زیادبوونی دەردانی کاتیکولامینەکان و تەسکبوونەوەی بۆریەکانی خوێن و شێواندنی ڕێکخستنی هایپۆسەلامەس و و لانکە ڕژێن و بەرزبوونەوەی ئاستی چەوری زیانبەخش لە خوێندا و خێرا مەینی خوێن و زیادبونی ئەو فاکتەرانەی هۆکارن بۆ هەوکردن وەکو ئینتەرلیوکین-٦.

چارەسەری تووڕەیی دەبێتە هۆی بڕینی پەیوەندی نێوان هاندەرە دەرونیەکان و مەترسی توشبوون بە نەخۆشییە درێژخایەنەکانی دڵ. لە توێژینەوە پێشترەکاندا گەلێك ڕێگا بەکارهێنراوە بۆ کۆنترۆڵکردنی تووڕەیی وەکو وەرزشکردن و ڕاهێنانی خۆخاوکردنەوە و گۆڕینی شێوازی بیرکرنەوە و هونەری چارەسەرکردنی کێشەو گرفتەکان و خۆشتن بە ئاوی سارد و بەکارهێنانی هەندێك دەرمان وەکو هالۆپیریدۆل و ڕسپیریدۆن.

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە دەرخستنی کاریگەری تووڕەییە لەسەر ئاستی هۆرمۆنی کۆرتیزۆن و ئینتەرلیوکین-٦ و گلوکۆز و کۆلیسترۆڵی گشتی و چەوری سیانی و کۆلیسترۆڵی چڕی زۆر و کۆلیسترۆڵی چڕی کەم و ماوەی مەیین و لێدانی دڵ و فشاری خوێن و پاشان ڕۆڵی دەستنوێژ لە کاریگەریە خراپەکانی تووڕەبوون.

لە فەرمودەیەکدا کە ئەبو داود و ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتیان کردووە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) دەفەرموێت: (توڕەیی لە شەیتانەوەیە و شەیتانیش لە ئاگر دروستکراوە و ئاگریش بەئاو دەکوژێتەوە ئەگەر یەکێکتان توڕە بوو با دەستنوێژ بگرێت).

لە فەرمودەیەکی تردا کە ئەبو داود ڕیوایەتی کردووە (٤٧٨٢) لە ئەبو زەڕەوە کە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) پێی وتین: ( ئەگەر یەکێکتان توڕەبوو بە پێوە بوو با دانیشێت ئەگەر توڕەییەکەی ڕۆیشت دەنا با ڕاکشێت).

لە فەرمودەیەکی تردا لە سەحیحی بوخاری ( ٣٢٨٢)، سەحیحی موسلیم (٢٦١٠)، ئەبو داود (٤٧٨١) لە سەلمانی کوڕی سەردەوە: (دوو پیاو هاتنە لای پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) وای کرد یەکێکیان چاوەکانی سوربێتەوە و روخساری بئاوسێت ، پێغەمبەر فەرمووی: من وشەیەك دەزام ئەگەر ئەو کەسە بیڵێت ئەوا ئەم بارەی لەسەر نامێنێت، پەنا دەگرم بە خوا لە شەیتان)

## شێوازی تاقیکردنەوەکە:

دوانـزە خوێندکاری کۆلێژی پزیشکی کە تەمەنیان لە نێوان (١٨- ٢٢) ساڵان دەبێت ، مـاوەی سێ کاژێر لە چاوەڕوانی تاقیکردنەوەکەدا بوون و زانیاریان دراوەتی کە هیچ نەخۆش و لێدانی دڵ و فشاری خوێنیان لە ڕێی ئامێرێکی ئەلەکترۆنیەوە دەپێورا، پاشتر بڕێك خوێنیان لێوەرگیرا بۆ زانینی ئاستی پشکنینەکان. پاشان سیناریۆیەکی وەهمیان بۆ داڕێژرا کە دزییان کردووە داوایان لێکرا بەردەوام بن لە بەرگریکردن لە خۆیان بۆ سەلماندنی بێتاوانیان و پێیان ڕاگەیەندرا کە دواتر لە ڕێی ڤیدیۆوە ئاستی ڕەوانبێژی و بەرگریتان تاقیدەکرێتەوە، پاشان لێدانی دڵ و فشاری خوێنیان دەپێوراو بۆ جاری دووەم خوێنیان لێوەرگیرا بۆ زانینی ئاستی پشکنینەکان ڕاستەوخۆ پاش کارەکەیان، پاشان بۆ جاری سێیەم خوێن لە (٦) کەسیان وەرگیرا پاش ئەوەی دەستنوێژیان گرت، پاشان ( لە خولەکی ١١٥ و ١٢٠) دوو جاری تر خوێن لە هەموویان وەرگیرایەوە (ئەوانەی دەستنوێژیان گرتبوو ئەوانەشی بێ دەستنوێژ دانیشتبوون) ( لەو ماوەیەدا داوایان لێکرا پێوەری سبیلبیرگر پڕبکەنەوە کە پێوەرێکی تایبەتە بە توڕەیی و لە هەشت بەند پێکدێت).

## ئەنجامی توێژینەوەکە:

### یەکەم:

زیادبونی لێدانی دڵ و بـەرزبـوونـەوەی فشاری خوێن (گرژبوون و خاوبوونی دڵ – فشاری بەرز و نزم) لە سەرجەم بەشداربووان‌دا پاش تۆمەتبارکردنیان ، بەشێوەیەکی ئاشکرا ڕۆڵی دەستنوێژ دەردەکەوێت لە کەمبوونەوەی لێدانی دڵ و فشاری خوێنی نزم و بەرز بۆ ئاستی ئاسایی خۆی. بەڵام پاش دوو کاژێر سەرجەم بەشداربوان هەمان باری فسیۆلۆژیان هەبووە.

### دووەم:

زیادبوونێکی ئاشکرای ئاستی شەکر و کۆلیسترۆڵی گشتی و چەوری سیانی و کۆلیسترۆڵی کەمە چڕی. ئەم زیادبوونە پاش دوو سەعات گـەڕاوەتـەوە بـاری ئاسایی لەسەرجەم بەشداربواندا.

### سێیەم:

بەرزبوونەوەی ئاستی کۆرتیزۆل لەسەرجەم بەشداربوندا لەسەرەتادا پاشان دابەزینی خێرای لەوانەی دەستنوێژیان گرتووە و مانەوەی بە بەرزی لەوانەی دەستنوێژیان نەگرتووە.

سەبارەت بە ئینتەرلیوکین-٦ لەوانەی دەستنوێژیان نەگرتووە بەرزبەوەتەوە لە ئاستی ئاسایی.

تێبینی نەکردنی هیچ گۆڕانکاریەك لە ماوەی مەینی خوێن لە هەردوو گروپەکەدا.

## گفتوگۆی توێژینەوەکە:

توڕەیی هۆکاری گەلێك نەخۆشیە و زیادبوونی لێدانی دڵ و بـەرزبـوونـەوەی فشاری خوێن لەگەڵ ئەنجامەکانی توێژینەوەکەی دکتۆر بیکر و هاوڕێکانی دەگونجێت و (تایبەت بوو بە ژنان و پیاوانی تەندروست و کاریگەری فشاری دەرونـی)، هەروەها هاوشێوەی ئەنجامەکانی دکتۆر شیرود و هاوڕێکانێتی کە توێژینەوەیان کردووە سەبارەت بە کاریگەری فشارە دەرونیەکان و لەسەر ئەوانەی نەخۆشی کورت خایەنی خوێنبەری دڵیان هەیە.

ئـەمـەش لـەگـەل بۆچونەکانی دکـتـۆر فیلافریدماندا یەکدەگرێتەوە کاتێك باس لە دەرئەنجامە خراپەکانی فشاری دەرونـی دەکـات لـەسـەر تـەنـدروسـتـی بەهۆی گۆڕانکاری لە کۆئەندامی سوڕان و کوێرە ڕژێنەکان و سستمی بەرگری، باس لەوە دەکات دەبێتە هۆی نەخۆشیەکانی دڵ و بەرزی فشاری خوێن و ڕەقبونی خوێنبەرەکانی دڵ.

سەبارەت بە زیادبوونی ئاستی شەکر و کۆلیسترۆڵی گشتی و چـەوری سیانی و کۆلیسترۆڵی زیان بەخش هاوشێوەی ئەنجامەکانی دکتۆر سیاجمنتال و هاوڕێکانی هەروەها دکتۆر تشکانی و هاوڕێکانێتی کاتێك باس لە پەیوەندی پتەوی نێوان توڕەیی و بەرزبونەوەی ئاستی شەکری خوێن و چەوری خوێن دەکەن. ڕەنگە هۆکاری ئەمەش بۆ گۆڕانکاری لە ئاستی کاتیکۆلامینەکان و کۆرتیزۆلا بگەڕێتەوە، کە دەبنە هۆی هاندانی جگەر بۆ دەردانی بڕێکی زۆر گلوکۆز و هەروەها کاتیکۆلامین دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی دەردانی ئینسۆلین لە خانەکانی بێتا لە پەنکریاس و کۆرتیزۆلیش دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی کاریگەری ئینسۆلین لە ڕێکخستنی گلوکۆز و دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی گلوکۆز.

لە توێژینەوەکەدا ئەوە دەرکەوتووە کە دەستنوێژ دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی یان نەهێشتنی کاریگەری گلوکۆز و

چەوری بەهۆی بوونی ژمارەیەکی زۆر لە وەرگرەکانی ساردی لە پێستدا (دکتۆر تشفیتشك باس لە کاریگەری خۆشۆردن دەکات بە ئاوی سارد)، ئەوەی جێی ئاماژەیە ناوچەکانی دەستنوێژ گەورەترین روبەری هەیە لە ناوچەی هەستەوەری توێژالی مێشك و ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی دەستنوێژ کاریگەری گەورەی هەبێت لە سڕینەوەی کاریگەری تورەیی.

سەبارەت بە زیادبوونی ئاستی کۆرتیزۆل ئەم دەرئەنجامە هاوتایە لەگەڵ توێژینەوەکانی دکتۆر ئیزاوا و هاوڕێکانی هەروەها دکتۆر مونز و هاوڕێکانی کە بەرزبوونەوەی ئاستی چەوری و کۆرتیزۆلیان لە کەسانی تەندروستدا تێبینی کرد پاش بەرەورووبوونەوەیان بۆ فشاری دەرونی بەهۆی وروژاندنی ناوچەی هایپۆسەلامەس و زیاد وەلامدانەوەی کۆئەندامی دەماری بەسۆز و زۆردەردانی ئەدرینالین. ئاوی سارد کاریگەری سڕکەری هەیە لەسەر فشار ئەمەش راڤەی ئەوە دەکات کە ئاستی کۆرتیزۆل دەگەڕێتەوە ئاستی ئاسایی پاش دەستنوێژ.

ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە ئاماژە بە زیادبوونێکی گەورەی ئاستی ئینتەرلیوکین-٦ دەدات لە پلازمادا ئەمەش هاوڕایە لەگەڵ ئەنجامەکانی دکتۆر بیارهس و هاوڕێکانی. هەر چەندە هەندێك توێژینەوەی تر هەمان ئەنجامیان تۆمار نەکردووە وەك توێژینەوەکانی دکتۆر رۆهلدەر هەروەها دکتۆر سراریز و هاوڕێکانیان.

هەرچەندە لەم توێژینەوەیەدا یەکێك لە دەرئەنجامەکانی نەبوونی گۆڕانکاریە لە ماوەی مەیین ئەمەش هاوئەنجامە لەگەل توێژینەوەکەی دکتۆر کانل و هاوڕێکانی بەلاَم بەپێی هەمان توێژینەوە باس لە گۆڕانکاری لە ئاستی فاکتەری فۆنولبرایت و فاکتەرەکانی مەیین دەکات بەتایبەتی فاکتەری حەوت و هەشت و دوانزە).

## کورتەی توێژینەوەکە:

تورەیی دەبێتە هۆی زیادبوونی چالاکی دڵ و بەرزبوونەوەی فشاری خوێن و ئاستی شەکری خوێن و کۆلیسترۆڵی گشتی و کۆلیسترۆلی کەمە چڕ و چەوری سیانی و کۆرتیزۆل و ئینتەرلیوکین و بەهۆی دەستنوێژەوە کەمیان کردووە یان گەڕاونەتەوە باری ئاساییان.

بۆیە ئەم توێژینەوەیە پێشنیار دەکات بە دەستنوێژگرتن پاش تورەبوون چونکە سودێکی زۆری هەیە بۆ پاراستنی تاکەکان لە کاریگەریە مەترسیدارەکانی تورەیی.






# قوتابخانەی زەهرا، دیاری کردنێکی دێرین و چارەسەرێکی دروست بۆ کێشە کۆمەڵایەتییەکان

لە بەرواری ١٢-٢٠١٢/١٠/١٤ لە شاری (وان)ی باکووری کوردستان کۆنگرەیەکی زانستی بەڕێوەچوو بە ناونیشانی (بەدیعوززەمان و فەلسەفەی فێرکردن، سیمپۆزیەمی قوتابخانەی زەهرا)

کە لە لایەن زانکۆی شارەکە و پارێزگا و دوو ناوەندی ئەکادیمیەوە لە هۆڵی ئوتێل (elitr world) سازکرا.









لە ئەندامانی ناوەندەکەمان مامۆستا (فاروق ڕەسوڵ یەحیا) بە باسێك بەشداریی تێدا کرد لە ژێر ناونیشانی: (قوتابخانەی زەهرا، دیاری کردنێکی دێرین و چارەسەرێکی دروست بۆ کێشە کۆمەڵایەتییەکان). ئەمەش پوختەی بابەتەکەیەتی:

مامۆستا (فاروق ڕەسوڵ یەحیا)
faruq_r@hotmail.com

## بە ناوی خوای گەورە و میهرەبان

پێشەکی:

ماوەی ژیانی بەدیعوززەمان مامۆستا سەعیدی نوورسی (١٨٧٦-١٩٦٠ز) بەوە تایبەتمەندە کە گەلێ ئاڵوگۆڕی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فیکریی لە کۆمەڵگای عوسمانی و دواتر کۆمەڵگای تورکیدا بەخۆوە بینیوە، جێدەستی ئەو ئاڵوگۆڕانەش لە سەر ڕووداوەکانی دوای خۆیان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ پێش چاو دەکەون..

قۆناغی "ڕێکخستنەکان"ی عوسمانی (١٨٣٩-١٨٧٦ز) هەندێ نەوەی ئەوتۆی پێگەیاند کە بێ هیچ کردارێکی تەتەڵە و پاکژکاری و، بە بێ ڕەچاوکردنی هەلومەرجی کات و شوێن، شەیدای هەموو شتێکی خۆرئاوا بوون و دەیانویست دەوڵەت لە گشت هەنگاوەکانیدا شوێن پێی ئەوروپا هەڵبگرێت.. لەو لاشەوە هەندێك لە پارێزگاران هەبوون کە پێیان وابوو هەموو باشییەك تەنها لەوەدایە دەست لە داوێنی شتانی کۆن گیر بکرێت، بۆیە هەر هەوڵێکی چاکسازی و بەرەوپێش بردنیان بە خاڵێکی مەترسیدار دەبینی!

مامۆستا بەدیعوززەمان لەم سەردەمەدا لە دایك بووە.. هەروەك لەم کوردستانەدا چاوی بە دنیا هەڵهێناوە، کە زۆر لە مێژ بوو لە لایەن کارگێڕیی دەوڵەتەوە لە هەموو ڕوویەکەوە پشتگوێ خرابوو.

خوای گەورە زیرەکییەکی لەرادەبەدەر و دڵسۆزییەکی بێ وێنە و تێڕوانێکی ناخبین و ناوازەی بە سەیدا بەدیعوززەمان بەخشیبوو. هەر بۆیە لە ماوەیەکی یەکجار کەمدا پرۆسەی خوێندنی تەواو کرد و، زانستەکانی سەردەمی بەدەست هێنا و، سەرنجی زانایان و پیاوماقووڵانی بەلای خۆیدا ڕاکێشا و، ڕێزی والییەکانی بەدەست هێنا و، پێشنیارەکانی لای ئەوان بە هەند وەردەگیرا.

کەسایەتییە سیاسییەکان گەر بۆ ماوەیەکی کەم ڕووداوەکان دروست بکەن، یاخود ڕووداوەکان ئەوان دروست بکات و پاشان بڕۆن و نەمێنن، ئەوا بیریاران و چاکخوازانی ڕاستەقینە لەناو دڵی نەتەوەکانیاندا بەردەوام ناویان بە زیندوویی دەمێنێتەوە.. بێ گومان بەدیعوززەمان یەکێکە لەو مەردە زیندووە هەڵکەوتووانە.

ئەم مامۆستا بلیمەتە، کاتێ چاوی بە دەوروبەردا هەڵهێنا و دیاردە و ڕووداوەکانی ناو کۆمەڵگای کوردەواریی هەڵسەنگاند، تێگەیشت کە ئەو کومەڵگایە بە دەست گەلێ کێشە و گرفتەوە دەتلێتەوە کە چارەسەری ڕیشەییان بۆ نەدۆزراوەتەوە.

بەدیعوززەمان هۆکارەکان دەست نیشان دەکات:

گەڕانی مامۆستا سەعیدی نوورسی بۆ خوێندن بەناو گوند و شارەکانی کوردستاندا هەڵێکی ڕەخساوی سەروزیاد بوو بۆ ئەوەی کە هۆکارەکانی دواکەوتنی کۆمەڵگا دەست نیشان بکات و، کۆمەڵێ ئەزموونی بەپیت بەدەست بهێنێت کە بۆ پرۆژە چاکسازییەکانی

لە قۆناغەکانی دواتری ژیانیدا کەڵکیان لێ وەربگرێت.

ئاشکرایە ئەو دەرەنجامانەی کە مرۆڤێکی هەڵکەوتووی وەکو "نوورسی" بە تێڕامان و سەلیقەی خۆی پێیان دەگات، چەند ڕا و بۆچوونێکی ئەوتۆ نابن کە ڕاستی و دروستییان جێی پرسیار و لێدوان بێت. چونکە چالاکییە زانستی و ڕامیارییەکانی نوورسی و، ئەزموونە جۆراوجۆرەکانی، بە ڕادەیەك بەهرە و تواناکانی ئەویان دەمەزرد کردبوو کە زۆر بە ڕوونی و دڵنیایی ئەو ڕێگایەی دەبینی کە گرتبوویەبەر.

مامۆستا بەدیعوززەمان، لە ئەنجامی بەدواداچوونی بارودۆخەکان و تاوتوێ کردنی گشت دیاردەکان، بناغەی سەرجەم گرفتە کۆمەڵایەتییەکانی بۆ سێ دەردی کوشندە گێڕایەوە، کە بریتین لە: (نەزانی، هەژاری، دووبەرەکی)..

لەو باوەڕەشدا بوو کە چارەسەرکردنی کێشەی "نەزانی" - بە هەموو جۆرەکانیەوە - دەرگا دەخاتە سەرپشت بۆ ڕێگا چارەی گرفتەکانی تر.

بەڵام ئایا ڕۆڵی قوتابخانەکانی ئەو کاتە چی بووە لە بەرەنگاربوونەوەی "نەزانی" و، بڵاوکردنەوەی "زانست" و "بەگژاچوونەوەی دواکەوتنی شارستانی"؟

لە ڕاستیدا قوتابخانە ئایینییەکان لە شارەکان و زۆرێك لە گوندەکانی وڵاتدا تابڵێی کارا بوون و، خوێندکاران ڕوویان تێدەکردن.. هەروەك لە چەند ناوچەیەکدا هەندێ قوتابخانەی نوێ دامەزرابوو.. بەڵام جیاوازیی نێوان ڕێبازی ئەم دوو جۆرە پەروەردە و خوێندنە دەرەنجامێکی وەهای لێ کەوتەوە کە هیچ کامیان سوود لەوی تر وەرنەگرێت و سوودیشی پێ نەگەیەنێت!

چونکە قوتابخانە ئایینییەکان بەپێی ڕێبازێکی دێرینەی ئەوتۆ خزمەتیان پێشکەش دەکرد کە لەگەڵ خواستی سەردەمدا یەکی نەدەگرتەوە و بایەخیشی بە وتنەوەی زانستە نوێیەکان نەئەدا، هەروەك بیرکردنەوەی دەرچووانیشی لە بیرکردنەوەی خەڵکی سەدەکانی پێشوو دەچوو!

لەولایشەوە قوتابخانە نوێیەکان، لە زانستە ئایینییەکان نامۆ بووبوون و، بناغەڕێژییان بۆ زانستەکانی سەردەمیش تەنها و تەنها لە ڕەهەندێکی ماددیی سروشتییەوە بوو کە لەگەڵ تایبەتمەندیی وڵاتدا یەکی نەدەگرتەوە. لەبەر ئەوە نەوەیەکیان پێدەگەیاند کە زانیاریی کەمی لە زانستە ئایینییەکان پێ بێت و، جۆری خوێندنەکەشیان دووری خستنەوە لەوەی کە بە تەواوەتی تامی "زانستی ڕاستەقینە" بچێژن.

مامۆستا نوورسی سەبارەت بە حاڵی ئەو دوو جۆرە خوێندنگایە و حاڵی تەکیە و خانەقاکانی ئەو ڕۆژگارە دەڵێ:

(ئیسلام - کە بریتییە لە شارستانێتیی ڕاستەقینە - لەم چەرخی پێشکەوتنەدا بە وێنەی شارستانێتیی ئەم ڕۆژگارە هەنگاوی بەرەو پێش نەناوە..

پێم وایە گەورەترین هۆکاری ئەمە بریتییە لە جیاوازیی بیروڕاکان لە نێوان ئەهلی قوتابخانە ئایینییەکان و، قوتابخانە تازەکان و، تەکیە و خانەقاکاندا)..

پاشان دەڵێ:

(ئەم جیاوازییەی کە لە نێوان بیر و بۆچوونەکاندا بەدی دەکرێت، ڕەوشتی موسڵمانانی ترازاندووە و لە کاروانی شارستانێتی دوای خستوون).

ڕێگا چارەی ئەم دەردە کۆمەڵایەتییە:

قورئانی پیرۆز ئەو سەرچاوە سەرەکی و بنەڕەتییە بوو کە مامۆستا نوورسی بۆ ڕێکخستنی هەموو شتێکی ژیانی ڕێنمایی لێ وەردەگرت و لە ڕووناکیی ئایەتەکانیدا نەخشەی بۆ ئامانجەکانی خۆی دادەڕشت..

ئیتر لەم ڕەهەندەوە دڵنیا بوو لەوەی کە چارەسەری یەك لایەنە دەرەنجامی ئیجابیی لێ ناکەوێتەوە، بەڵکو دەبێ قەوارەی هەمە لایەنەی مرۆڤ لە چارەسەری کێشەکانیدا بە هەند وەربگیرێت، چونکە سەرنجی دا قورئانی پیرۆز بەو چاوە دەڕوانێتە مرۆڤ کە تۆڕێکی پێکەوە گرێدراوی تۆکمە و توندوتۆڵە لە «گیان» و «دڵ» و «دەروون» و «ژیری» و، قورئانی پیرۆز بایەخی بە هەریەك لە تاڵەکانی ئەو تۆڕە داوە، تاکو هیچ کامیان بەسەر ئەوانی تردا زاڵ نەبێت و، نەبێتە مایەی لەدەستدانی «هاوسەنگی» کە ئەوەش دژی سروشتی مرۆڤە. قورئان دەفەرموێت:

﴿ وَٱلسَّمَآءَ رَفَعَهَا وَوَضَعَ ٱلۡمِيزَانَ ۝٧ أَلَّا تَطۡغَوۡاْ فِي ٱلۡمِيزَانِ ۝٨ وَأَقِيمُواْ ٱلۡوَزۡنَ بِٱلۡقِسۡطِ وَلَا تُخۡسِرُواْ ٱلۡمِيزَانَ ۝٩ ﴾ الرحمن.

خۆ ئەگەر بڕوانینە کۆی ئەو هۆکارانەی کە نەتەوەیان لە کاروانی شارستانێتی دواخستووە، ئەوا بێ گومان لە دەستدانی ئەم «هاوسەنگی»یە وەك هۆکارێکی گرنگ لە نێوانیاندا بەدی دەکەین.

لەم ڕووەوە مامۆستا نوورسی، کە بەهۆی شارەزایی لە هەردوو جۆرە زانستەکاندا نازناوی «بەدیعوززەمان»ی بۆ دانرابوو، زانیی سەرکەوتووترین چارەسەر بۆ کێشەی «نەزانی» کردنەوەی قوتابخانە و زانکۆی نوێیە لە چەند ناوچە و شارێکی کوردستاندا – کە یەکێکیان ئەم شارە دێرینەیە – بە مەرجێك هەردوو جۆرە زانستەکانی پێکەوە تێدا بخوێنرێت، ئەوەش لە ڕووناکیی ئەو وتە بەناوبانگەی خۆیدا کە دەڵێت:

(ڕووناکیی «دڵ» زانستە ئایینییەکانە و، نووری «عەقڵ»یش زانستە گەردوونییە تازەکانە. بە تێکەڵاو کردنی ئەم دوانە «ڕاستی» دەردەکەوێت و، بە لێك جیابوونەوەشیان «دەمارگیری» لە یەکەمدا و «فرت و فێڵ و گومان»یش لە دووهەمیاندا سەرهەڵدەدات).

ئەوەتا دەڵێ:

(چارەسەر بەوە دەبێت کە بە چەشنێکی دروست و ڕاستەقینە زانستە ئایینیەکان لە قوتابخانە نوێیەکاندا بخوێنرێن و.. لە قوتابخانە ئایینیەکانیشدا هەندێ لە زانستە نوێیەکان بخوێنرێت.. هەروەها دانانی زانای پایەدار و ئاگادارە بۆ تەکیە و خانەقاکان.. ئەو کاتە، ئومێدێکی توندوتۆڵ دەبێت بەوەی کە ئەم سێ لایەنە ببن بە دەزگایەکی هاوکار و تەبای ئەوتۆ پێکەوە پلەکانی پێشکەوتن ببڕن).

لە ڕاستیدا پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن تەنها بریتی نییە لە ئامۆژگاری و پاکژکاری و فێرکاری، بەڵکو لەگەڵ ئەوەشدا ڕێباز و، بنیاتنان و، بەڵگەهێنانەوەیەکی ئەوتۆیە کە تەواوکەری توخمەکانی ئەو پرۆسەیەن و، ئەرکی ئەستۆی پرۆسەکەش دەکەنە ئەرکێکی گشتی و هەمە لایەنە. ئەمەش ئەو ئامانجەیە کە مامۆستا نوورسی زۆر بە توندوتۆڵی سوور بووە لەسەری، هەر لەبەر ئەوەش بووە کە لایەنی ڕۆحی و عاتیفی، لەگەڵ عەقڵی و بەڵگەیی، لەگەڵ زانستی و مەنهەجیدا لای ئەو بوونەتە تەواوکەری یەکتری.

مامۆستا نوورسی ئەو ئەرکە قورسە ڕادەپەڕێنێت:

ئاشکرایە کە دامەزراندنی قوتابخانە و زانکۆکان بەو شێوەیەی مامۆستا نوورسی داوای دەکرد، پرۆژەیەکی مەزنە و بەدەر لە توانای تاکە کەسەکانە. لەگەڵ ئەوەشدا بڕیاری دا کە بانگەشە کردن بۆ ئەم ئامانجە – بەوپەڕی دڵسۆزی و خۆنەویستی - بخاتە ئەستۆی.

لەو پێناوەدا ڕۆشت بۆ ئەستەمبووڵی پایتەخت و، چاوپێکەوتنی لەگەڵ بەرپرسانی ساز کرد و، بارودۆخی نزمی کوردستان و ڕێگا چارەشی خستە بەردەستیان، کە لەم داواکارییانەی خوارەوەدا پوختی کردبوونەوە:

داواکاریی یەکەم: کردنەوەی قوتابخانەی نوێ کە خوێندن تیایدا بە زمانی کوردی بێت، لە شوێنە جیاجیاکانی ناو کوردەواریدا، وەك:

١- عەشیرەتەکانی»ئارتووش«و مەڵبەندەکەیان کە (بیت الشباب)ە.

٢- یەکێکی تر لە ناوەندی (مۆتکان، بەڵکان، ساسۆن)دا.

٣- یەکێکی دی لە (وان)دا کە دەکەوێتە نێوان «سیپکان، حەیدەران»

داواکاریی دووهەم: دامەزراندنی زانکۆیەك بوو بە ناوی (قوتابخانەی زەهـراء)ەوە، لەسەر شێوی زانکۆی «ئەزهەر» و، بەوە تایبەتمەند بێت کە هەردوو جۆری زانستی ئایینی و زانستی نوێی تێدا بخوێنرێت، بە هەرسێ زمانی عەرەبی و تورکی و کوردی.

پاشان چەند مەرجێکی دەستنیشان کرد، بە مەبەستی سەرکەوتنی ئەو زانکۆیە لە کارەکانیدا.

بەدیعوززەمان سوودەکانی زانکۆی زەهرا بەم جۆرەی خوارەوە ڕوون دەکاتەوە:

- دابین کردنی ئاییندەی زانایانی کورد.
- تێخزاندنی زانست بۆ ناو کوردستان لە ڕێی قوتابخانەوە.
- یەکخستنی قوتابخانە ئایینییەکان و ئەنجامدانی چاکسازی تیایاندا.
- ڕزگارکردنی ئیسلام لە ئەفسانە و ئیسرائیلیات و دەمارگیریی بێزلێکراو.
- کردنەوەی دەرگایەك بۆ ئەوەی زانستە گەردوونییە تازەکان بڕواتە ناو قوتابخانە ئایینییەکانەوە.

پاشان دەڵێ:

(ئەم قوتابخانەیە ئاشتی و سازش دەخاتە نێوان ئەهلی «قوتابخانەی ئایینی» و «قوتابخانەی نوێ» و شوێنکەوتووانی «تەکیە و خانەقاکان» و، دەبێتە هۆی ئەوەی کە - بە لای کەمەوە - لە ئامانجەکاندا یەك بگرن. چونکە هەروەك جیاوازیی بۆچوونەکانیان یەکێتیی نێوان ئەوانی نەهێشتوە، بە هەمان جۆر پێشکەوتن و بەرزبوونەوەی ئەوانیشی لە شوێنی خۆیدا ڕاگرتووە).

## هەڵوێستی کاربەدەستانی ئەستەمبووڵ:

کاردانەوەی کاربەدەستانی ئەو دەمەی ئەستەمبووڵ لە بەرامبەر ئەم داواکارییە ڕەوایەی مامۆستا نوورسیدا بۆ پێشخستنی وڵاتەکەی، لەوەدا خۆی نواند کە ناتۆرەی «شێتی»یان دایەپاڵ و ناردیان بۆ خەستەخانەی شێتان، گوایا لەبەر ئەوەی داوای زانکۆی کردووە لە شارەکانی کوردستاندا!

کاتێ کە نەیانتوانی بەو هۆکارە پەشیمانی بکەنەوە، ویستیان بە مووچە و پلە و پایە لەخشتەی بەرن و، خزمەتی میللەتی لەبیر بەرنەوە، بەڵام مامۆستا بەدیعوززەمان بە فێڵەکانی ئەوان نەخەڵەتا و هیچ شتێکی لێ وەرنەگرتن، بەڵکو وازی نەهێنا لە داوای کردنەوەی زانکۆ لەو شارە ناوبراوانەدا، هەتا لە دواییدا سوڵتان ڕەشاد داواکەی پەسەند کرد و بڕیاری دامەزراندنی (زانکۆی زەهرا)ی لە شاری (وان) دا، بەڵام بە داخەوە کات بە دەستەوە نەمابوو، چونکە بەرپابوونی جەنگی جیهانیی یەکەم پەکی پرۆژەکەی خست.

لەگەڵ ئەوەشدا خوای گەورە نەیویست تەقالای مامۆستا نوورسی بە خۆڕایی بڕوات، بەڵکو لە شێوەیەکی تردا ئاوڕی لێ دایەوە، کە دانانی (پەیامەکانی نوور) و بڵاوکردنەوەیان بوو لە هەموو شوێنێکی وڵاتی تورکیا و، پاشتر لە سەرانسەری جیهاندا، کە تا ئەمڕۆ بە زیاتر لە پەنجا زمانی جیهان بڵاودەبنەوە.

مامۆستا نوورسی قوتابیانی نوور بە قوتابیی قوتابخانەی زەهرای (مەعنەوی) ناودەبات و، داوایان لێ دەکات کە لە کاتی گونجاودا ڕووە (ماددی)یەکەی ئەو زانکۆیەش بنیات بنێن.

لەگەڵ هەموو ئەو گرفتانەش کە هاتنە ڕێی ژیانی نوورسی، کەچی هەتا دوا ساڵەکانی تەمەنی، دامەزراندنی ئەو زانکۆیەی هەر لە ئەندێشەدا بووە. بۆیە کاتێ کە دەوڵەت ویستی لە شاری (وان)دا زانکۆ بکاتەوە، مامۆستا ڕەنج و تەقالای خۆی لەو پێناوەدا وەبیر هێنانەوە و، ڕێنمایی سەبارەت بەو زانکۆیە پێشکەش کردن.

هەروەك جەختی لەوەش کردەوە کە پێویستە زانستە ئیسلامییەکان بناغە بن لەو زانکۆیەدا، چونکە لەبەر ئەوەی هێزە دەرەکییە وێرانکارەکان چەند هێزێکی ئیلحادین، ئەوا گەر هێزێکی مەعنەویی مەزن نەبێت هیچ شتێك ناتوانێت لە بەردەم ئەو هێزە ڕووخێنەرەدا بەرگری بکات.

## کۆتایی:

ئێستاش کە سەدەیەك بەسەر ئەو جۆرە خەباتەی مامۆستا نوورسیدا دەگوزەرێت، گەر ئاوڕ لە بارودۆخی کۆمەڵایەتیی خۆمان بدەینەوە، دەبینین هەرچەند ڕێژەی قوتابخانە و زانکۆ و خوێندەواران لەچاو سەدەیەك پێش ئێستادا گەلێ بەرز بووەتەوە و مایەی خۆشحاڵییە، بەڵام لەبەر ئەوەی تێهەڵکێش کردنی هەردوو جۆرە زانستەکان هێشتا لە زانکۆ و خوێندنگاکاندا نەهاتووەتەدی، ئەوا هەندێ لەو دەرەنجامە سەلبییانەی کە مامۆستا نوورسی تێبینیی کردبوون، تا ئێستاش هەر لە کۆمەڵگاکاندا ماوەتەوە.

کەواتە پێویست دەکات بە خۆماندا بڕۆینەوە و بزانین تا چەندە توانیومانە ئامانجەکانی مامۆستا نوورسی لە دروستکردنی ئەو زانکۆیەدا بهێنینەدی بۆ نەوەکانی ئێستا و داهاتوومان، تاکو هەوڵی هێنانەدیی ئەو بەشە بدەین کە تا ئێستا کاری بۆ نەکراوە. هەروەها پەرە بەو جۆرە ئەزموونە ناوازەیەش بدەین، بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکانی سەرجەم جیهانی ئیسلامی.

وصلي الله علي النبي الامي محمد وعلي اله وصحبه أجمعين والتابعين لهم بإحسان إلي يوم الدين.
والحمد لله رب العالمين.

جەمال موحەمەد ئەمین
jamalmhammad@yahoo.com



# فیزیا و گریمانەی خەلق و پەرەسەندن

ئەمرۆ کەسانێك هەن هەتا لە نێو موسڵمانەکانیشدا دڵیان بەوە خۆشە کە تیۆریەکەی داروین دەربارەی پەرەسەندن و خەلق بە تەواوی تێکشکاوەو بەسەرچووەو باوی نەماوە، ئەوە بۆچوونێکی هەڵەیە، چونکە هەرچەندە ئەوە ڕاستە کە ئەو گریمانەیە لە ڕووی زانستیەوە تێکشکاوەو بەڵگەو دۆزینەوەی زانستی نوێ زۆرن کە ناڕاستی و نازانستی ئەو گریمانە دەردەخەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تا ئێستا ئەو گریمانە لە زۆربەی وڵاتان و هەتا وڵاتە ئیسلامیەکانیش وەك بابەت دەخوێندرێت لە وانەی زیندەوەرزانیدا لە پرۆگرامەکانی خوێندندا.

سەبارەت بەو گرییمانەیە زاناکان پۆلێندەکرێن بۆ دوو گرووپ: یەکەمیان بە یەکجار ئەو گریمانە ڕەت دەکەنەوەو بڕوایان پێی نییەو لە ڕووی زانستیی و ئایدیایی و ڕەوشتییەوە ڕەتی دەکەنەوە بە تەواوی، کۆمەڵی دووەمیشیان دەکرێن بە دووبەشەوە، یەکەمیان تا سەر ئێسقان بڕوایان بەو گریمانە هەیەو بەرگێکی فیکریشیان کردووە بە بەرداو بەهۆیەوە نکۆڵی لە بوونی خواو ڕاستی ئاینەکان دەکەن و ئەوانە هەمووی ڕەت دەکەنەوە، ئەو کۆمەڵەش مولحیدەکانن کە گریمانەکەیان کردووە بە بەڵگەو دەستکەلای خۆیان لە ئیلحادییەکانیاندا !!!

کۆمەڵی دووەمی ئەو گروپە بڕوایان بە گریمانە کە هەیە بەڵام نەك وەك دژایەتیکردنی بوونی خوا بەکاری بێنن، بەڵکو ئەمان دەڵێن پەرەسەندن یاسایەکی خواییەو دایناوە لە دروستکراوەکانیدا هەروەك چۆن کۆرپەلە لە سکی دایکیدا بە شێوەیەکی قۆناغبەندی گەورە دەبێت کە ئەوانەش هەموو دەگەڕێتەوە بۆ وردی بەدیهێنان و خەڵق و گەورەیی و بە توانایی خالق وەیان بەدیهێنەر، بۆیە ئەو گروپە بڕوادارن بە خوای گەورەو وا دەبینن گریمانەکە پاڵپشتی لە بڕواکەیان دەکات وەیان هیچ نەبێت وای نابینن کە ڕەتی بوونی خوا بکاتەوە.

بە هەرحاڵ ئەو گریمانە تا ئێستا وەك پێویست لە سەری نەنوسراوە بە تایبەتی لە وڵاتە ئیسلامی و عەرەبیەکاندا، وە بگرە لە وڵاتانی خۆرئاوا خۆیان زیاتر ڕەخنەی لێگیراوەو لەو ڕووەوە زۆرتری لە سەر نوسراوە، بۆیە ئەو حاڵەتە کراوەتە خاڵێکی لاواز لە وڵاتە ئیسلامیەکانداو مولحیدەکان وەك چەکێکی سواو بەکاری دێنن بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئیلحادیەکانیان کە لەوەدا زۆر بەهەڵەچوون و خەیاڵ پڵاون چونکە ئەو گریمانە بەسەرچووە و لێبۆتەوە ئیتر لەسەری بنوسرێت یان نا، بەڵام بۆچی لە بەرنامەکانی خوێندن لانابرێت ئەوە زیاتر بڕیارێکی سیاسی نێودەوڵەتییەو هیچ پەیوەندییەکی بە زانستی بوون و درووستی ئەو تیۆریەوە نییە!!

مشتومڕی زۆر گەرم لە ئەمەریکا: لەم دە ساڵەی دوایدا

زیاد لە (٢٠٠) سیمینارو کۆڕو مێزگردو دیدار ساز دراوە لە زانکۆو ئیستگەکانی تەلەفزیۆن کە هەرهەموویان لە سەر خەلق (creation) وە پەرەسەندن (evolution) بوون، وە ئەوەی سەیر بووە لەو کۆڕانەدا هەمووی سەرکەوتن بۆ ئەوانە بووە لە ناوەندە زانستییەکان کە بڕوایان بە بەدیهێنان هەبووە لە لایەن خوای گەورەوە!

بەلای ئەو ناوەندە زانستیانەوە بەڵگەی زانستی زۆرن کە دژی گریمانەی پەرەسەندنن، بەڵام ئەوەی زیاتر لەو ناوەندە زانستییانەدا بەکارهێنرا یاسایەکی فیزیایی بوو، ئەویش یاسای گشتی جوڵە بوو.

**فیزیا گریمانەی پەرەسەندن و خەلق ڕەت دەکاتەوە:**

یەکێك لە ڕووکارو سیماکانی کە ئەو جوانییەیان داوە بە گەردوون یاسای گشتی جوڵەیە، بە پێی ئەو یاسایە هەرچی لەم گەردوونەدایە لە جوڵەو گۆڕان و کارلێکێکی بەردەوامدان و بۆ زۆر کەمتر لە ساتێکیش وەستان نییە، ئیتر هەر لە گەردیلەیەکەوە بیگرە تا هەموو مەجەڕەکان کە لە بلیۆنەها ئەستێرەو هەسارە پێکدێن.

دیدی گریمانەی پەرەسەندن و خەلق بە تەواوی دژی ئەو یاسا فیزیاییە چۆن؟

گریمانەی پەرەسەندن و خەلقی داروین دەڵێت: گەردوون لە سەرەتادا پێکهاتووە لە سەدیمێك و گازەکان و لە باری شۆربای گەردوونیدا بووە ئەوەش بەپێی تیۆرییە کۆنەکان، پاشان تەقینەوە مەزنەکە ڕوویداوە لە نێو ئەو شۆربا گەردوونییە کە پێکهاتبوو لە تێکەڵێك لە ماددەو وزەو بە شێوەیەکی زۆر چڕکراوە، پاش تەقینەوەکە پێکنەری گەردیلەکان درووستدەبن و ئینجا گەردیلەکان خۆیان و پاشان گەردەکان، وە بە تێپەڕبوونی کات ئەو یەکە بنەڕەتیانەی ماددە دەگۆڕێن بۆ پێکهاتەو ئاوێتەی زۆر ئاڵۆز لە لایەکەوە، و لە لایەکی ترەوە سیستمێکی زۆر زۆر وردو ئاڵۆزو پێشکەوتوو دروست دەبێت، بە مانایەکی دی گەردوون لە بارێکی سادەییەوە دەگۆڕێت بۆ بارێکی زۆر ئاڵۆزو ورد وە لە باری پشێوی و بێ سەرەو بەرەییەوە دەگۆڕێت بۆ سیستم و یاسابەندی، ئەوانەش هەموو لە میانەی ڕێکەوتێکی کوێرانەی ملیۆنەها ساڵی کە بەسەر تەمەنی گەردووندا گوزەری کردووە !!!

واتە پەرەسەندن لای گریمانەی خەلق و پەرەسەندن هەر مرۆڤ ناگرێتەوە کە وەك دەڵێن ژیان لە یەك خانەوە دەستیپێکردووە، بەڵکو ئەو پەرەسەندنە سەرتاپای گەردوون دەگرێتەوە، ئەو پەرەسەندنە هەنگاوی زۆر دوورو درێژی بڕیوە تا گەیوەتە دروستبوونی هەسارەی زەوی و ئینجا دروستبوونی ژیان تێیدا لە یەك خانەوە تا دەگاتە ئەوپەڕی کە دروست بوونی مرۆڤە بە مێشك و عەقڵیشیەوە. جا لێرەدا پێش ئەوەی باس لە دیدی فیزیا بکەین سەبارەت بەو پرسە، ئەم پرسیارە خۆی قووت دەکاتەوە چۆن بە ڕێکەوت بارێك لە پشێوی و نارێکییەوە دەگۆڕێت بۆ سیستمێکی وردو ئاڵۆزی وا کە هەمووی پڕبێت لە یاسابەندی و ڕێکسازی؟ ئەی بۆچی هەر لە بنەڕەتەوە پرۆسەی خەلقکردن و پەرەسەندنەکە ئەو یاسابەندی و ڕێکسازییەی پێوە نەبووبێت؟ پاشان ئێمەی مرۆڤ لە ئاکامی هەموو تەقینەوەیەکدا لە وێرانکاری و تێکدان زیاتر هیچ نابینین نەخوازەڵا بیناکردن، دەی خۆ ئەو تەقینەوەیە زانستییەو تا ئێستاش تازەترین تیۆرییە بۆ بەدیهاتن (خلق) کە ئاکامەکانی ئەو سیستمە وردو ئاڵۆزەی لێکەوتەوە، بووە هۆی دروستبوونی ئەم گەردوونە کە هیچ کەسێك ناتوانێت نکوڵی بکات لە ڕێکسازی و یاسابەندی گەردوون. ئەوە بۆچی ئەوە ڕاست نەبێت کە ئاماژەی پێدرا؟؟ بۆ ئەوەی دان نەنرێت بە بوونی خوایەکی باڵادەست و بە تواناو داناو زانا، چونکە سیستمی وردو ئاڵۆز هەردەبێت سەرچاوەکەی بەدیهێنەرێکی زاناو داناو بە تواناو حەکیم بێت نەك ڕێکەوتێکی کوێرانە!!!

سەبارەت بە دیدی فیزیا تەواو پێچەوانەی دیدی گریمانەی خەلق و پەرەسەندنە، بە پێی یاسای یەکەمی دینامیکی گەرمی: وزەو ماددە لە هیچ پەیدا نابن و ناشفەوتێن واتە لە ناو ناچن بەڵام وزە لە شێوەیەکەوە بۆ شێوەیەکی تر دەگۆڕێت، وە هیچ پرۆسەیەکی گۆڕان لە وزەدا نییە کە بەشێکی کەم لەو نێوەندە بە زایە نەڕوات واتە سوودی لێوەرناگیرێت «ئەوەش فەوتانی وزە نییە».

بە پێی یاسای دووەمی دینامیکی گەرمی کە بە (٣) شێوە گوزارشی لێدەکرێت، شێوەی یەکەمی یاساکە گواستنەوەی گەرمییە کە دەڵێت بە هیچ شێوەیەك گەرمی لە تەنێکی پلە گەرمی نزمەوە ناگوێزرێتەوە بۆ تەنێکی تری پلەگەرمی بەرزو بەبێ کردنی ئیشێك، شێوەی دووەمی ئەنترۆبی دەگرێتەوە، وە شێوەی سێیەمی گۆڕانی وزەی گەرمییە بۆ ئیش، بەڵام ئەوەی لێرەدا مەبەستە ئەنترۆپییە. زانای فیزیایی ئەمەریکی (ف. بۆش) لە کتێبەکەیدا (بنەڕەتەکانی فیزیا) دەڵێت: «جارێکیان هەندێك کۆمێنتیان دا لە سەر گەردوون وە بارەکانی لە خراپەوە دەڕۆن بەرەو خراپتر ئەوەش کورتەی یاسای دووەمی یاسای دینامیکی گەرمییە بەڵام بە شێوەیەکی زۆر کرچ و کاڵ و پینەگەیشتوو، وەك بینیمان یاسای یەکەم سەبارەت بە مانەوەی وزەیە بەڵام هیچ باس لە ئاراستەی ڕووداوەکان ناکات لە گەردووندا، لە سروشتدا ئاراستەیەکی جیاکراوە هەیە بۆ ڕۆیشتنی ڕووداوەکان، ئەو ئاراستەیەش بە یاسای دووەمی دینامیکی گەرمی دیاریدەکرێت.»

ڕووداوە خۆییەکان دەڕۆن بە ئاراستەیەك و ناکرێت پێچەوانە بکرێنەوە، بۆ نموونە ئەگەر سەری شووشەی بۆنێك بکرێتەوە ئەوا بۆنەکە بە ژوورەکەدا بڵاو دەبێتەوەو ناکرێت جارێکی تر گەردەکانی ئەو ماددەیەی بۆنەکە بگێڕدرێنەوە بۆ ناو شووشەکە. هەروەها سەبارەت بە خۆرو ئەستێرەکان بەردەوام دەسوتێن و وزە دەردەکەن و چاوەڕوانی ناکرێت جارێکی تر وزەکانیان بۆ بگێڕدرێتەوە . ئیتر بەو جۆرە هەموو شتەکان بەرەو پێشەوەو بەرەو نەمان و کەمبوونەوە دەچن.

بۆ ئەوەی زاناکان بتوانن ڕاڤەی چەمکی نیزام یان سیستم وە پشـێوی و هەرەمەکی بکەن زاراوەی ئەنترۆپییان هێناوەتە کایـەوە، ئینترۆپی ئامـاژە بە بڕی پشـێوی دەکات واتە ئەو وزەیەی کە سـوودی لێوەرناگیرێت، بۆیە یەکێك لە شێوەکانی یاسای دووەمی دینامیکی گەرمی ئەنترۆپیە.

بـە پێی ئـەو یاسـایە هەمـوو گۆڕانکارییەکانـی کە لە گەردووندا ڕوویانداوەو ڕوودەدەن بەرەو پشـێوی و زیادبوونی هەڵوەشاندنەوەو شیبوونەوە دەچن واتە گەردوون بەرەو مردن و لە ناوچوون دەڕوات نەك وەك گریمانەکە دەڵێت لە سادەیی و بێ یاساییەوە بەرەو یاسابەندی و ئاڵۆزی و وردی بڕوات.

زانـا فیزیاییەکان دەڵێن گەردوون بـەرەو مردنی گەرمی دەڕوات، چونکە گواستنەوەی گەرمی لە تەنە گەرمەکانی وەك ئەسـتێرەکان بەرەو تەنە ساردەکانی وەك هەسارەکان و تەنە سـاردەکان هەر ڕۆژێك دێت ئەو گواسـتنەوەیە دەوەستێت لە ئەنجامی یەکسـان بوونی پلەی گەرمی هەردوولا، ئیتر هەموو چالاکییەکان لە گەردووندا دەوەسـتن و ئەوەش مانای مردنی گەردوونە.

لێرەوە دەردەکەوێت کە دژایەتییەکی تەواو هەیە لە نێوان دیدی گریمانەی پەرەسـەندن و خەلق لەگەڵ دیدی فیزیا، لە کاتێکدا یەکەمیـان دەڵێت گۆڕانکارییەکان لـە گەردووندا لە سـادەییەوە دەگۆڕدرێن بەرەو سیستم و وردی و ئاڵۆزی بەڵام زانستی فیزیا دەڵێت هەموو گۆڕانکارییەکان بەرەو زیادبوونی ئەنترۆپـی دەڕۆن واتـە زیادبوونی پشـێوی و لەناوچوون و شیبوونەوەو ئینجا مردنی یەکجاری. وە هیچ کردارێکی خۆیی نییە بڕوات بەرەو ئاڵۆزی و سیستم و وردی.

لەوانـەی پێشـەوە دەردەکەوێت کـە ( کات ) هۆکاری لە ناوچـوون و فەوتانە نـەك بیناو دروسـتبوون. واتە هەرگیز گۆڕانی خۆیی ڕووناداتی لە سـادەییەوە بەرەو وردی و سیستم و ئـەو بیرۆکەیە زۆر دوورە لە زانسـتەوە.﴿ بَلۡ نَقۡذِفُ بِٱلۡحَقِّ عَلَى ٱلۡبَٰطِلِ فَيَدۡمَغُهُۥ فَإِذَا هُوَ زَاهِقٞۚ وَلَكُمُ ٱلۡوَيۡلُ مِمَّا تَصِفُونَ ١٨ ﴾ الأنبياء.

سەرچاوە:

http://www.quran-m.com/container2.php?fun=artview&id=847

# ڕێگایەکی نوێ بۆ چارەسەری خەمۆکی





# ئادەمی مردن و خەوتنیشی هەر گیان دەرچوونە!



**ئامادەکردنی: جلال أحمد**

کاتێك پرۆفیسۆر(ئارسەر ئەلیسۆن) ی سەرۆکی بەشی ئەندازەی کارەباو ئەلیکترۆن لە زانکۆی لەندەن، گەیشتە قاهیرە لە ساڵی(١٩٨٥) بەمەبەستی بەشداریکردن لە کارەکانی(کۆنگرەی پزیشکی ئیسلامی نێودەوڵەتی دەربارەی ئیعجازی زانستی لە قورئانی پیرۆزدا) ئەوکات لەگەڵ خۆیدا ئەو توێژینەوەیەی خۆی هێنابوو، کەتیایدا باسی چۆنیەتی چارەسەرکردنی گرفتە دەرونیو ڕۆحی یەکانی کرد بوو لە ژێر ڕۆشنایی قورئانی پیرۆزدا. لەگەڵ توێژینەوەیەکی تر سەبارەت بە خەوتنو مردنو پەیوەندی نێوانیان لەبەر ڕۆشنایی ئایەتی(٤٢) لەسورەتی(الزمر) کە دەفەرموێت: (اللَّهُ يَتَوَفَّى الْأَنفُسَ حِينَ مَوْتِهَا وَالَّتِي لَمْ تَمُتْ فِي مَنَامِهَا فَيُمْسِكُ الَّتِي قَضَى عَلَيْهَا الْمَوْتَ وَيُرْسِلُ الْأُخْرَى إِلَى أَجَلٍ مُسَمًّى إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَاتٍ لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ).

واتە: (خوای گەورە کیانی(رۆحی) نەفسەکان دەکێشێت لەکاتی مردنیاندا، ئەوەش کە نەمردووە لەکاتی خەوتنیدا گیانی(ڕۆحی) دەکێشرێت ئەوکات ئەوەیان دەگرێتو گلی دەداتەوە کە مردنی بەسەرداهاتووەو ئەوی تریان کە خەوتووە دەگەڕێتەوە بۆ کاتێکی دیاری کراو لە ئایندەدا، ئەوانە بەڵگەو نیشانەگەلێکن بۆ کەسانێك بیر بکەنەوە).

سەیرە کە لەوەدا بوو کە ئەم زانایە ئەوکات هێشتا موسڵمان نەبوو بوو، بەڵکو تەنها ئەوەندە بوو کەئیسلامی وەك ئاینێك بەلاوە پەسەند بوو.

پاش ئەوەی توێژینەوەکەی پێشکەش کرد لە کۆنگرەکەدا، دانیشت بۆ ئەوەی بەشداری لە کارەکانی کۆنگرەکەدا بکاتو گوێ بگرێت لەو توێژینەوانەی تر کە باس لە ئیعجازی زانستی لە قورئانی پیرۆزدا دەکەن.

تەواو سەرسام بوو، زیاتر لەوە دڵنیا بوو کە ئەمەیە ئاینی ڕاست، هەموو ئەوانەی دەربارەی ئیسلام دەیبینێت بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە ئەم ئاینە ئاینی ئەقڵو زانستە.

کاتێك ئەو هەموو بەڵگەزۆرەی لە قورئانو فەرمودە بینی، کە باس لە بوونەوەرو بەدیهێنراوەکان دەکاتو دواتریش زانستی نوێ پشتگیری لێدەکاتو ڕاستییەکانی دەسەلمێنێت.

ئەوکات بۆی دەرکەوت کە ناکرێ و مەحاڵە ئەمە لەلایەن مرۆڤەوە بێت.

بۆیە دڵنیابوو لەوەی کە ئەوەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) چوارسەدە لەمەوپێش هێناویەتی دەیسەلمێنێت کە ئەوە بێگومان پێغەمبەرو نێرراوی خوایە.

بۆیە(ئەلیسۆن) دەستی کرد بە پرسیار کردن لەوانەی کەلەگەڵیاندا دادەنیشێتو داوای ڕوونکردنەوەی زیاتری لێدەکردن سەبارەت بەهەموو ئەو ووردەکارییانەی کەمەبەستی بوو بیزانێت لەبارەی ئیسلامەوە، وەك بیروباوەڕێكو پەیڕەوپڕوگرامێك بۆ ژیانی دنیا.

تا سەرەنجام هیچ ڕێگایەکی بۆنەمایەوە ئەوە نەبێت، باوەڕهێنانی خۆی بە ئیسلام ئاشکرا بکاتو بۆ هەموو ئامادەبوانی ڕابگەیەنێت.

بۆیە بە شەوی کۆتایی کۆنگرەکەو لەبەرچاوی کامێراکانو لەبەردەم پەیامنێرانی ئاژانسە هەواڵی یە جیهانیەکانداو لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەکان، پرۆفیسۆر(ئارسەر ئەلیسۆن) هەستایە سەرپێو ڕیگەیاند بۆ هەمووان کە ئیسلام ئاینی ڕاستەو ئەو ئاینەیە کەلەگەڵ فیترەتی مرۆڤدا گونجاوە.

دواتر بە دەنگێکی بەرزو بە ئیمانێکی دامەزراوەوە شەهادەی هەقی ڕاگەیاند و وتی: (أَشْهَدُ أَنْ لاَّ إِلَـهَ إِلاَّ اللهُ و أَشْهَدُ أَنّ مُحَمَّدا رَّسُولُ اللهِ) لەوکاتەدا دەنگی (الله أكبر) ی ئامادەبوان بەرز بویەوەو، فرمێسکی شادی لەچاوی هەندێك لە ئامادەبوان داباری لە ئاست گەورەییو ساموهەیبەتی ئەم دیمەنە پڕشکۆیەدا.

پاشان پرۆفیسۆری بەریتانی ناوی نوێی خۆی بۆ ئامادەبوان ئاشکرا کرد کە بریتی بوو لە(عبدالله ئەلیسۆن)

دواتر دەستی کرد بە گێڕانەوەی بەسەرهاتی خۆی لەگەڵ ئیسلامداو وتی:- لەچوار چێوەی گرنگی دانم بە زانستی دەروونناسیو زانستی ئەودیوی دەرون(علم ماوراو النفس) کاتێك سەرۆکی(کۆمەڵەی خوێندنی دەرونیو ڕۆحی بەریتانی) بووم بۆ ماوەی چەندین ساڵ، دەمویست ئاینەکان بناسم، دەستم کرد بە خوێندنیان وەك بیروباوەڕەکان، کە یەکێك لەوبیروباوەڕانە، بیروباوەڕی ئیسلامی بوو، بینیم لە هەموویان گونجاوترە لەگەڵ ئەو فیترەتەی کە مرۆڤی لەسەر بەدیهێنراوە، وە لە هەموویان زیاتر گونجاوە لەگەڵ عەقڵ، بەوەی کە دەڵێت: (خوایەکی تاكو تەنهای بەدەسەڵات و زاڵ بەسەر بوونەوەردا هەیە).

هەروەها ئەو ڕاستیە زانستی یانەی کە لە قورئانی پیرۆزو فەرموودەکانی پێغەمبەردا (ﷺ) هاتوون پێش لە چواردەسەدە، ئێستا زانستی سەردەم دەیسەلمێنێو پەسەندی دەکەن، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت، کە سەرچاوەی ئەمە هەرگیز لەلایەن مرۆڤەوە نی یەو پێغەمبەری ئیسلامیش (ﷺ) بە دڵنیایی پێغەمبەرو ڕەوانەکراوی خوایە.

دواتر عبدالله ئەلیسۆن بەشێك لەو توێژینەوەیەی خستە ڕوو کەلە کۆنگرەکەدا بەشداری پێکردبوو دەربارەی حاڵەتی مردن و خەوتن، لە چوارچێوەی ئایەتی(٤٢) لە سورەتی(الزمر) کە دەفەرموێت: (اللَّهُ يَتَوَفَّى الْأَنفُسَ حِينَ مَوْتِهَا وَالَّتِي لَمْ تَمُتْ فِي مَنَامِهَا فَيُمْسِكُ الَّتِي قَضَى عَلَيْهَا الْمَوْتَ وَيُرْسِلُ الْأُخْرَى إِلَى أَجَلٍ مُسَمًّى إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَاتٍ لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ)

ئەلیسۆن ئەوەی سەلماند کە گیان کێشان لەم ئایەتەدا بەواتای مردنو بەواتای خەوتنیش هاتووە، مردن گیان کێشانێکی یەکجاریو نەگەڕاوەیەو ئەو گیانە جارێکی تر لە دنیادا ناگەڕێتەوە بۆ نا ئەو لاشەیە، لەکاتێکدا خەوتن گیان کێشانێکی کاتییەو گیانەکە(ڕۆحەکە) دەگەڕێتەوە ناو لەشی مرۆڤە خەوتووەکە، کە ئەم ڕاستییەش سەلمێنراوە لەڕێگەی خوێندنی پاراسایکۆلۆجیو پشکنینە سەر قەرەوێڵەیی یەکان، بەهۆی وێنەی مێشك و وێنەی دڵ، بێجگەلەوەستانی هەناسەدانی ئەو کەسە کە وادەکات پزیشکەکان مردنی کەسەکە ڕابگەیەنن، یان نەمردنو لەهۆشی خۆچوونی ئەوکەسە بەهۆی بورانەوە یان خەوتنی یەوە.

بەو پێیە زانست سەلماندویەتی کە مردنو خەوتن دوو دیاردەی هاوشێوەو لەیەکچوون، گیان(ڕۆح) دەردەچێتو دەگەڕێتەوە لە حاڵەتی خەوتندا، لەکاتێکدا ئەو گیان(ڕۆح)ەکە دەرچوو لە حاڵەتی مردندا ئەوا جارێکی تر لە دنیادا ناگەڕێتەوە بۆناو لەشی مردوو.

پاشان زانای موسڵمانی بەریتانی پرۆفیسۆر عبدالله ئەلیسۆن ئەوەی خستە ڕوو کە بەڵگە زانستییەکانی ئیسلام چاکترینو گونجاوترین هۆکارن بۆ بانگەوازی ئیسلامی، بەتایبەت بەرامبەر بەو کەسانەی کە پشت بەبەڵگە زانستیو عەقڵی یەکان دەبەستنو بەڵگەی پێ دەهێننەوە.

بۆیە پرۆفیسۆر عبدالله ئەلیسۆن ئەوەی بۆ ئامادەبوان ڕاگەیاند کە لە داهاتوودا هەڵدەستێت بەدامەزراندنی پەیمانگایەکی ئیسلامی بۆ خوێندنی زانستە دەرونی یەکان لە لەندەن لە بەر ڕۆشنایی قورئانی پیرۆزو فەرمودەکانی پیغەمبەر (ﷺ).

سەرەڕای گرنگیدان بە خوێندنی ئیعجازی پزیشکی لە ئیسلامدا، بەمەبەستی گەیاندنی ئەم ڕاستییانە بە جیهانی ڕۆژئاوا کە هیچ شتێك دەربارەی ئیسلام نازانن.

هەروەها بەڵێنی دامەزراندنی کتێبخانەیەکی ئیسلامی گەورەی دا بە هەردوو زمانی عەرەبیو ئینگلیزی، وەك ئاسانکاریو هاوکاری یەك بۆ هەموو ئەوکەسانەی کە دیانەوێت توێژینەوەی زانستی ئەنجام بدەن لە بەرڕۆشنایی ئیسلام.

تا ئێرە ئەو باسە بوو کە لە کتێبی (رحلة إيمانية مع رجال ونساء أسلموا) وەرگێراوە بەبێ دەسکاری.

چەند سەرنج و تێبینی یەك:

یەکەم/ بەڵگەی قورئانی و بەڵگەی زانستیش ئەوە دەسەلمێنن کەلەکاتی خەوتنی مرۆڤدا ڕۆح لە جەستە دەردەچێتو جیادەبێتەوە، لەکاتێکدا ئەو کەسە هێشتا لە

ژیاندایەو کۆئەندامەکانی لەشی بەشێوازێك بەردەوامن لە کارەکانیاندا ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ژیانو ڕۆح دوو شتی جیالەیەکترن واتە مرۆڤی خەوتوو ڕۆحی تیا نیەو هێشتا لە ژیانیشدایەو نەمردووە، لە قورئانی پیرۆزدا ئەوە خراوەتە ڕوو کە ڕۆحی مرۆڤ لە ڕۆحی خوای گەورەیە، ئەوەتا لە ئایەتی(٢٩)ی سورەتی(الحجر) دا دەفەرموێت: (فَإِذَا سَوَّيْتُهُ وَنَفَخْتُ فِيهِ مِن رُّوحِي فَقَعُواْ لَهُ سَاجِدِينَ )

لەم ئایەتەدا خوای گەورە باس لەسەرەتای بەدیهێنانو دروستکردنی(خلق) ی ئادەم دەکات کە پاش ڕێککردنو چاککردنی(تسویە) خوای گەورە لە ڕۆحی خۆی کردوە بەبەریدا، کە پێدەچێت ئەم ڕێزلێنانە تایبەت بێت بە مرۆڤو گیانداران و زیندەوەرانی تری خوار مرۆڤ نەگرێتەوە.

بەوپێیەش گیاندارانی تر یان هەر ڕۆحیان تیا نیە یان جۆرێکی تر لە ڕۆحو ژیانیان هەیە، بۆیە دوور نیە دەرچونی ڕۆح لە کاتی خەوتندا تایبەت بێت بە مرۆڤو گیاندارانی تر نەگرێتەوە.

دووەم/

گەڕانەوەی ڕۆح بۆ جەستەی نەمردووی مرۆڤ لەکاتی خەوتندا پێدەچێت لە چرکەساتێکی زۆر کەمدا ڕوودات، واتە ئەوکات(زمن)ەی گەڕانەوەی ڕۆح بۆناو جەستەی خەوتوو زۆر کورتە، یان ئەوکرداری گەڕانەوەیە لە جیهانێکی جیاوازی تایبەت بە جیهانی ڕۆح ڕوودەدات کە پێدەچێت لەو جیهانەدا واتایەك بۆ کات نەبێت، چونکە لەو جیهانەدا شوێن بوونی نامێنێت بۆیە ئاساییە کاتیش مانای نەمێنێت.

هەربۆیە کاتێك مرۆڤ چەندین سەعات دەبێت کە خەوتووە، لە چرکەساتێکدا کاریگەرییەکی دەرەکی وەك ڕوداوی بانگ کردنی لەلایەن کەسێکی ترەوە بەدەنگێکی بەرز یان هاوار لێکردنی، یان زرمەو گرمەی کارەساتێك بەخەبەری دێنێتەوە، دەبینین کەسی خەوتوو کاتێك بەخەبەر دێتو دێتەوە سەرخۆی، باس لە خەوێکی سەیرو دوورودرێژ دەکات کە کۆتایی ئەو خەوە بەو کارەساتو کاریگەرییە دەرەکیە هاتووە کە بووتە هۆی لەخەوهەستان و بەخەبەربوونەوەی لەو خەوە.

واتە ئەو چرکەساتە کاتی گەڕانەوەی ڕۆحەکەو لە هەمان کاتیشدا کاتی بینینی ئەو خەوە بوو، کەبەلای کەسی خەوتووەوە فیلمو بەسەرهاتێکی درێژو ڕۆمانێکەو لە ڕاستیشدا چرکەساتێك بووە.

ئەم بابەتەش سەردەکێشێت بۆ چەندین پرسی تر کە ئایا گیاندارانی تریش بێجگەلە مرۆڤ خەو دەبینن؟!

سێ یەم/

ڕۆح تەوەرەی نەفسەو هەر لەسەرتاشەوە پێش ئەوەی مرۆڤ بێتە سەر زەوی لە پێکهاتەی خۆڵەکەی لاشەیەك بکرێتە قەفەس بۆی، ئەوە ڕۆحەکانی ئێمە بووە کە خوای گەورە کۆی کردوینەتەوەو پرسیاری (أَلَسْتُ بِرَبِّكُمْ) ی لێ کردووین وئێمەش وەڵامی(بَلَى) مان داوەتەوە، دواتریشو پاش ئەوەی باوکە ئادەم بەدیهێنراو ڕۆحی بەبەریدا کراو دواتر دەگیرایە سەر زەوی و لەوێوە نەوەکانی لەڕێی زاوزێوە بەدیهێنران، لەقۆناغێك لە قۆناغەکانی کۆرپەلەییدا ڕۆح بەبەردا دەکرێتو بەو ڕۆحەوە لەدایك دەبێتو ئەوەندەی بۆی دیاریکراوە ژیانی سەر زەوی دەگوزەرێنێتو سەرئەنجامیش ڕۆح لەلاشەی جیادەبێتەوە و گەشتی ژیانی بەرزەخ دەست پێدەکاتو دواتر لەکاتی وادەی دیاری کراوی زیندووبونەوەدا دووبارە دەخرێتەوە ڕوو بەڵام لەو کات و شوێنێکی جیاوازو تایبەتدا کاتەکەی تەنها خوای گەورە دەزانێت ئەو قۆناغی بەرزەخە چەندی خایاندووەو شوێنەکەش تازەیەو بە (يَوْمَ تُبَدَّلُ الأَرْضُ غَيْرَ الأَرْضِ وَالسَّمَاوَاتُ وَبَرَزُواْ للهِ الْوَاحِدِ الْقَهَّارِ) إبراهيم٤٨ ئاماژەی بۆ کراوە.

چوارەم/

باس لەوە دەکرێت کە موعجیزە بوونی قورئان تەنها(ئیعجازی بەلاغی) قورئانەو ناکرێت بەبەڵگە زانستیەکانی ناو قورئان بوترێت ئیعجاز، ئەم کێشەیە، گرنگەو پێویستە ئەهلی خۆی ساغی بکەنەوەو ناکرێت بەنیەتی سەلماندنی ئیعجازی بەلاغی نێو قورئان کە دۆستو نەیاران شاهێدی بۆ دەدەنو دەستەوسان بوون- تا کۆتایی دونیاش هەر وادەبن- لەوەی کە بتوانن هاوشێوەی قورئان بهێنن، ئەم خەرمانە بێشومارەش لە بەڵگەی زانستی کەسەلمێنەری خوایی بونی قورئانن، ناکرێ بێناوو ناونیشانێکی گونجاو بهێڵرێتەوە، ڕاستە ئەوانەی باس لە موعجیزە نەبوونی بەڵگە زانستیەکانی قورئان دەکەن، مەبەستیان ڕوونکردنەوەو ساغ کردنەوەی(ئیعجازی بەلاغی قورئانە)وە لە دوورو نزیك نایانەوێ لە مەکانەتی ئەو بەڵگە زانستیانە کەم بکەنەوە، لەهەمان کاتدا پێویستە ناو و ناونیشانێکی گونجاو بدرێتە ئەم لایەنە گەورەو گرنگەی قورئان، دواتریش فەرمودەکانی پێغەمبەر (ﷺ) کە بەوپەڕی دڵنیایی و ووردەکاری یەوە باس لە چەندین بابەتی زانستی ووردو پەنهان لە خەڵكو ئاستی هوشیاری ئەو سەردەمەی ژیانی مرۆڤ دەکات.

بەبێ ئەوەی پێغەمبەر (ﷺ) وەك زانایەکی تایبەتمەند بەو بوارانە ئەو باسەی کردبێت کە خۆیو خەڵکی سەردەمەکەی و قورئانەکەش سەلمێنەری ئەوەن کە: (هُوَ الَّذِي بَعَثَ فِي الْأُمِّيِّينَ رَسُولًا مِّنْهُمْ يَتْلُو عَلَيْهِمْ آيَاتِهِ) الجمع٢.

واتە خوای گەورە لەناو نەخوێندەوارەکاندا کەسێك لە خۆیانی – واتە لە نەخوێندەواران- ناردوە تاوەکو ئایەتەکانی خوایان بەسەردا بخوێنێتەوە.

واتە پێغەمبەری خوا هەرگیز لافی ئەوەی لێنەداوە

کە ئەو بەزرنگیو زیرەکی خۆی یان بە وورد بونەوەو لێکۆڵینەوەو توێژینەوە گەشتبێتە ئەوەی کە ئەو ڕاستیە زانستیانە سەبارەت بە زەوی‌و ئاسمان‌و گیانداران‌و نهێنیەکانی بدۆزێتەوەو تەحەدای دەوروبەرەکەی بکات کە ئەگەر دەتوانن با ئەوانیش بگەنە ئەم ئاستەو ئەو زانیاریانە بدۆزنەوە، تا ئەوکاتە مەرجەکان‌و ئەرکانەکانی ئیعجاز بێتەدی.

بەڵکو هەر لە قورئاندا ئاماژە بەوەکراوە کە ڕاستی ئەو بەڵگەو نیشانانە لە داهاتودا بۆ مرۆڤەکان دەردەکەون بەبەڵگەی: (سَنُرِيهِمْ آيَاتِنَا فِي الْآفَاقِ وَفِي أَنفُسِهِمْ حَتَّى يَتَبَيَّنَ لَهُمْ أَنَّهُ الْحَقُّ أَوَلَمْ يَكْفِ بِرَبِّكَ أَنَّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ شَهِيدٌ) فصلت ٣٥.

کە واتای داهاتوو دەگەیەنێت.

ڕاستیەکەی ئەوە بووە کە پێغەمبەر (ﷺ) لەو سەردەمەو سەدەیەدا کە ئاشکرایە لای هەموان کە ئاستی زانستی چی بووەو چۆن بووە؟! نە خوێندن‌و نە زانیاری، نەزانکۆو نە تاقیگەو نەسەنتەری لێکۆڵینەوەو توێژینەوە، نە ئامێری پێشکەوتوی پشکنین‌و وورد بونەوە هەبووە.

لەو سەردەمەدا کە بێجگەلە شیعرو شانامەو بڕێکی دیاری کراو لە زانستی پزیشکی‌و ئەندازەیەکی زۆر کەم لە ئەستێرەناسی تێکەڵ بە خورافەو جادوگەری، ئیتر لەوە بترازێ خوێندن و نووسین هیچ کارو کاریگەریەکی نەبووە.

ئالەو کاتەدا پێغەمبەری خوا (ﷺ) کۆمەڵێك باس‌و خواسی دەربارەی مرۆڤ‌و زەوی و ئاسمان‌و نهێنییەکانیانی خستوەتە ڕوو، کە حیکمەتی خوای گەورە وەهابووە بۆ گونجان لەگەڵ ئاستی زانستو هوشیاری ئەوکاتەی ئەواندا — کە تەنها گرنگیدان بە ڕەوانبێژی‌و بەلاغەت بووە- بۆ ئەو مەبەستە ئەو بەڵگەو ئایەتو زانیاریانە بە زمانێك داڕێژراوە کە مرۆڤی ئەو سەردەمە چێژ لە ڕێکخستنی وشەکان‌و ئاستی بەرزی داڕشتن‌و بەلاغەتەکەی وەربگرن.

بۆیە نەك تەنها موسڵمانان بەڵکو کافران و نەیارانیش بە گوێگرتن لە قورئان سەرسام بوون‌و کاری تێکردون‌و دانیان بەوەدا ناوە، کە ئەم قورئانە نەشیعرەو نەپەخشانە، بەڵکو ئەمە شتێکی جیاوازەو ناخرێتە چوارچێوەی بەلاغەتو ڕەوانبێژی مرۆڤ.

ئێستاو پاش تێپەڕ بوونی دەیان سەدە و پێشکەوتنی ئاستی زانستو هاتنە کایەی دەزگاو ئامێری پێشکەوتوو و ورد بوونەوە لە نهێنی یەکانی مرۆڤ‌و زەوی‌و تەنانەت ئاسمانیش، دەردەکەوێت کە هەموو ئەو ئاماژانەی ئەو کات گوتراوەو وەك بەڵگەی زانستی تۆمارکراوە لە قورئاندا ئێستا بەئەو پەڕی وردەکاری‌و ڕاستیەوە کتومت دەسەلمێنرێ‌و ڕاستییەکە دەردەکەوێت.

ئەمە هیچ لێکدانەوەو شیکارێك هەڵناگرێت تەنها ئەوە نەبێت کە ئەو ئاماژەو زانیاریانەی کە لە قورئان‌و فەرمودەدا ئاماژەی پێکراون بە دڵنیاییەوە سەرچاوەکەی، دروستکەرو بەدیهێنەری ئەم مرۆڤ‌و زەوی‌و ئاسمانەیە.

بۆیە ئەوکات ئەو زانیارییانە ئەوەندە بە ڕوونی‌و بە ووردی‌و بە متمانەوە وتراوە، بەبێ ئەوەی بوێژەکەی لافی ئەوە لێبدات کە ئەمانە خۆی پەی پێ بردوون‌و زانیویەتی، بەڵکو بەشانازییەوە لە قورئاندا: ﴿وَمَا يَنطِقُ عَنِ الْهَوَى ﴿٣﴾ إِنْ هُوَ إِلَّا وَحْيٌ يُوحَى ﴿٤ النجم.

بەیان کردووە نەك لافی غەیب زانین و عەبقەریەت لێبدات.

بۆیە پێویستە بەڵگەی سەلماندنی پێغەمبەرایەتی خوا لە ڕووی دەرکەوتنی ڕاستی ئەو بەڵگە زانستیانە وە پێویستە ناوێکی شیاو لێ بنرێ و بۆ ساغ کردنەوەو سەلماندنی ئیعجازی بەلاغی قورئان ئەم لایەنەی تر بەکەم نەزانرێ‌و بچوك نەکرێتەوە.

کاتێك لە قورئاندا هاتووە:﴿غُلِبَتِ الرُّومُ ﴿٢﴾ فِي أَدْنَى الْأَرْضِ وَهُم مِّن بَعْدِ غَلَبِهِمْ سَيَغْلِبُونَ ﴿٣﴾ فِي بِضْعِ سِنِينَ لِلَّهِ الْأَمْرُ مِن قَبْلُ وَمِن بَعْدُ وَيَوْمَئِذٍ يَفْرَحُ الْمُؤْمِنُونَ ﴿٤ الروم.

ئەم ئایەتانە باس لەوە دەکەن کە بەڵێ ڕۆمەکان تێك شکان، بەڵام لە داهاتودا سەردەکەونەوە لەماوەی کەمتر لە دە ساڵدا.

شوێنی شەڕەکەیان ناوچەیەکە کە نزمترین شوێنی زەوی یە لەئاست ڕووی دەریاوە وە هەر لەو ساڵەشدا موسڵمانان سەردەکەون بەسەر دوژمنیاندا.

ئایا ئەم هەواڵە بەم شێوەیە باس لەداهاتووی ململانێی دوو بەرەی جیاوازی دوردەست لە نیوە دورگەی عەرەبەوەو دیاری کردنی کاتی ئەو سەرکەوتنەوەیەو باس کردن لەوەی کە ئەو شوێنەش نزمترین شوێنە لە ئاستی ڕوی دەریاوەو لەو کاتەشدا سەرکەوتنی موسڵمانانیش دێتە دی.

ئایا ئەمە تەحەدا نیە، ئایا هەرکەسی تر دەتوانێ هەواڵی بەم شێوەیە بدات ئەگەر کەس نەیتوانی بەرامبەری بوەستیو دواتریش بەڕاست بگەڕێ ئەو تەحەدایە نابێتە موعجیزە.

دواتر ئەگەر موعجیزە بوونی قورئان لەبەلاغەتەکەیدا بێت، ئەی بۆ فەرمودەکانی پێغەمبەر (ﷺ) چی بگوترێ، لەکاتێکدا فەرمودەکانی پێغەمبەر تەحەدای موعجیزە بونی لە ڕوی بەلاغیەوە نەدراوەتە پاڵ‌و لەهەمان کاتیشدا پڕن لە بەڵگەی زانستی گەورەو گرنگ. (والله أعلم)

سەرچاوە: سوود لەم ماڵپەڕە وەرگیراوە

www.islamstory.com




# سیفەتەکانی دەنگ و ئیعجازی زانستی... هەندێك ئایەت

دەنگ شەپۆلی میکانیکییە لە جۆری درێژڕەو و لە ئەنجامی لەرینەوەی تەنەکانەوە پەیدا دەبێت، بە شێوەی ناوچەی پەستاوتن و شاشبوون و بە ناوەندی مادیدا دەگوێزرێتەوە. سیفەتە بنەڕەتییەکانی دەنگ سیانن، کە لێرەدا ئاماژە تەنها بەوەیان دەدەین کە پەیوەندی بە بابەتەکەوە هەیە ئەویش بریتییە لە (بەرزی دەنگ).




بەرزی دەنگ ئەو سیفەتەی دەنگە کە بەهۆیەوە گوێ دەنگی بەرز لە دەنگە نزمەکان جیادەکاتەوەو بە تەواوی بەندە لە سەر لەرەلەری دەنگ و توندی دەنگەکە، مەبەست لە توندی دەنگ تێکرای کاتی ئەو دەنگە وزەیە کە بە ستوونی دەکەوێتە سەر یەکەی ڕووبەری بەرەی شەپۆلە دەنگیەکە، زۆرترین توندی دەنگ کە گوێی مرۆڤ هەستی پێبکات (١ وات \ م٢) وە کەمترین توندی دەنگ بۆ گوێی مرۆڤ بریتیە لە (١٠ – ١٢ وات \ م٢)، بەڵام لەرەلەری دەنگ ژمارەی ئەو شەپۆلە دەنگیانەیە کە لە ماوەی یەك چرکەدا لە سەرچاوەیەکەوە دەردەچن، گوێی مرۆڤ تەنها ئەو شەپۆلە دەنگیانە دەبیستێت کە لەرەلەریان لە نێوان (٢٠ — ٢٠٠٠٠) هێرتزدایە. وە پەیوەندی نێوان بەرزی دەنگ و توندی دەنگ لۆگاریتمییەو بەو پەیوەندییەش دەوترێت ڕادەی توندی دەنگ و گوێی مرۆڤ لە نێوان ئەم دوو ڕادەیەی توندی دەنگدا دەبیستێت (٠ - ١٢٠) دیسیبڵ، بەڵام لە بیرمان نەچێت هەر دەنگێك ڕادەی توندیەکەی لە (٧٠) دیسیبڵ زیاتر بێت ئەوە بێزارکار دەبێت و ژینگە پیس دەکات بە ژاوەژاو.

لە چەندین ئایەتی پیرۆزی قورئاندا وشەی (الصيحة) هاتووە کە باس لە لەناوچوونی نەتەوە پێشینەکان دەکات، وەك نەتەوەکانی (مدين، ثمود و لوط)، ئەو نەتەوانە بەهۆی دەنگێکی زۆر گەورەوە لەناوچوون کە بە (الصيحة) دەناسرێت، وە بە زۆری کاتی لەناوچوونی ئەو نەتەوانە کاتی بەیانی بووە، ئینجا لێرەدا کۆمەڵێك پرسیار دێنە ئاراوە وەك: چۆن مرۆڤ بە دەنگی بەرز دەمرێت؟ وە بۆچی تەنها مردنی کەسەکانی گرتۆتەوەو بۆچی لەکاتی بەیانیاندا بووە؟؟ وە ئەو نەتەوانە لە کوێدا ژیاون و بۆچی لە ناوچوونەکان هەموو بە هەمان ڕێگا نەبوون؟

ئەو نەتەوانەی لە ڕێگای (صيحة)وە لە ناوچوون وەك (ثمود)و مەدیەن لە ناوچە شاخاویەکاندا ژیاون، خوای گەورە لە سورەی هود باس لەوە دەکات کە نەتەوەی (مەدیەن) کە نەوەی شوعەیبن لە ناوچەی شاخاویدا ژیاون. نەتەوەی مەدیەن کە عەرەب بوون و لە شاری (البدع) لە باکوری خۆرئاوای سعودیە ژیاون، شوێنی نیشتەجێبوونیان بە تـــەواوی دۆڵـــی (عفال) لە دووری (٢٢٥)کم خۆرئاوای شاری تەبوك و (٢٨)کم خۆرهەڵاتی کەنداوی عەقەبە وە (٤٠) کم باکوری دەریای سوور. مێژوونووسی گریك (ئیۆ سیبۆس) دەڵێت: مەدیەن کوڕی ئیبراهیم یەکەم کەس بووە لەو شوێنەدا ژیاوە بۆیە بەوەوە ناونراوە، و شوعەیب کە پەیامبەریان بووە کوڕی (میکیل کوڕی یەشجن) بووە وە دەڵێت نەنکی یان دایکی کچی (لوط) بووە، نەتەوەی مەدیەن خراپترین خەڵك بوون لە مامەڵەکردندا بە تایبەتی لە کڕین و فرۆشتندا خوای گەورە شوعەیبی بۆ ناردن تا ڕاستیان بکاتەوە بەڵام بێ سوود بوو، تا خوای گەورە سزای خۆی بۆ ناردن ﴿وَلَمَّا جَآءَ أَمْرُنَا
نَجَّيْنَا شُعَيْبًا وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ مَعَهُۥ بِرَحْمَةٍ مِّنَّا وَأَخَذَتِ ٱلَّذِينَ ظَلَمُوا۟
ٱلصَّيْحَةُ فَأَصْبَحُوا۟ فِى دِيَٰرِهِمْ جَٰثِمِينَ ﴿٩٤﴾ كَأَن لَّمْ يَغْنَوْا۟ فِيهَآ ۗ أَلَا بُعْدًا
لِّمَدْيَنَ كَمَا بَعِدَتْ ثَمُودُ ﴿٩٥﴾﴾ هود ﴿وَقَالَ ٱلْمَلَأُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ مِن
قَوْمِهِۦ لَئِنِ ٱتَّبَعْتُمْ شُعَيْبًا إِنَّكُمْ إِذًا لَّخَٰسِرُونَ ﴿٩٠﴾ فَأَخَذَتْهُمُ ٱلرَّجْفَةُ
فَأَصْبَحُوا۟ فِى دَارِهِمْ جَٰثِمِينَ ﴿٩١﴾ ٱلَّذِينَ كَذَّبُوا۟ شُعَيْبًا كَأَن لَّمْ يَغْنَوْا۟
فِيهَا ۚ ٱلَّذِينَ كَذَّبُوا۟ شُعَيْبًا كَانُوا۟ هُمُ ٱلْخَٰسِرِينَ ﴿٩٢﴾﴾ الأعراف.

ئەو (صیحة)یەی قورئان باسی دەکات دەنگێکی گەورەو توند بووە واتە توندی دەنگەکە زۆر زۆر بووەو نەبیستراویش بووە، نەك وەك ئەوەی هەندێك بۆی دەچن شەپۆلی دەنگی بیستراو بووە، ئەو دەنگانە لە سەرو بیستن یان لە خوار بیستنەوە بوون و لە ئەنجامی هەندێك ڕووداوی سروشتی وەك بوومەلەرزەو باوە دروستدەبێت، ئەو شەپۆلە دەنگیانە توندییان زیاد دەکات کاتێك لە نێو چیاکان دروستدەبن، بۆیە ئەوانەی لە ئەشکەوتەکاندا ژیاون هەستیان بە ترس و لەرزی زۆر کردووە کاتێك ئەو دەنگانەیان پێگەیشتووەو ئەندامەکانی لەشیان کەوتۆتە لەرزە بێ وەستان تا تەقیون و لە ناوچوون، ئیتر ئەوانە ئەو دەنگانەیان نەبیستووەو بەڵام مردوون لە ئەنجامی ئەو لەرزەی تووشیان بوە و بۆتە هۆی لەناوبردنی ئەندامە ناوەکیەکانی لەشیان، بۆیە قورئان ئەوەی بە (رجفة یان صعقة) ناوبردووە!

ئەگەر ئەو دەنگانە شەپۆلی دەنگی خواربیستن بن ئەوا لە ئەنجامی ئەو بوومەلەرزە ناوەکیيانەوە دروستبوون کە ناگەنە سەر ڕووی زەوی و تەنها شەپۆلە دەنگییە خوار بیستنیەکانی نەبێت، ئەو شەپۆلانەش ماوەی زۆر دوور دەڕۆن بێ ئەوەی لە وزەکانیان کەم بکات، و توانای بڕینی بەربەستەکانیان هەیە وە توندی و زرنگانەوەیان زیاد دەکات لە ناوچە شاخاوییەکانداو دەبنە شەپۆلی بکوژ ئەگەر بۆ ماوەیەکی زۆر بەردەوام بوو.

## ئێستا با بزانین چۆن دەنگ مرۆڤ دەکوژێت؟

ئەو نەتەوانەی لە ناوچوون بەهۆی دەنگی بەرزەوە (صیحة) وەك قورئان دەیگێڕێتەوە هەموو لە ناو ماڵەکانیان لە ناوچوون بە بێ ئەوەی خانووەکانیان هیچی بە سەر بێت! ﴿ فَأَصْبَحُوا فِي دِيَارِهِمْ جَاثِمِينَ ﴾ وە ئەو لەرزە گەورەیەی (رجفة) نەتەوەی مەدیەنی پێ لە ناوچوو وەك قورئان باسی دەکات بومەلەرزە نەبووە، بەڵکو لە ئەنجامی لەرینەوەی یان زرنگانەوەی ئەندامە ناوەکییەکانی لەشیانەوە بووە بەهۆی شەپۆلەدەنگیەکانی خواربیستنەوە، بەڵگەش بۆ ئەوە کارنەکردنی لە سەر خانووەکان بووە، و لەم سەردەمەشدا چەکی بکوژی وا دروستکراوە کە پشت بە شەپۆلە خوار دەنگییەکان دەبەستێت بە لەرەلەری (٧) هێرتز بە ئاستێکی توندی دەنگی دیاریکراوو لە ئەنجامی ئەو زرنگانەوەی لە ئەندامە ناوەکییەکانی ناو لەشی مرۆڤ دروستیدەکات دەبێتە هۆی مردنی ئەو کەسە. لێرەوە دەگەینە ئەوەی ئەو شەپۆلانەی خواردەنگ توانای بڕینی شاخ و دیوارەکانی هەیەو دەبێتە هۆی مردنی مرۆڤەکانیش بێ ئەوەی کاریگەری هەبێت لە سەر دەوروبەرەکەی و لە توانایدایە ماوەی زۆر دوور بڕوات بێ ئەوەی لە توندیەکەی کەم بکات و ئەوانەی لە ناوچەی شاخاویدا دەژین کاریگەری ئەو شەپۆلە دەنگیانەیان لە سەر زیاتر دەبێت، واتە زرنگاندنەوەو دەنگدانەوەی گەورەی نەبیستراوی ئەو شەپۆلە دەنگیانە.

بەڵام نەتەوەی (ثمود) یان (اصحاب الحجر، حجر دۆڵێکە دەکەوێتە نێوان مەدینە و شام و تائێستاش ئاسەواری کۆنی پێوە دیارە) وە پەیامبەرەکەیان (صالح) بووە (سەلامی خوای لەسەر) لە قورئانی پیرۆزدا بەم جۆرە باسیان کراوە:﴿ وَلَقَدْ كَذَّبَ أَصْحَابُ الْحِجْرِ الْمُرْسَلِينَ ﴿٨٠﴾ وَآتَيْنَاهُمْ آيَاتِنَا فَكَانُوا عَنْهَا مُعْرِضِينَ ﴿٨١﴾ وَكَانُوا يَنْحِتُونَ مِنَ الْجِبَالِ بُيُوتًا آمِنِينَ ﴿٨٢﴾ فَأَخَذَتْهُمُ الصَّيْحَةُ مُصْبِحِينَ ﴿٨٣﴾ ﴾ الحجر

نەتەوەی (ثمود) لە ناوچە شاخاوییەکاندا دەژیان و خانوو و ماڵیان تێدا دروست کردبوو بە حسابی خۆیان بیانپارێزێت لە کارەسات و دەردو بەڵا، نەیاندەزانی کە ناتوانن لە دەست پەروەردگاری بوونەوەر دەربازبن ئەگەر بیەوێت، ئەوەبوو بە (صیحة)یەکی گەورە گرتنی و لەرزاندنی و لەناوی بردن هەر لە ناو ئەشکەوتەکانیاندا، و ئەوەی بە سەر (ثمود)دا هات بە سەر مەدیەنیش کە نەتەوەی شوعەیب بوون هات:﴿ وَأَمَّا ثَمُودُ فَهَدَيْنَاهُمْ فَاسْتَحَبُّوا الْعَمَى عَلَى الْهُدَى فَأَخَذَتْهُمْ صَاعِقَةُ الْعَذَابِ الْهُونِ بِمَا كَانُوا يَكْسِبُونَ ﴿١٧﴾ ﴾ فصلت،﴿ وَإِلَى ثَمُودَ أَخَاهُمْ صَالِحًا قَالَ يَا قَوْمِ اعْبُدُوا اللَّهَ مَا لَكُمْ مِنْ إِلَٰهٍ غَيْرُهُ ۖ قَدْ جَاءَتْكُمْ بَيِّنَةٌ مِنْ رَبِّكُمْ ۖ هَٰذِهِ نَاقَةُ اللَّهِ لَكُمْ آيَةً ۖ فَذَرُوهَا تَأْكُلْ فِي أَرْضِ اللَّهِ ۖ وَلَا تَمَسُّوهَا بِسُوءٍ فَيَأْخُذَكُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴿٧٣﴾ وَاذْكُرُوا إِذْ جَعَلَكُمْ خُلَفَاءَ مِنْ بَعْدِ عَادٍ وَبَوَّأَكُمْ فِي الْأَرْضِ تَتَّخِذُونَ مِنْ سُهُولِهَا قُصُورًا وَتَنْحِتُونَ الْجِبَالَ بُيُوتًا ۖ فَاذْكُرُوا آلَاءَ اللَّهِ وَلَا تَعْثَوْا فِي الْأَرْضِ مُفْسِدِينَ ﴿٧٤﴾ قَالَ الْمَلَأُ الَّذِينَ اسْتَكْبَرُوا مِنْ قَوْمِهِ لِلَّذِينَ اسْتُضْعِفُوا لِمَنْ آمَنَ مِنْهُمْ أَتَعْلَمُونَ أَنَّ صَالِحًا مُرْسَلٌ مِنْ رَبِّهِ ۚ قَالُوا إِنَّا بِمَا أُرْسِلَ بِهِ مُؤْمِنُونَ ﴿٧٥﴾ قَالَ الَّذِينَ اسْتَكْبَرُوا إِنَّا بِالَّذِي آمَنْتُمْ بِهِ كَافِرُونَ ﴿٧٦﴾ فَعَقَرُوا النَّاقَةَ وَعَتَوْا عَنْ أَمْرِ رَبِّهِمْ وَقَالُوا يَا صَالِحُ ائْتِنَا بِمَا تَعِدُنَا إِنْ كُنْتَ مِنَ الْمُرْسَلِينَ ﴿٧٧﴾ فَأَخَذَتْهُمُ الرَّجْفَةُ فَأَصْبَحُوا فِي دَارِهِمْ جَاثِمِينَ ﴿٧٨﴾ ﴾ الأعراف.

لە ڕاڤەی (البغوي) بۆ سورەتی الاعراف لە چیرۆکی (ثمود) دا هاتووە ئەو سزایەی خوای گەورە دایبەزاند بۆ نەتەوەی صالح بەهۆی ئەوەی حوشترەکەیان کوشت ئەوە بوو لە ڕۆژی یەکەمدا دەموچاویان زەرد هەڵگەڕا وەك ئەوەی بە (زەعفەران) داپۆشرابێت و لە ڕۆژی دووەمدا دەموچاویان سور هەڵگەڕا وەك ئەوەی لە خوێن هەڵکێشراو بێت و خۆیان زۆر لە خۆیان بێزار بوون و دەگریان، و دەیانزانی ئەوە نیشانەی سزای خواییە تا ئێوارە هات و هاواریان دەکرد وا دوو ڕۆژ تێپەڕی و لە ڕۆژی سێیەمدا دەموچاویان ڕەش دەگەڕا وەك ئەوەی بە قیر سواخ درابێت، وە خۆیان دەکێشا بە زەویدا و چاویان دەگێڕن بەرەو ئاسمان و زەوی و نازانن سزایان لە کوێوە بۆ دێت تا بەیانی ڕۆژی چوارەم، لەو بەیانیەدا دەنگێکی گەورەی وەك دەنگی هەورەگرمەیان لێدەدات و دڵیان دەپچڕێنێت لە نێو سنگیاندا، خوای گەورە باسی ئەو حاڵەیان دەکات و دەفەرموێت: فَأَخَذَتْهُمُ الرَّجْفَةُ فَأَصْبَحُوا فِي دَارِهِمْ جَاثِمِينَ (الاعراف: ٧٨).

وەك پێشتریش ئاماژەی پێدراو بە پێی ئەو ئایەتانە،

نەتەوەی (ثمود) و نەتەوەی مەدیەنیش هەردووکیان بە دەنگێکی زۆر بەرز (صیحة) لەناوچوون و لە کاتی بەیانیدا بوو، پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی لەناوچوونیان لە بەیانی زوودا بووە؟ و ڕاڤەی زانستی بۆ ئەوە چییە؟؟

کاتێك بۆ ماوەی زۆر مرۆڤ دەکەوێتە ژێر کاریگەری ئەو شەپۆلە دەنگیانەی کە لەرەلەریان لە خواربیستنەوەیەو واتە گوێی مرۆڤ نایانبیستێت و هەستیان پێناکات وە کاریگەرییان لەسەر لەش دەبێت، دەبێتە هۆی بارێك لە تەنگهەڵچنی و فشارو بیتاقەتی کە دەبێتە هۆی دەردانی هۆرمۆنی کۆرتیزۆل ئەوەش لە ڕووی پزیشکیەوە شتێکی زانراوە، خۆ ئەگەر مرۆڤ لەکاتی نوستندا بێت و بەر ئەو شەپۆلە خواربیستنانە بکەوێت ئەوا دەبێتە هۆی لەراندنەوەی هەندێك لە ئەندامە ناوەکییەکانی لەشی مرۆڤ وەك گەدەو دڵ، هاوڕێ لەگەڵ هاندانێکی زیاتری لەش بۆ دەردانی هۆرمۆنی کۆرتیزۆل.

هۆرمۆنی کۆرتیزۆل هۆرمۆنێکە لە لایەن گلاندەکانی دەوروبەری گورچیلەوە گلاندی (ئەدرینال) دەردەدرێن و ڕۆڵی گرنگ و سەرەکیان هەیە لە ئامادەکردنی لەشی مرۆڤ بۆ وەستانەوەی بەرامبەر فشارە دەرەکییەکان، ئەو هۆرمۆنە دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی پەستانی خوێن (هۆرمۆنی پەستانیشی پێدەڵێن)، و ڕێژەی شەکر لە خوێندا زیاد دەکات تا وزەیەکی وا بدرێت بە لەش و ئامادە بێت بۆ بەرگری لە خۆکردن بەرامبەر ئەو فشارە دەرەکییانە، خۆ ئەگەر ماوەیەکی زۆر ئەو فشارە لە سەر لەش بەردەوام بوو ئەوا بڕی دەردانی هۆرمۆنی ناوبراو زیاد دەکات و بەوەش سیستمی بەرگری لەش لاواز دەبێت، و بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن و باری جەڵتەی دەماخ و لاوازبوونی کاری کوێرەگلاندەکان و هەموو ئەو بارانەش زیانی گەورە دەگەیەنن بە جەستەی مرۆڤ و بەرەو مردنی دەبەن. بەڵام ئێستا با بزانین بۆچی کاریگەری ئەو شەپۆلانەی خوار بیستن لە کاتی بەیانیاندا زیاترە؟ چونکە لەو کاتانەدا دەردانی هۆرمۆنی کۆرتیزۆل لەوپەڕی زۆریدایەو وە ئەگەر لەش هاندرا لەو کاتانەدا هۆرمۆنەکە دەربدات ئەوا دەبێتە هۆی وێرانکردنی لەش، چونکە لەو کاتانە کە مرۆڤ نووستووە بەهۆی ئەو شەپۆلانەوە لەشی هاندەدرێت بڕی زۆر لەو هۆرمۆنە دەربدات و مرۆڤ ئەو بڕە زۆرەی هۆرمۆنەکە بەکارناهێنێت چونکە نووستوە بۆیە ئیتر ئەو هۆرمۆنە دەبێتە هۆی وێرانکاری لە ناو لەشی مرۆڤداو بە مردن کۆتایی دێت، بۆیە هەردوو نەتەوەی مەدیەن و (ثمود) لە کاتی بەیانیاندا لەناوچوون (مصبحين).

ئێستا تاقیکردنەوەو تۆژینەوەی نهێنی زۆر هەیە لە لایەن ناوەندە سەربازیەکانەوە تا بزانن کاریگەری ئەو چەکە دەنگیانە چەندە لە سەر مرۆڤ و ماوەی پێویست چەندە بۆ مانەوەی مرۆڤ لە ژێر کاریگەری ئەو شەپۆلە دەنگیانە تا وەك سزا یان کوشتن بەکاری بێنن لە سەر مرۆڤ، و لە بابەتێکدا کە لەسەر ئەو شەپۆلانە نوسراوە دەڵێت ڕەنگی ئەو کەسەی بەر ئەو شەپۆلانە دەکەوێت سەوز دەبێت وەك ڕووەك.




چەکی ( دەنگی ) کۆمپانیای ئەمریکان تەکنۆلۆژی بڵاوی کردۆتەوە لە ساڵی ٢٠٠٢

سەبارەت بە نەتەوەی (لوط) خوای گەورە بەم جۆرە باسی لەناوبردنیان دەکات﴿ وَجَآءَ أَهۡلُ ٱلۡمَدِينَةِ يَسۡتَبۡشِرُونَ ٦٧ قَالَ إِنَّ هَٰٓؤُلَآءِ ضَيۡفِي فَلَا تَفۡضَحُونِ ٦٨ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَلَا تُخۡزُونِ ٦٩ قَالُوٓاْ أَوَلَمۡ نَنۡهَكَ عَنِ ٱلۡعَٰلَمِينَ ٧٠ قَالَ هَٰٓؤُلَآءِ بَنَاتِيٓ إِن كُنتُمۡ فَٰعِلِينَ ٧١ لَعَمۡرُكَ إِنَّهُمۡ لَفِي سَكۡرَتِهِمۡ يَعۡمَهُونَ ٧٢ فَأَخَذَتۡهُمُ ٱلصَّيۡحَةُ مُشۡرِقِينَ ٧٣ فَجَعَلۡنَا عَٰلِيَهَا سَافِلَهَا وَأَمۡطَرۡنَا عَلَيۡهِمۡ حِجَارَةٗ مِّن سِجِّيلٍ ٧٤ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَٰتٖ لِّلۡمُتَوَسِّمِينَ ٧٥ وَإِنَّهَا لَبِسَبِيلٖ مُّقِيمٍ ٧٦ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَةٗ لِّلۡمُؤۡمِنِينَ ٧٧ ﴾ الحجر.

ئەو ئایەتە پیرۆزانە ئاماژە بەوە دەدەن کە چۆن نەتەوەی (لوط) لەناوچوون بەهۆی (صیحة)یەکی گەورە هاوڕێ لەگەڵ بومەلەرزەو گڕکانێکی گەورە، باس لەوە دەکات چۆن دەمە بورکانیە گڕاویەکان لە ناوسکی زەویەوە دەردەچوون و دەچوون بەرەو ئاسمان و ئینجا وەك باران دادەباری بە سەریاندا لە ناوچەکەی خۆیان کە بە (سەدیم) دەناسراو دەکەوێتە ئۆردونەوە، ئایەتەکانی پێشوو ئاماژە بەوە دەدەن کە (صیحة)کە لە کاتی بەیانیدا هاتووە بۆیان (مشرقين) بۆیە لێرەدا بۆمان هەیە بپرسین ئاخۆ لەناوچوونیان یەکەم جار بەهۆی دەنگەبەرزو لەرەوە بووەو ئینجا بەهۆی بومەلەرزەو بورکانەوە بووە؟ چونکە خوای گەورە ویستویەتی هیچ شوێنەوارێکیان نەهێڵێت. شوێنەوارزانی ئەڵمانی (ۆرنەر کیلەرWerner Keller) جەخت لەوە دەکاتەوەو دەڵێت: دۆڵی سەدیم ڕۆچوونێکی زۆر گەورەی بە خۆوە دی لە یەك ڕۆژدا، ئەوە بەهۆی بوومەلەرزەیەکی زۆر گەورەوە بوو هاوڕێ لەگەڵ چەند تەقینەوەو ڕووناکیەکی بەهێزو لە ئەنجامدا گازی سروشتی و ئاگرێکی گەورەی لێبووەوە لەگەڵ هێزێکی گڕکانی گەورە کە ماوەیەکی زۆر بوو لەو قوڵاییانەدا مابووەوە بە درێژایی درزی ئەو دۆڵە. سەبارەت بە فەرموودەی خوا ﴿ وَأَمۡطَرۡنَا عَلَيۡهَا حِجَارَةٗ مِّن سِجِّيلٖ مَّنضُودٖ ٨٢ ﴾ هود لەوانەیە مەبەستی تەقینەوەی گڕکانی بێت لە هەردوولای دەریاچەی (لوط) و لەوەوە ئەو بەردانە داباریون، لەوبارەوە (ۆرنەر) لە کتێبەکەیدا دەڵێت ئەو هێزە گڕکانیە بەهێزانە لەو قوڵاییانەوە دەرچوون کە ماوەیەکی زۆر دوورو درێژ خامۆش بوون بە درێژایی ئەو دۆڵە، و تا ئێستاش دەمەبورکانی خامۆش بوو لە کەنارەکانی خۆرئاوای ئەو دۆڵەدا هەن.

http://blog.wired.com/defense/2008/04/wheres-my-acous.html
http://quran-m.com/articleprint.php?id=1221

# ئیعجازی نەوجەوانان و منالآن

ن: عبدالدائم الكحيل
و: نەرمین عومەر



## چنراوێك لە مەجەڕەکان

لـەم دواییانــەدا دەرکەوتووە، کـە گەردوون لــە چنراوێك لە مەجەڕەکان پێکهاتووە، کە لە سەر تاڵی جوان و ڕێکوپێك دانراون... خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَٱلسَّمَآءِ ذَاتِ ٱلْحُبُكِ ﴿٧﴾ ﴾ الذاريات. قورئانی پیرۆز لەم ئایەتەدا باسی چنراوی گەردوونیمان بۆدەکات (الْحُبُك)، زانایان لە سـەدەی بیسـتویەکدا هەڵسـان بــە گەورەترین کردەی کۆمپیوتەری بەمەبەستی کێشانی وێنەیەکی بچوککراوەی گەردوون، ئەوەی سـەرنجڕاکێش و چاوەڕواننەکراو بوو، ئەوەبوو کە شێوەی گەردوون وەك شێوەی چنراوی جاڵجاڵۆکە وایە! بێگەردیی بۆ ئەو خوایەی ئەم چنراوەی بەدیهێناوە.




## گەشەی گەردوون

زانایان پاش لێکۆڵینەوەی دورودرێژ ئەوە دووپاتدەکەنەوە، کـە ئـەم گەردوونـە تۆپەڵ یـان پارچەیـەك بـووە و دواتر تەقیوەتـەوە و پارچەکانـی لەیەکتـر دوورکەوتوونەتـەوە، مەجەڕە و ئەسـتێرە و هەسـارەکانیان پێکهێناوە، ئەم ڕاستییە زانستییە قورئان بەشێوەیەکی ڕوون باسی کردووە، کاتێك باسی چنراویـی (یەکپارچەیـی) و لەیەکجیابوونـەوە دەکات، خوای گـەورە دەفەرموێـت: ﴿ أَوَلَمْ يَرَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ أَنَّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ كَانَتَا رَتْقًا فَفَتَقْنَٰهُمَا ﴿٣٠﴾ ﴾ الأنبيـاء. (ئایا ئەوانەی بێباوەڕ بوون نەیانزانیوە و بۆیان ڕوون نەبووەتەوە، کە بەڕاسـتی ئاسمان و زەوی یـەك پارچەبوون و لەوەدوا لێکمـان جیاکردوونەتەوە). سـەیر ئەوەیە زانایان ئەوەیان دۆزییەوە، کە شـێوەی گەردوون لە چنراوێك دەچێت، ئەمەش لەگەڵ وشـەی (رَتْقًا) دا گونجاوە، سبحان الله!

## شوێنی ئەستێرەکان

زانایان دەڵێن، ئێمە ئەم مەجەڕەیەی خۆمان بەشـێوەی ملیۆنان سـاڵ لەمەوپێشـی دەبینین، واتە ئەو کاتە چۆن بووە ئێسـتاش وا دەیبینیـن، بەڵام ناتوانین پەی بە شـوێن و جێگەی ڕاسـتەقینەی ببەیـن، چونکە تیشـکی دەرچوو لـەم مەجەڕەیەوە ملیۆنان سـاڵی پێدەچێت تا دەگاتە ئێمە. واتە شـوێنی ڕاسـتەقینەی ئەسـتێرەکان تەنها خوای گەورە دەیزانێت، بۆیە خوای گەورە سوێندی پێخواردووەو دەفەرموێـت: ﴿ فَلَآ أُقْسِمُ بِمَوَٰقِعِ ٱلنُّجُومِ ﴿٧٥﴾ ﴾ الواقعـة. ئایـا کـێ ئەم ڕاستییە گەردوونییەی بە پێغەمبەر (ﷺ) گەیاندووە؟



# ڕۆڵی ئایەتە پیرۆزەکانی قورئان و وتە بەنرخەکانی پەیامبەر لە پەروەردەی دروستی مرۆڤدا (٣)

د. سەعید شێخ لەتیف
مامۆستای کۆلێجی پزیشکیی ددان/ زانکۆی سلێمانی

خوای گەورە لە شەش ئایەتیی دوابەدوای یەکی سورەتی ڕومدا (٢٠-٢١-٢٢-٢٣-٢٤-٢٥) گەورەیی خۆی باس دەکات، کە لە خۆڵ دروستی کردوین و ئەبینەوە بەو خۆڵە، تاکو گومرا نەبین، گوێڕایەڵبین و ژیربین و بیر لە دروستبوونی خۆمان و ئاسمان و زەوی بکەینەوە:

وَمِنْ ءَايَٰتِهِۦٓ أَنْ خَلَقَكُم مِّن تُرَابٍ ثُمَّ إِذَآ أَنتُم بَشَرٌ تَنتَشِرُونَ ﴿٢٠﴾ الروم

بەڵگەی دروستکردنتان لە خۆڵ

لە بەڵگەکانی خوای پەروەردگار: در وستیکردووی لە خۆڵ، بە کردار
لەسەر ئەم خاکە ئەژی، گیانداری ئەتۆ دەستکردی پەروەردگاری
بەسەر زەویدا، بڵاو بوونەوە ستەمە، یەزدان لەبیرچوونەوە

وَمِنْ ءَايَٰتِهِۦٓ أَن تَقُومَ ٱلسَّمَآءُ وَٱلْأَرْضُ بِأَمْرِهِۦ ۚ ثُمَّ إِذَا دَعَاكُمْ دَعْوَةً مِّنَ ٱلْأَرْضِ إِذَآ أَنتُمْ تَخْرُجُونَ ﴿٢٥﴾ الروم

بەڵگەی ڕاوستانی ئاسمان و زەوی بە فرمان خوا و بە یەک بانگەواز لە زەوی دێنە دەرەوە

بەڵگەی درووستی، زەو یی و ئاسمانی بە فرمانی خوا، جوان ڕاوەستانی
هەر بانگێشەی کرد، بە یەك بانگێشە مرۆ لە زەوی، سەری دەرکێشا

وَمِنْ ءَايَٰتِهِۦٓ أَنْ خَلَقَ لَكُم مِّنْ أَنفُسِكُمْ أَزْوَٰجًا لِّتَسْكُنُوٓا۟ إِلَيْهَا وَجَعَلَ بَيْنَكُم مَّوَدَّةً وَرَحْمَةً ۚ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَٰتٍ لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ ﴿٢١﴾ الروم

بەڵگەی پێکهێنانی هاوسەرگیریتان لە خودی خۆتان

بەڵگەیەکی دی، لە خودی خۆتان هاوسەرگیرییە و بە ئارامبوونتان
نێوانتان خۆشیی و میهرەبانیی بێ بۆ هۆشداریی گەل، بەڵگەی هانی بێ

وَمِنْ ءَايَٰتِهِۦ خَلْقُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَٱخْتِلَٰفُ أَلْسِنَتِكُمْ وَأَلْوَٰنِكُمْ ۚ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَٰتٍ لِّلْعَٰلِمِينَ ﴿٢٢﴾ الروم

بەڵگەی دروستکردنی ئاسمان و زەوی و جیاوازیی لە زمان و ڕەنگی مرۆدا

بەڵگەی پێکهێنان: زەوی و ئاسمانی جیاوازی: زمان، ڕەنگی کەسانی
بەڵگەنامە یە بۆ زانایانی بۆ: مرۆی هۆشیار ئیماندارانی

وَمِنْ ءَايَٰتِهِۦ مَنَامُكُم بِٱلَّيْلِ وَٱلنَّهَارِ وَٱبْتِغَآؤُكُم مِّن فَضْلِهِۦٓ ۚ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَٰتٍ لِّقَوْمٍ يَسْمَعُونَ ﴿٢٣﴾ الروم

بەڵگەی نوستنتان بە شەو و بە ڕۆژ

بەڵگەی خەوتنتان بە شەو و بە ڕۆژ کەڵك دەبەخشێ، دەروونی بەسۆز
بەڵگەیە بۆ گەل، کە گوێڕایەڵبێ نەك بۆ مرۆڤێ، نەبیستێ و کەڕبێ

وَمِنْ ءَايَٰتِهِۦ يُرِيكُمُ ٱلْبَرْقَ خَوْفًا وَطَمَعًا وَيُنَزِّلُ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءً فَيُحْىِۦ بِهِ ٱلْأَرْضَ بَعْدَ مَوْتِهَآ ۚ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَٰتٍ لِّقَوْمٍ يَعْقِلُونَ ﴿٢٤﴾ الروم

بەڵگەی پێنیشاندانی هەورەتریشقە و ناردنی باران بۆ زیندوبوونەوەی زەوی

بەڵگەی نیشاندان: هەورە تریشقە چەخماخە و گرمەی، ترسان لەو تیشکە
باران لە ئاسمان، ئاو دێتەخوارێ بۆ زەوی مردوو، ڕەحمەت ئەبارێ
بارینی باران، لە ئاسمانەوە زەوی وشك تەربوو، پێی بوژانەوە
بەڵگەنامەیە: بۆ گەلێ ژیربێ بۆ کەسی هۆشیار، خودای لەبیر بێ
بەهای مەزنە، لای ئەو کەسانە بۆ دانا و هۆشیار، زیڕ و سامانە

# نهێنییەکانی تەمەنی چل ساڵیی

ن: عبد الدائم الكحيل
وەرگێڕان: بەرزان ئەبوبەکر

دۆزینەوە نوێیە زانستییەکان جەختدەکەنەوە کە مۆخی مرۆڤ تا ئەو کاتەی تەمەنی دەگاتە کۆتایی چل ساڵی گەشەی تەواو ناکات، ئەم تەمەنەش قورئانی پیرۆز چوارده سەدە لەمەوبەر دیاریکردووە، بفەرموون بۆ خوێندنەوەی:

ئاشکرایە کە سرووش لە تەمەنی چل ساڵیدا بۆ سەر دڵی پێغەمبەری ئازیزمان محمد (ﷺ) هاتۆتە خوارەوە، بێگومان حیکمەتێك لەم تەمەنەدا هەیە، ڕەنگە هەندێك لە لایەنەکانی حیکمەتەکەمان بۆ دەربکەوێت، لەوەی کە گەشەی مرۆڤ و کامڵبوونی ژیری مرۆڤ ڕوونادات تەنها لە کۆتایی چلەکانی تەمەنی مرۆڤدا نەبێت.

خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت:

﴿وَوَصَّيْنَا ٱلْإِنسَـٰنَ بِوَٰلِدَيْهِ إِحْسَـٰنًا ۖ حَمَلَتْهُ أُمُّهُۥ كُرْهًا وَوَضَعَتْهُ
كُرْهًا ۖ وَحَمْلُهُۥ وَفِصَـٰلُهُۥ ثَلَـٰثُونَ شَهْرًا ۚ حَتَّىٰٓ إِذَا بَلَغَ أَشُدَّهُۥ وَبَلَغَ أَرْبَعِينَ
سَنَةً قَالَ رَبِّ أَوْزِعْنِىٓ أَنْ أَشْكُرَ نِعْمَتَكَ ٱلَّتِىٓ أَنْعَمْتَ عَلَىَّ وَعَلَىٰ وَٰلِدَىَّ
وَأَنْ أَعْمَلَ صَـٰلِحًا تَرْضَىٰهُ وَأَصْلِحْ لِى فِى ذُرِّيَّتِىٓ ۖ إِنِّى تُبْتُ إِلَيْكَ وَإِنِّى
مِنَ ٱلْمُسْلِمِينَ ﴿١٥﴾﴾ الأحقاف: ١٥

واتە: ((ئێمە فەرمانمان بە ئادەمیزاد داوەکە چاکەکارو چاك ڕەفتار بێت لەگەڵ دایك و باوکیدا، دایکی بە ئازارەوە هەڵی گرتووە بەدەم ئێش و ئازارەوەبوویەتی، سکپربوون و لەشیر بڕینەوەی سی دانە مانگی خایاندوون .. هەتا کاتێك ئینسان دەگاتە حاڵەتی توندوتۆڵی و توانایی و تەمەنی چڵ ساڵی (ئەوسا ئیتر حەق وایە ئەم دۆعایە بکاتەیەکێك لەوێردەکانی سەر زاری و) بڵێت : پەروەردگار !! کۆمەکیم بکەو یارمەتیم بدە تا شوکرانەبژێر و سوپاسگوزاری ئەو نازو نیعمەتانە بم کەبەمن و دایك و باوکمت بەخشیوە، هەروەها یارمەتیم بدەلەو جۆرە کاروکردەوەچاکانەئەنجام بدەم،کەتۆ پێی ڕازیت، داواکاریشم چاکەبڕوێنیت لەناو نەوەکانمدا لەبەر قازانجی خۆم (چاکەی هەرکەس بەشی دایك و باوکی تیادایە) بەڕاستی من گەڕاومەتەوە بۆلای تۆ، تا لەگوناهەکانم خۆش ببیت و من لەموسڵمانانی گوێڕایەڵ و فەرمانبەردارم

ئەم ئایەتە پیرۆزە تەمەنی چل ساڵی بۆ کامڵبوونی جەستەیی و ژیری، یان بۆ بەهێزی، یان ترۆپکی مرۆڤ دیاریکردووە.

بە هەر حاڵ ئێمە لە بەردەم ڕاستییەکی قورئانیداین، لێرەدا پرسیارەکەمان ئەوەیە: ئایا ڕاستییەکی زانستی جەخت لە ڕاستیی ئەم فەرمایشتەی خوای گەورە دەکاتەوە؟

بێگومان ئەم ڕاستییە لە ئێستادا ڕاستیو دروستی سەلمێنراوەو بەڵگەیەکە بۆ ئەو کەسانەی بە گومانەوە دەڕوانن بۆ قورئانی پیرۆز، هەروەها هۆکارێکە بۆ زیادبوونی باوەڕی باوەڕداران و یەقین بە خودای گەورە.

ئەم بابەتە لێکۆڵینەوەیەکی دووروودرێژم لەسەرکرد، بەڵام بێسوود بوو، تێکڕای زانایان دەڵێن: گەشەی تەواوەتی مۆخی مرۆڤ لە نزیکی تەمەنی بیست ساڵیدا دەبێت، بۆ ئەمەش ئەزموونەکانی خۆیان کردووەتە بەڵگە، بەڵام توێژینەوەیەکی زۆر نوێ هەیە جەختدەکاتەوە کە گەشەی مۆخ تا کۆتایی تەمەنی چل ساڵی مرۆڤ بەردەوام دەبێت، ئەمەش بە تەواوی لەگەڵ قورئانی پیرۆزدا هاوڕێکە.

ڕۆژنامەی تەلەگراف بابەتێکی بە ناونیشانی(Brain only fully ‹matures› in middle age)بڵاوکردەوە، واتە: گەشەی مۆخ تا نیوەی تەمەنی مرۆڤ بەردەوام دەبێت، هەروەها لە وتارەکەدا هاتووە:

**You might think that you become fully matur when you turn 21 but new research suggests that your brain does not stop developing until your late 40s**

لەوانەیە وا گومان ببەیت، کە لە تەمەنی بیستو یەك ساڵیدا بە شێوەیەکی تەواو پێگەیشتوویت، بەڵام ئەم لێکۆڵینەوە نوێیە ئاشکرای دەکات کە مۆخی مرۆڤ تا کۆتایی تەمەنی چل ساڵی لە گەشە ناوەستێت.



زانایان لەم دۆزینەوەیەدا ئامێری (ڕووماڵکردنی لەرەی موگناتیسیی ئەرکی)(Fmri) یان

بەکارهێناوە کە ئامێرێکی زۆرپێشکەوتووە، (Fmri) یان بەکارهێناوە کە ئامێرێکی زۆرپێشکەوتووە، بە شێوەیەکی چروپڕ چالاکیو گۆڕانکاری ناوچەکانی مۆخ دیاریدەکات، پێش هاتنی سەدەی بیستو یەك تەنانەت یەك زانیاریان دەربارەی ئەوە نەبووە، کە گەشەی مۆخی مرۆڤ تەواو نابێت تا تەمەنی مرۆڤ دەگاتە کۆتایی چلەکان.

ئەم لێکۆڵینەوە نوێیە جەختدەکاتەوە کە ئەو ناوچەیەی مۆخ گەشەی تێدا دەکات بریتییە لە ناوچەی پێشەسەر، یان ئەوەی زانایان پێی دەڵێن (prefrontal cortex) :سەرەووەو پێشەوەی مۆخ، ئەم ناوچەی گرنگە بۆ بڕیاردان گرنگە، کارلێککردنو تێکەڵاوی کۆمەڵایەتی گرنگی کەسایەتی وەکو پلاندانان، هەڵسوکەوت، تێگەیشتن لە کەسانی تر، هەروەها ئەو بەشەیە کە مرۆڤ لە دروستکراوەکانی دیکە جیادەکاتەوە.

پڕۆفیسۆر خاتوو (Sarah-Jayne Blakemore) دەڵێت: لە ماوەی کەمتر لە ١٠ ساڵدا ئێمە بڕوامان وابوو کە گەشەی مۆخ لە سەرەتای تەمەندا دەوەستێت، خاتوو سارە دەڵێت:

**Until about 10 years ago we pretty much assumed that the human brain stopped developing in early childhood..**

پاشان درێژە بە قسەکانی دەداتو دەڵێت: تاقیکردنەوەکانی (ڕووماڵکردنی لەرەی موگناتیسی ئەرکیی) لەسەر مرۆڤ دەریانخستووە، کە گەشەی مۆخ لە ماوەی سییەکانی تەمەنەوە تا کۆتایی چل ساڵی تەمەنی مرۆڤ بەردەوام دەبێت.

گرنگترین ناوچەو زۆرترین بەردەوامی لە گەشەدا بریتییە لە ناوچەی پێشەسەر، ئەمەش بەشێکە لە سەرەوەو پێشەوەی مێشك، بریتییە لەو ناوچەیەی مرۆڤ لە دروستکراوەکانی دیکە جیا دەکاتەوە.



وێنەیەك بە ئامێری Fmir بۆ مۆخ چالاکییەکان بە

ڕەنگی سوور دەردەکەون لە ناوچەی پێشە سەر، ئەم ناوچەیە لە بەشی سەرەوەی سەری مرۆڤدایە، ڕۆڵێکی گرنگو بەرزو دیاری هەیە کە بریتییە لە بەرپرسیارێتی کەسایەتی مرۆڤ.

لێرەدا ئەم ئایەتە پیرۆزەم بیر دێتەوە ، کە تیایدا خوای گەورە جەختدەکاتەوە لەسەر گرنگی پێشەسەر، خوای گەورە لەسەر زاری پێغەمبەر هود (سەلامی خوای لێبێت) دەفەرمووێت:

﴿ إِنِّي تَوَكَّلْتُ عَلَى اللَّهِ رَبِّي وَرَبِّكُمْ مَا مِنْ دَابَّةٍ إِلَّا هُوَ آخِذٌ بِنَاصِيَتِهَا إِنَّ رَبِّي عَلَى صِرَاطٍ مُسْتَقِيمٍ ﴿٥٦﴾ ﴾ هود: ٥٦

چونکە بەڕاستی من پشتم بەخوا بەستووە، کە پەروەردگاری من و پەروەردگاری ئێوەیشە، هیچ گیانلەبەرێك نییە جڵەوی بەدەست خوای گەورەوە نەبێت، بێگومان پەروەردگارم لەسەر بەرنامەو ڕێبازێکی ڕاست و دروستە.

هەروەها پێغەمبەر(ﷺ)لە نزاکانیدا دەفەرمووێت: (ناصيتی بيدك).

لێرەدا پرسیارمان بۆ هەموو دوودڵو بەگومانەکان ئەوەیە، کە چۆن پێغەمبەری ئازیز سەلامی خوای لێبێت، گرنگیی ناوچەی پێشەسەری زانی؟

خۆشەویستانم ئێستا جارێکی تر دەگەڕێینەوەو بیر دەکەینەوە لەم ئایەتە پیرۆزە:

﴿ حَتَّى إِذَا بَلَغَ أَشُدَّهُ وَبَلَغَ أَرْبَعِينَ سَنَةً قَالَ رَبِّ أَوْزِعْنِي أَنْ أَشْكُرَ نِعْمَتَكَ الَّتِي أَنْعَمْتَ عَلَيَّ ﴾ الأحقاف: ١٥

دەڵێین پاکو بێگەردی بۆ خودای گەورەو بە دەسەڵات، کێیە ئەو زاتەی پێغەمبەری ئازیز (ﷺ)، فێرکردووە؟ کێ ئەو تەمەنی بۆ دیاری کردووە؟

ئایا پێغەمبەری ئازیز سەلامی خوای لێبێت، گرنگی ئەم تەمەنی دەزانی؟ تا بۆ سەرەتای پێغەمبەرێتی ئەم تەمەنە دیاریبکات؟

یان خودای گەورە ئەم تەمەنەی بۆ هەڵبژاردووە؟ ئەو خوایەی ئاگادارە بە نهێنیو ئاشکرای هەموو شتێك؟

ئایا پێغەمبەری ئازیز (ﷺ)، دەیزانی کە مۆخی مرۆڤ تا تەمەنی ٤٠ ساڵی پێناگات؟ یان خودایەکی بە تواناو بە دەسەڵات فێری هەموو ئەم شتانەی کردووە؟

ئایا زانایانی ئەمڕۆی ڕۆژئاوا خۆیان دان بەوەدا نانێن کە ئەوان ئەم ڕاستییەیان نەدۆزیوەتەوەو ئاشکرایان نەکردووە تا کۆتایی ساڵی ٢٠١٠؟

ئەمە بەڵگەیەکە لەسەر ڕاستی ئەم پێغەمبەرە ئازیزە (ﷺ)کە کۆتا پێغەمبەرە، هەروەها بەڵگەیە لەسەر ڕاستی ئەم پەیامە!

# پشوویەك لەگەڵ هەیڤ












# القسم العربي


هه‌يڤ

مجلة علمية فصلية

يصدرها مركز كردستان
للإعجاز العلمي في القرآن والسنة
العدد: ٢٨- السنة: ١٤٣٤هـ - ٢٠١٣م



**صاحب الإمتياز:**
نشأة غفور سعيد
**رئيس التحرير:**
د. دارا گوڵ حامد
**الهيئة الإستشارية:**
فاروق رسول يحيى
جمال محمد أمين
د. دياري أحمد إسماعيل



للاتصال:
haiv2001@gmail.com
WWW.facebook.com/kurdhaiv




كلمة (الآية) في التعبير القرآني 38


التفسير الطبي لقوله تعالى:
﴿وَفي أَنفسِكُم أَفلا تُبصِرُون﴾
الذاريات: ٢١
39


التأريخ الجمالي للخط القرآني 43


كتاب العدد ٢٨ القسم الثالث 45


ندوتنا ٢٨ 47



**العنوان:**
السليمانية- شارع ماموستايان- عمارة
حاج محمد بينجويني- الطابق الثالث



تصميم: مجلة بريار
پشتیوان عبدالرحمن رەشید



# كلمة (الآية) في التعبير القرآني

نشأة غفور سعيد

ينفرد القرآن الكريم عن كل كتاب مؤلف في عالم البشرية بأسلوبه وطريقة عرضه للأحداث، وبيان نظريته إلى الكون والحياة والإنسان، في حياته السياسية والإجتماعية والإقتصادية والروحية والمادية.. وهذا ما يسمى عند البعض بالتعبير القرآني، وعند البعض الآخر بالسحر القرآني، وثالث يسميه بالسبك والبيان والبلاغة.. وكلها تتجمع في الإعجاز البياني في استخدام الكلمة والجملة والعبارة. فالآية التي تتجمع في سورة قصيرة، كسورة الإخلاص أو الكوثر، أو في سورة طويلة كالبقرة وآل عمران. والعنصر المتميز في تفرده يأتي في كل كلمة من كل قطعة، أو في كل سورة متجمعة في القرآن الكريم.. الذي أدركه الوليد بن المغيرة -في حسه اللغوي وشعوره في عظمة البيان القرآني- قائلا: ((والله إن لقوله لحلاوة، وإن أصله لعذق، وإن فرعه لجناة، وما أنتم بقائلين من هذا شيئاً إلا عرف أنه باطل، وأن أقرب القول فيه لأن تقولوا: (ساحر جاء بقول يفرق بين المرء وأبيه، وبين المرء وأخيه، وبين المرء وزوجه، وبين المرء وعشيرته)..

وكان التحدي في مكة منذ بداية عهد الوحي بقوله تعالى: قُل لَّئِنِ ٱجْتَمَعَتِ ٱلْإِنسُ وَٱلْجِنُّ عَلَىٰٓ أَن يَأْتُوا۟ بِمِثْلِ هَٰذَا ٱلْقُرْءَانِ لَا يَأْتُونَ بِمِثْلِهِۦ وَلَوْ كَانَ بَعْضُهُمْ لِبَعْضٍ ظَهِيرًا ﴿٨٨﴾ الإسراء. واستمر التحدي حتى نهاية العهد المدني، والتحدي قائم ومستمرإلى يوم القيامة.

فإذا أخذت كلمة (الآية) فإننا نجدها في عبارة متشابهة، في آيتين من سورتين، وعن نبي الله زكريا -عليه السلام- يقول الله -سبحانه وتعالى- قَالَ رَبِّ ٱجْعَل لِّىٓ ءَايَةً ۖ قَالَ ءَايَتُكَ أَلَّا تُكَلِّمَ ٱلنَّاسَ ثَلَٰثَةَ أَيَّامٍ إِلَّا رَمْزًا ۗ وَٱذْكُر رَّبَّكَ كَثِيرًا وَسَبِّحْ بِٱلْعَشِىِّ وَٱلْإِبْكَٰرِ ﴿٤١﴾

آل عمران

قَالَ رَبِّ ٱجْعَل لِّىٓ ءَايَةً ۚ قَالَ ءَايَتُكَ أَلَّا تُكَلِّمَ ٱلنَّاسَ ثَلَٰثَ لَيَالٍ سَوِيًّا ﴿١٠﴾ فَخَرَجَ عَلَىٰ قَوْمِهِۦ مِنَ ٱلْمِحْرَابِ فَأَوْحَىٰٓ إِلَيْهِمْ أَن سَبِّحُوا۟ بُكْرَةً وَعَشِيًّا ﴿١١﴾ مريم

فاذا أمعنا النظر في الآيتين، فإننا نجد التشابه التام في بداية الآيتين ( قَالَ رَبِّ ٱجْعَل لِّىٓ ءَايَةً ۚ قَالَ ءَايَتُكَ أَلَّا تُكَلِّمَ ٱلنَّاسَ ..).. ثم تشابه المعنى في وسط الآيتين (ثَلَٰثَةَ أَيَّامٍ إِلَّا رَمْزًا ۗ).. (ثَلَٰثَ لَيَالٍ سَوِيًّا).. ثم الختام المتشابه في المعنى كذلك، والتغيير في التركيب (وَسَبِّحْ بِٱلْعَشِىِّ وَٱلْإِبْكَٰرِ ) مع (سَبِّحُوا۟ بُكْرَةً وَعَشِيًّا).

وهذا جزء من عظمة الاعجاز البياني في التعبير القرآني، حيث لا يقدر كائن من كان، مهما أوتي من قوة بلاغية، أن يورد حادثة واحدة بأسلوبين وصيغتين ونمطين مختلفين في الكلمات، متشابهين ومتناسبين في المعنى الواحد. وَلِلَّهِ ٱلْمَثَلُ ٱلْأَعْلَىٰ ۚ ﴿٦٠﴾ النحل.

الإستنتاجات:

حكاية نبي الله زكريا -عليه السلام- في جزء مباشر من حياته في تأريخ أنبياء بني إسرائيل.

هبة الله لزكريا -عليه السلام- ذرية وهوكبير السن وزوجته عاقر، هو النبي يحيى -عليه السلام- صاحب الصفات المتميزة في حصوله على صفة النبوة..وَءَاتَيْنَٰهُ ٱلْحُكْمَ صَبِيًّا ﴿١٢﴾ مريم.

ومدحه والثناء عليه ومن صفاته..أَنَّ ٱللَّهَ يُبَشِّرُكَ بِيَحْيَىٰ مُصَدِّقًۢا بِكَلِمَةٍ مِّنَ ٱللَّهِ وَسَيِّدًا وَحَصُورًا ﴿٣٩﴾ آل عمران.

المنافسة الدينية في كفالة ورعاية السيدة البتول مريم -عليها السلام- وظهور قَالَتْ هُوَ مِنْ عِندِ ٱللَّهِ ۖ إِنَّ ٱللَّهَ يَرْزُقُ مَن يَشَآءُ بِغَيْرِ حِسَابٍ ﴿٣٧﴾ آل عمران. الآيات الواضحة في حياتها الخاصة وهي تعبد الله -سبحانه وتعالى- في المحراب، بحصول الرزق في غير ميعاده، وجوابها:

مسألة الإنقطاع عن الكلام -القدرة عن التحدث- وهل كان إختيارياً أم عجزاً عن الكلام؟ (ألا تكلم الناس) بقدرة الله -سبحانه- ومشيئته. فحبس لسانه إلا عن الذكر والتسبيح.

التأكيد على الذكر والإستغفار والمناجاة، وفي أوقات معينة (بكرة وعشياً).. تلك سنة ورثها المسلمون باللجوء إلى الله وحده في الدعاء والمناجاة .. إِيَّاكَ نَعْبُدُ وَإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ ﴿٥﴾ الفاتحة.

إخبار القرآن تأريخ تلك الحقبة من تأريخ بني إسرائيل، والذي كان خافياً عن العرب في وقت الرسالة، وهو جزء كبير من صدق القرآن وإعجازه.. في مثل قوله تعالى:

﴿ذَٰلِكَ مِنۡ أَنۢبَآءِ ٱلۡغَيۡبِ نُوحِيهِ إِلَيۡكَ﴾ (٤٤) آل عمران.
﴿تِلۡكَ مِنۡ أَنۢبَآءِ ٱلۡغَيۡبِ﴾ (٤٩) هود.
﴿ذَٰلِكَ مِنۡ أَنۢبَآءِ ٱلۡغَيۡبِ نُوحِيهِ إِلَيۡكَ﴾ (١٠٢) يوسف.
﴿كَذَٰلِكَ نَقُصُّ عَلَيۡكَ مِنۡ أَنۢبَآءِ مَا قَدۡ سَبَقَ﴾ (٩٩) طه.

كلمات من الآيتين في القرآن الكريم:

كريا: ورد اسم نبي الله زكريا -عليه السلام- في سبعة مواقع، هي: ثلاث مرات في الآيتين ٢٧ -٣٨ من سورة آل عمران، الأنعام ٨٥، مريم ١٠- ١١، الأنبياء ٤١، ﴿ذِكۡرُ رَحۡمَتِ رَبِّكَ عَبۡدَهُۥ زَكَرِيَّآ﴾ (٢) مريم.

يحيى: ورد اسم نبي الله يحيى -عليه السلام- في خمسة مواضع من القرآن الكريم، هن في سورة آل عمران ٣٩، الأنعام ٨٥، مريم ١٢، الأنبياء ٩٠.

من آيات التسبيح والإستغفار:

﴿وَتُسَبِّحُوهُ بُكۡرَةٗ وَأَصِيلًا﴾ (٩) الفتح.
﴿وَٱسۡتَغۡفِرۡ لِذَنۢبِكَ وَسَبِّحۡ بِحَمۡدِ رَبِّكَ بِٱلۡعَشِيِّ وَٱلۡإِبۡكَٰرِ﴾ (٥٥) غافر.
﴿وَسَبِّحُوهُ بُكۡرَةٗ وَأَصِيلًا﴾ (٤٢) الأحزاب.

التسبيح والإستغفار في السنة النبوية الشريفة:

جمع العلماء الأذكار وأحاديث الدعاء والتسبيحات في كتب خاصة مثل: (الأذكار) للإمام النووي، و(الدعاء المستجاب) للإستاذ أحمد عبدالجواد، و(المأثورات) للإمام حسن البنا، و(حصن المسلم)، وغيرها من كتب الحديث والسنة الشريفة.

نختار من كتاب (حياة الصحابة) لمحمد يوسف الكاندهلوي، أحاديثاً في الموضوع:

أخرج أحمد وأبو يعلى وإبن حبان في صحيحه، والبيهقي وغيرهم، عن أبي سعيد الخدري -رضي الله عنه- أن رسول الله (ﷺ) قال: (يقول الله -عزوجل- يوم القيامة سيعلم أهل الجمع من أهل الكرم) فقيل: من أهل الكرم يا رسول الله (ﷺ)؟ قال: (أهل مجالس الذكر). (ج٣ ص٣١٤).

أخرج إبن أبي الدنيا وأبو يعلى والبزاز والطبراني والحاكم في صحيحه، والبيهقي، عن جابر -رضي الله عنه- خرج علينا رسول الله (ﷺ) فقال: (يا أيها الناس.. إن لله سرايا من الملائكة تحل وتقف على مجالس الذكر في الأرض، فارتعوا في رياض الجنة). قالوا: وأين رياض الجنة؟ قال: (مجالس الذكر. فاغدوا أو روحوا في ذكر الله وذكروه أنفسكم. من كان يحب أن يعلم منزلته عند الله فلينظر كيف منزلة الله عنده، فإن الله ينزل العبد منه حيث أنزله من نفسه) ص317.

أخرج إبن ماجه بإسناد حسن -واللفظ له- والحاكم، وقال: صحيح الإسناد، عن أبي هريرة -رضي الله عنه- أن النبي (ﷺ) مرّ به وهو يغرس غرساً. فقال: (يا أبا هريرة. ماالذي تغرس؟) قلت: غرساً. قال: (ألا أدلك على غراس خير من هذا؟ سبحان الله والحمد لله ولاإله إلا الله والله أكبر. تغرس لك بكل واحدة شجرة في الجنة) كذا في الترغيب (ج٣- ص٤٨٤) (ج٣- ص٣٣٠-٣٣١).

والحمد لله رب العالمين



# التفسير الطبي لقوله تعالى:

## ﴿وَفي أَنفسِكُم أَفلا تُبصِرُون﴾

الذاريات: ٢١

الدكتور محمد جميل الحبال
استشاري الباطنية
الدمام- المملكة العربية السعودية

١ صفر ١٤٣٤هـ الموافق ١٤- ١٢- ٢٠١٢م

